ئارەزووی منەن، کول یاوان وە تۆ
یانەی ئەعیانەن، هەریەک نە جایێ
ئەوسا مەنمانان، بە وێنەی شایێ
دەستگا و عومارەت، تەلاری عالی
ساحێبی روتبە و، موشیر و والی
وەزیر و ئاسەف، موعتەمەد وەکیل
مەورووسیشانەن، هەریەک چەند دەلیل
نۆکەر ئیقتیدار ئەملاکاتی خاس
مەشهوور و مەعروف، تەمام شاه شوناس
موشکڵی نەبی نەکاران ئاسان
ساحیبی لەنگەر، یەکسەر کوردستان
حکوومەت دایم، بە مەیلی وێشان
مەعلووم مەکەردەن، جە مەرکەز پەیشان
هەژدە بلۆکی کوردستان تەمام
وە ئەوان، کارش، مەدریا ئەنجام

مەلجەئو پەنای فەقیر و دەروێش
یاری دەهەندەی، بێ نەواو دڵڕێش!
وەلی نیعمەتی، سەفحەی کوردستان
بەرپا کونندەی گرۆی بێ کەسان
چەنێ جە ئەشخاس، بێ نەواو نادان
نە دەرماڵشان، بین، وە خانەدان
هەرچی تەعریف کەم، ئەوسافاتشان
دەبدەبە و ڕەواج، ئەحکاماتشان
زیاتەر بییەن، هەریەک پەی وێشان
ئیسە رۆزگار، سەرد بییەن لێشان
ئەوان، هەم چەنێ ئێمە، جەلب کریان
وە هەر بەهانە، پەی مەرکەز بریان
شەش ساڵ جە مەرکەز، نیشتەن پەی وێشان
ئیجازەی مەحەل، نە دریا، پێشان!
جە دمای شەش ساڵ هەناسانی سەرد
ئاسەفی ئەعزەم، نەوجا، فەوتش کەرد
نەعشش بە وێنەی یەک نەفەر گەدا
بەردەن، وە مەحەل، بێ سەر و سەدا
ئیسە نە ئەو قەدر، نە ئەو قیمەتە
نە ئەو ئیحتیرام، سەفا و زینەتە!
حاڵ و ئەحواڵشان، ئەگەر بپەرسی
ئەوان، هەم وێنەی یەک نەفەر شەخسی
زیندەگی کەران، نە یانەی وێشان
جەو ئیقتیدارە، کول دەسشان کێشان!
رۆزگار دایم ئینە خدێشەن
یەکێ پادشا و یەکێ دەروێشەن!
دنیا ، هەر وێشەن، بەشەر فانییەن
کۆشش پەی دنیا ، پەشیمانییەن!



شەماڵ، فیدات بام، کافییەن زەحمەت
کێشات فراوان، ڕەنج و مەشەقەت
دنیا ، وە هیچ کەس وەفاش نەکەردەن
کەس جە بێ وەفا ، بەهرەش نەبەردەن!
چەند پادشاهان، جە بەشەر بێ باک
وە هەزار حەسرەت، سەر نیان وەخاک
کەیومەرس سەرتەوق پادشاهان بێ
سەر حەڵقەی زەنجیر ساحێو جاهان بێ
وە کۆ شیی جەمشید، ساحێو جامی جەم
وێش چەنی جامش، لووان، پەی عەدەم
کۆرشی کەبیر، داخوم، ئەو کۆ شیی!
سەر دوودەمانی، هەخامەنشیی!
هەریەک چەند حەسرەت، گرتەبین نە دڵ
یەک نە شۆنی یەک، داخڵ بین وە گڵ!
نەمروود و شەدداد، زوحاک و فیرعەون
ئیدیعاشان، چەنی، خوداوەند!
داخوم، جە کۆ بان، کەیانانی کەی؟
ئەو گورز و گۆپاڵ، ئەو ساقی و ئەو مەی!
کۆ شیی، کەیخەسرەو ساحێو تەخت و تاج
کۆ پەهلەوانان، نە پای کورسی عاج!
کۆسی کاوسیی، داخوم جە کۆ بۆ!
کەللەی کەیقوباد، جە کۆ کەوتە بۆ!
فەرەیدوونی فەڕ، بڵند بی پایەش
چەند ساڵ مەملەکەت، وەش بین نە سایەش!
گودەرز، وە حەفتا و حەوت فرزەندەوە
گیو وە ریازەت، خەسرەو سەندەوە
داخوم جە کۆ بۆ، شای ئەفراسیاو
ئیسمش مەوەردەن، سەنگ مەبی وە ئاو

رۆستەم جە کۆ بۆ، ئەسفەندیار جە کۆن
کەللەی دێو سفید، چەنی بڕیان شۆن!
نە ئی گشت پادشا و پەهلەوانی قین
چەنی جاشان بیی، نە سینەی زەمین!
داخوم جە کۆ بان، خەبەرشان، نییەن
کەوکەبە و ئەساس، کول، نە بەین شییەن!
هەر یەکێ هەزار، حەسرەتان، نە دڵ
وە چەند ئارەزوو سەر نیان، وە گڵ
چەند پادشاهان، ئەشکانی بییەن!
یەک نە شۆنی یەک، ئامان و شییەن
کەوکەبەی دارا، چەنی بیی تەمام
ئەسکەندەر نە شۆن، ئەو یاوا وەکام
ئەسکەندەر جە کۆن، پادشای نامیی
شەرق و غەربش گرت، ئەو وە تەمامی!
جە عومری کۆتاش ڕاحەتیش نەدیی
هەرچی ڕەنجش دا، وە عەبەس بەر شیی!
ساسانی جە کۆن، چەنی شین وە باد
نەوشیروان، بی، ساحیب عەدڵ و داد
کەیخەسرەو تەختش جە مەداین بێ
شیرین مەلیکەی ئێران زەمین بێ
کەمکەسێ دییەن، ئەو تەخت و ئەو تاج
مەتای ڕەنگاوڕەنگ، ئەو حوکمی رەواج!
دەبدەبە و بیسات بەزمی خەسرەویی
مەشهووری عامەن، هیچ کەسێ نەدیی
ئاخر گرفتار، چەرخی دنیای دوون
یەک شەو شیرین دیش غەڵتانەن نە هوون
ئەو سەردارەش دیی وەی حاڵ و وەی دەرد
شیرین، هەم جە گیان شیرینش ویەرد!



بە غەیر، جە شیرین، کەس نەدیەن وە چەم
دمای سەردارش، حازر پەی عەدەم!
شیرین بای شیرین، پەی شیرین کاریت
سەبت کریان تاریخ، پەی یادگاریت!
گەنجی باد ئاوەر، تەڵای دەست ئەفشار
وە غارەت بەردەن، دیار وە دیار!
تایفەی مەغۆل، ئەو جەنگی خوونخوار
جە کەللەی ئادەم، سازناشان مەنار
ئەوەن پادشاه، ئامان و شییەن
چەند هەزار هەزار ئیسمشان نییەن!
ئینە کول واتم، ئامان و بییەن
عەجەب تەر جە کار ئێمە کەم بییەن!
هیچ کەسێ نەدیەن، بێ گونا و تەقسیر
بەدبەختش کەران، دە ساڵ، نە زەنجیر
مەحروومی دیدار عایلە و فرزەن
فەریادرەس نییەن، غەیر جە خوداوەن!
بە وێنەی حەیوان، دوڕندەی قەفەس
دە ساڵ نەکێشی، راحەت یەک نەفەس!
ڕەنجی چەند ساڵە، وە هەزار زەحمەت
تەمام نەبەین شیی، وە نیمەقیمەت!

## پاڕانەوە، لە خودا بۆ لێبووردن، لە گونا و ڕزگاربوون لە بەندیخانە

ڕۆزگار شیشەی عومرم شکستەن
ڕاگەی ئومێدی حەیاتم بەستەن
تەکلیفم ئیدەن، پەرێ ڕای نەجات
موناجات کەروون، قازییولحاجات!
یا ڕەب بە حاجەت ڕەسوولی سەروەر
قازییولحاجات، ڕۆی دەشتی مەحشەر
یا زاتی، بێچوون، یا زاتی بێچوون
یا فەردی ئەعزەم، یا زاتی بێچوون!
یا خەیامی چەتر، چەرخی تیلەگوون
یا نازمی نەزم دەوری دنیای دوون
یا سانیعەسسونع، سەمای بێستوون
یا قودرەت بێ حەدد، جە حیساب ئەفزوون
یا کەرەم کانی، یا عەتای عەزیم
یا زاتی بێ عەیب ڕەحمانوڕەحیم
یا ئامیری ئەمر، فەرمان ڕەواهان
یا حاکمی حوکم، حیشمەت پەناهان
یا ڕەب بە حاجەت، جەلال و ئەقدەس
دەستگیری مەزڵووم، غەریب و بێ کەس
یا ڕەب، بە حاجەت، زولجەلالی وێت
بە عەرشی عەزیم، لایەزالی وێت
یا ڕەب بە حاجەت، پێغەمبەرانت
بە عەرش و کورسیی، قەترەی بارانت
یا ڕەب، بە حاجەت، شای دلدڵ سوار
مورتەزا عەلی، کوشندەی کوففار
بە ئەشکی دیدەی فاتیمەی زەهرا
هەم بەو شەهیدان دەشتی کەربەلا



بە ناڵەی دەروون، عەبدالّانی بەر
مەکێشان نە دڵ، وادەی سوب سەحەر
بە سەدای ئەزان، ئەڵڵاهو ئەکبەر
بە شوعلەی جەماڵ، پاکی پێغەمبەر
یەک ڕای نەجاتێ، بنێرە نەوەر
بە شەرافەتی سەیدی سەروەر
بە دەستی بەستەی، زیندانیانت
ئەسیر و مەزڵووم، گۆشەی شارانت
جەمعی زیندانی ئەکرادی بەدبەخت
فەریادڕەسی کەر، نەی فشاری سەخت
دە ساڵەن، زووخاو جارییەن لێمان
بەشەرێ نییەن، ڕەحم کەرۆ پێمان
یا ڕەب، بە حاجەت ئیسمی ئەعزەمت
بەو مەلایکان، خاسی مەحرەمت
یەک ئەمجار بەو ڕەحم بێ پایانەکەت
بەو عەتا و کەرەم، بێ سامانەکەت
تەرتیب دەهندەی تەنتەنەی شاهان
نگوون کوننەندەی سانی سوپاهان
مەلاز و مەلجەء، نە هەر تەرس و بیم
دانا و تەوانا، کارساز و کەریم
میعماری بینای بەرزە دیاران
قەدئارای قامەت، سپی چناران
خەتاتی خەتووت، خەتی نیگاران
خەیاتی کالّای بالّای نازداران
ڕەنگ ئامێزی ڕەنگ گۆنای گولاڵان
عەنبەر ڕێزی زوڵف، نازک نەوهالّان
زینەت ئەفزای تاج، زەڕین کولّاهان
ڕۆشن نمای نوور، نە سوبح گاهان

بەر ئارندەی گوڵ، نە سینەی خاران
تەقسیم کونەندەی شکۆفەی داران
ئاوان، نە دەروون، کۆهان بەر ئاوەر
پەردەی سیاهی، وە رووی شەوان دەر
ڕابیتەی دەروون ڕاگەی نیهانی
حەل نمای موشکڵ، کار وە ئاسانی
بێ میسل و مانەند، لا شەریکی فەرد
حەکیمی حالْزان، ئاگای کولی دەرد
بینا و شنەوا، دانا و باخەبەر
وە نیک و وەبەد، وە سوود و زەرەر
کارسازی کاران، کولی مشکلات
لایقی تەمجید، تەوسیف و سیفات
وە نووری خورشید، جیلوەی جیهاندەر
وە هەوری رەحمەت، چەمەن ئارا کەر
وە شوعلەی شوعاع، مەهتابی قەمەر
شەوانی تاریک، وە ڕۆی ڕۆشنکەر
وە بادی موراد، کەشتی ڕەواندەر
نە گێجاوی گێج، دەریای پەڕ خەتەر
وە شنۆی نەسیم، گولان دەر ئاخێز
وە هەوای وەیشووم، بەرگی خەزانڕێز
پەنای مەزڵوومان، دادستانی عام
پادشای شاهان، حەیی، لایەنام
بێ ڕەنگ، بێ ڕەفیق، بێ ڕوو بێ فرزەند
بێ هەمتا و بێ باک، بێ میسل و مانەند!
فەریادڕەسی کولل یەکتای یەگانە
مەسدەری ئەوراد، کەعبە و بوتخانە
بۆپەی خاتران، ئیسمی ئەعزەمت
بە دەریای رەحمەت، کانی، کەرەمت



بە قووەی قودرەت، لا یەتەناهیت
نیشانەی دەلیل، پەی شەهەنشاهیت
بە مەلایکان، دایم نە سجوود
پەی پەی مەوانان، زیکری یا وەدوود
بە فەڕڕی فەرمان وەحییێ جوبرەئیل
ئاوەردەی تەورات، قورئان و ئینجیل!
بە زاریی ئادەم، بە سیدقی خەلیل
بە قوربی قوربان، زبحی ئیسماعیل
بە مووسای عیمران، کەلیمی کۆی توور
بە رۆحولقوددوس، بە سەفحەی زەبوور
بە زیکری یونس، نە بەتنی ماهیی
مەوانا، تەسبیح، زاتی ئیلاهی!
بە روتبەی رەفیع، رەسووڵی نازار
شافیعی گرووی، عاسی و گوناهبار
شەهواری رۆی عەرسەی عەرەسات
دارای دەلایل، بورهان و ئایات
بە پایەی بوڵند، پێغەمبەران گشت
بە چەشمەی کەوسەر، بە رەوزەی بەهەشت
بە سیدقی سدیق، بە عەدلی عومەر
بە شەرمی عوسمان، بە بازووی حەیدەر
بە ڕای شەهیدان، گیان فیدا کەردە
بە موجاهدین، هوونی دڵ وەردە
بە ڕای حاجیان، پەی بەیتولحەرەم
بە تەوواف چییان، بارەگای ئەعزەم
بە شای شەهیدان، حسێن مەزڵووم
بە دوازدە ئیمام، بە چواردە مەعسووم
بە بانگی ئەزان، سەدای بێ نەزیر
بە دەنگی پیران، جوابی تەکبیر

بە ڕای زەواران، بێ سەر و سامان
مەگێلان نە دەور، بارگەی ئیمامان
بە ئەولیاهان، پیرانی کامڵ
ڕەهنمای ڕای ڕاست پەرێ سەرمەنزڵ
بە ناڵەی مەستان سوب سەحەرگاهی
سەرشارەن، وەجام، بادەی ئیلاهی!
بە سیرڕی سینەی سافی سۆفیان
مەوانان تەوحید، نە ڕاگەی نیهان
بە تەوبەکاران، بێ پەنا و پەردە
نادم جە کردگار، کەردەی ویەردە
بە ئەندووی عوششاق، یانەی دەروون ڕێش
بە عیشوەی شۆخان، ریشەی جگەرکێش
بەسەر گەشتەگان، ڕوو نە وادی و دەیر
حەیران نەگەردش، چەرخی سەبک سەیر
بە ڕەنگ و ڕەونەق، سەفای نەوبەهار
مەنمانۆ قودرەت، جە لای جەهاندار
بە تەرزی تیراز، بالآی نەمامان
بە پێمی توڕڕەی، خەیاتە خامان
بە نەغمەی مەلان، بە غەمزەی گولآن
بە تەئسیری سەوت، سەدای بولبولان
بە عەزا داران، سیای سەودا پۆش
بە گۆشەگیران، هوونی جگەرنۆش
بە ناڵەی حەزین، یاهووی دەروێشان
بە ئاهی حەسرەت، تۆی دەروون ڕێشان
بە ئەشک و ئەسرین، دیدەی زیندانی
هەردەم، مەرێزان، نەجای پەنهانی
بە ڕای غەریبان، زێد و ماوا دوور
مەحرووم و مەهجوور، یانەی دڵ خاپوور



تۆ وە ڕەحمی وێت، یا شای کەرەم دار
ببەخشە گونای بەندەی خەتابار!
مەعلووم مستەوجیب نەوعێ عەزابم
لایقی تەوبیخ، قەهر و عیتابم
ئەرسەد کە شەریک، شەرمەسارانم
بویەر، جە تەقسیر، کەردەی کارانم
ئاگا و موخبری، شەهەنشای شاهان
دە ساڵەن، نە حەبس، شاری ئەسفەهان!
وێم و ڕەفیقان، یەکایەک تەمام
زووخاو مەنووشین، هەر سوب، تا وە شام
ڕۆ، جە ڕۆ فیشتەر، گەرمەن ناڵەمان
مەشۆ وە گەردوون، سەدای لاڵەمان
فەریادڕەس نییەن، فەریادڕەس هانا
هانا، هەر وە تۆن، هانا، سەد هانا
بە کەریمی وێت، کەرەم فراوان
دەلیلی خەیرێ، بکەری ڕەوان
سەبەب سازی خەیر، کار وە دەس ئاسان
سەبەب سازیی کەر، باجەتی خاسان!
مەلوول و مەهجوور، مات و غەمبارین
مەحرووم دیدار، یار و دیارین
ڕەحمێ کەر، شامل، جەستە و حاڵمان
وە جەستەی سفتەی، وەک زوخاڵمان
پیر و ئاخرشەڕ، عاسی و عوسیانبار
قەبووڵ کەر، وەنەم، تەوبە و ئیستیغفار
خالق وە زاتت، غەیر، جە لوتفی وێت
ڕای ئومێد قەتعەن، مەخفیی نییەن لێت
ئاگاه، نە ئەحواڵ، دەردەدارانی
شەفا دەهندەی، کول بیمارانی

ئەم دەردە دووچار، ئێمە شان کەردەن
هەر ساتێ سەد نەوع، بەتەر، جە مەردەن
کەریم، کەرەم کەر، کەرەم بێ شومار
زیندەگی پەیمان، بییەن زەهر و مار
یا ڕەب بۆ بە عەشق خاسانی دەرگات
غەریب و بێ کەس دوورکەفتەی وڵات
مەزڵوومی ئێمە، جە حەد ویەردەن
ئیحیامان، کەرە، هەناسەم سەردەن
بەخشەمان، وە نوور پاکی پێغەمەر
نەی زیندانی تار، وەسەن دەردیسەر!
ڕەحمێ کەر وە حاڵ، عایلە و سەغیر
یا ڕەب، نەجاتێ، نەی دام و زەنجیر
تاقەت و سەبر و حەوسەڵە بڕیان
یەکسەر، تەمام بی، پەردەی دڵ دڕیان
زەڕەیێ ئیمان، جە موو باریکتەر
ها وەختەن شەیتان، باوەڕۆش وەبەر!
قووەی وجوودیم، کول، نە بەین شییەن
عومرم نە پەنجا و چوار ڕەد بییەن!
عەینم بێ عەینەک تەم و بوخارەن
زیندەگی پەرێم، چون زەهری مارەن
یا خودا، وە ڕەحمەت، کارێ بسازیی
با کۆتا کەروون، روودە درازیی
ئیستیدعام ئیدەن، جە لای خوداوەن
شاد کەرۆم دیدار، عایلە و فرزەن
عومری تەبیعی، سەر ئامان، جۆشۆ
قەبووڵ، مەفەرما، چی غوربەت بەرشۆ
ئارەزووم ئێدەن، یا حەیی داوەر
نەی زیندانی سەخت، باوەریم وە بەر



قووەی وجوودیی و سەروەتی دنیا
کول، تەمام بییەن، ریشەمان کنیا
بەدتەرین، زووخاو، دنیا کول وەردم
یەک ڕۆ ئاسایش، وەسەر نەوەردم
نەحیف و زەعیف، پیر و گرفتار
غەریب و بێ کەس، موحتاج دەردەدار
عنایەت فەردت، کول موناجاتەن
سەر تا وە پاین، دۆعای حاجاتەن
کافییەن، وەسەن، سەر دەرد ماوەرۆ
ئومێد هەن خودا، قەبووڵش کەرۆ
جە ئێد زیاتەر مەکەرمان، مەحرووم
بە حاجەتی نوور، ئەئیمەی مەعسووم!
ئیلتیجام ئێدەن، جە لای هامسەران
وە یەک فاتیحە، ڕۆحم شادکەران
دۆعای مەغفیرەت، نە دەرگای داوەر
درێغ نەکەران، بەشقی پێغەمبەر!

## نامەی ئاغا عینایەت و محەمەد بەگ:

هەروەک، دەردەکەوێ، ئاغا عینایەت، قەسیدەی موناجاتەکەی، کە لە زینداندا، هۆنیویەتەوە، بۆ محەمەد بەگی دەنێرێ و داوای لێ دەکات، کە ئەویش، وەک ئەم، لە خودا، بپاڕێتەوە، بۆ ئەوەی خوای گەورەش، دەرگای ئازادییان، لێ بکاتەوە و محەمەد بەگ -یش، لەبەر هۆی نەخۆشی، نەختێ درەنگ وەرامی دەداتەوە و کاتێ، کە وەرامنامەکەی بۆ دەنووسێتەوە، بەم جۆرە دەیڕازێنێتەوە!

چەندێ جەی وەرتەر سارم نامەیێ
نامەی وەش مەزموون، خۆش خیتامەیێ
نویسا بێت وە لام، پەرێ موناجات
کەروو جە دەرگای، قازییولحاجات
ئەوەل مەعزوورم، بە هەزار زیان
تەئخیری جواو، نە بۆم وە تاوان!
مەریز بیم ناخۆش، تاوانم نەبێ
پەوکە، جواوت، ماتڵ، مەندە بێ
دووەم، یەک کەسێ، مەبۆ موناجات
کەرۆ، جە قاپی، قازییولحاجات!
سەراپا، تەمام، پاک و تاهیر بۆ
وێنەی ئاینە، جە لای زاهیر بۆ
تاویای بۆتەی عەقڵ و کەماڵ بۆ
شووشی سیم و زەڕ تەڵای دووقاڵ بۆ
غەواسی دەریای، فام و هونەر بۆ
باری کەلامش، دڕ و گەوهەر بۆ
شەیدا بۆ، وە عیشق، حەقق و حەقیقەت
ئاگاه بۆ وە ڕاز سیڕڕی تەریقەت
عالم بۆ، وە عیلم، شەریفی ئیسلام
ئەسڵ و فەرع و روکن، بزانۆ تەمام!



ئەوسا لایقەن، جە دەرگای خودا
بوازۆ، حاجەت، بکەرۆ، دۆعا
وەر نە من وێنەی، ئاهەن سەرد و سەخت
دەروون پەڕ نە زەنگ، بە دەن پەڕ نەگەرد
بێ بای کوورەی گەرم، بێ جەوری ئوستاد
بێ عیلم و عەمەڵ، بێ خەت، بێ سەواد
غەریقی دەریای، عوسیان و گونام
کەی قابل وە عەرز لاڵە و ئیستیدعام
وەلێ، من لەبەر گلە گوزاریی
یا ئیتاعەی ئەمر فەرمان بەرداریی
ئەسرم کەرد وە هوون، موژەم وە میداد
وە قەدری قووەی، فەهم و ئیستیعداد
نویسام چەند شیعر، ها تەقدیم کەردەم
ڕەویەی بەندەگیی، وە جا ئاوەردەم!
ئومێد هەن قبووڵ، دەرگای باریی بۆ
باعیسی نەجات، رستگاریی بۆ!

**ئاغا عینایەت، دووبارە، وەرامی محەمەد بەگ دەداتەوە و دەڵێ:**

دۆستەکەی گیانی رۆستەمی نەژاد
نامەی شیرینت، خەمان، دا وە باد
ئەشعاری مەربووت، مەعدەنی شعوور
سەیقەل، کریابێ، بە وێنەی بلوور
موناجاتی خاس دڵ پەسەندیدە
وانام و ساوام وە هەردوو دیدە
ئاهەنگی ئەشعار، فیردەوسیت وەندم
جە دورِ ئەفشانیت، من حەیران مەندم
ئەشعارت جە لام، وێنەی شەکەرەن
من جە واتەی وێم، قەلبم پەکەرەن!
حەیفەن قاتی بۆ، ئەو شیرین وەی تەڵخ
ئەو ئاوی سافەن، ئێد لەجەن، هەم بەڵخ
ئەو دانەی گەوهەر، ئێد سەنگی خاران
ئەو پارچەی حەریر، ئێد کۆنەی شاران
ئەو خشتی میعمار، باش هۆسای یەمەن
ئێد کەلارە کۆن، گڵ و خاک، شن!
فیعلەن ئەساسەی تەحریرم نییەن
پەی سەبتش، ئایر، نە قەلبم شییەن!
نیگاش مەداروون، تا دەرجش کەروون
هەر وەخت وەسیلەش، وە دەس باوەروون!
قاتی پاتی بۆ، خاس چەنی خراو
تا بۆ وە شەربەت، شەکەر، چەنی ئاو
یادگارییەن، پەی کەسێ مانۆ
شایەت، دروودێ، پەیمان بکیانۆ
وەسیلەش فەوریی، حازر دیاری
دەرج کەردم، نە فەوق، پەی یادگاری



ئیزهاری مەئیووس کەم سەوادی وێت
بێ عیلم و تەحسیل، نامورادی وێت
کەردە بێت وە لام، منیچ هەر بەو دەرد
جە کول کەس بەتەر، کەم فام و رەنگ زەرد
دمای پەنجا ساڵ، رەنج و کەردەی وێم
ئیسە سابتەن، مەعلووم بییەن، لێم
هەرچێ رەوم کەردەن، کول پەشیمانم
هەریەک دەردێوەن، نە رووی زامانم
ئینە کول باعیس، بێ ئیتلاعییەن
بێ خەبەر، نە چەرخ، دنیای فانییەن!
بێ عیلم و سەواد، جە نادانییەن
عاقڵ کەی کارش، پەشیمانییەن!
بازە، باسووچێو وەی داخ و وەی دەرد
جە هەردوو دنیا، مەحرووم و دڵسەرد
بەڵام عەزیزم، تەقسیرمان نییەن،
مەحەل موحەقەر، تەنگ و وردییەن
مەدرەسەی علووم عەقڵ و فام و بەخت
یا سایەی دیوار، یا نە پای درەخت
فەیلەسووفی عەقڵ، کانی مەعریفەت
رەواج دەهندەی عیلم و شەریعەت
ئەو رۆ نیشانەی دەر وە دەرمان بیی
مەلا عەلی مراد، تەعلیم دەرمان بیی
ئەو ئێمەش یاوا، وەی پای بڵند
(شیخ الازهر) بی، ئەو پیری پەرِ فەند

## ئاغا عینایەت، بەناوی سکاڵای ڕەمەزانەوە، نامەیەک بۆ محەمەد بەگی روستەمی دەنێرێ و تیایدا، دەڵێ:

کەمێ نە ئەحواڵ، دەردانی کاریێ
ئیزهار کەم وەلای، نمرە چوارێ
پیر و لەڕ و چەق، هەر ساتێ دەردێ
زەعیف نائومێد هەناسە، سەردێ
دەردی گشتمان، میراس جێ ماگە
پەنج شەش دەردێ تەر، لە من ڕووی داگە
مانگی ڕەمەزان، وەک زاڵمێ جە بوون
سەری ناوێتۆ، لە بوون و نەبوون
هەرکەسێ بگرێت، هەر وێڵی ناکات
ئیدیعای خوێنی، کاکەی لێ ئەکات
گیرودەی دەسی، پەنج غەزا بووگم
لە دەس هەر پەنجیان، من لە دەس چووگم
دووانی دەوڵەتی، سیانی شەخسیی
هاوار داد، لە دەس، دۆکەشک و قەیسی
وە سکێ تێر و وە هەزار برسیی
خودا داد لە دەس، دۆکەشک و قەیسی
شەرتە لە داخی، دۆکەشک و قەیسی
کۆ گەردی بکەم، وەک دەروێش وەیسی
لە گشت زیاتەر وە عیشوە و نازە
سەحەریم دایم، نان و پیازە!
پەنێری کرمین، ئاشی قوڕباقە
هاوار داد، لە دەس، ئی فەقروفاقە
وەک هەڵوا، ئەی خوا، هەرکەسێ ساقە
داد بێ داد، لە دەس، ئاشی قوڕباقە
غەزای دەوڵەتی، شەفای مەزاقە
داد فەریاد، لە دەس ئاشی قوڕباقە



مەحکووم و مەزڵووم، ئەعماڵی شاقە
گرفتاری دەس، ئاشی قوڕباقە
بەخودا، عەزیزان، تەکلیفێ شاقە
خواردنی نییە، ئاشی قوڕباقە!
وەک بزن بگرێت، ئەو بەلەباقە
کردگییە، وە من ئاشی قوڕباقە
عوموومم، دەردمان دووریی و فیراقە
سەرباری دەردان، ئاشی قوڕباقە!
چون خۆیان یەکجار، کوونیان فەراقە
بۆیە، خۆشیان تێ، لە ئاش قوڕباقە
مەخسووسەن، هەر کام، رەئیس ئۆتاقە
باوکی ئەفرۆشێ، بۆ ئاش قوڕباقە
شەهەنشاهییە، تڕوتفاقە،
پەنێری کرمین، ئاشی قوڕباقە
بۆ ئێراد جۆیی، چاویان زاقە
هەرکەسێ نەی خوا، تەختە و شەلاقە
لە ئاو گۆشتە ڕەش، هەرچی بەیان کەی
تام و لەزەتی، وە قەوری کاکەی!
لە گشت بەترە، ئەو غەزای خاسە
هەر چڵک و چڵمە، ئەیکەنە کاسە!
تەتە بۆکەری، وەکۆی زۆخاڵ وێ
فیتوا دەرەکەی، توخمی گەماڵ وێ
مەگەر تەخت و بەخت بوێ چەواشە
ئەوسا واز بێرن، لەم ئاشی ماشە!
ئینساف خۆ نادەن، نایەژن بەسە
نام لە کوێ تێرن، ئەم گشت عەدەسە
پاکیچی ناکەن، پەڕ لەکاو تووکە
بێشتر دانەکەی، کووژی چەلتووکە

نەوع پەرەستی و میللەت پەروەریی
ئەم عەدالەتە، قورِ بگرە دەری
کاغەزی دنیا، تەمام سیاوێ
دەردی دڵی من، هەر تەواو ناوێ
سەوزی خواردنی ئێوەیچ ئەزانم
ئەر ئیزهار بکەن، منەت وە گیانم
وەزعی خۆتان و مانگی ڕەمەزان
بنویسە لە من، کاک محەمەد گیان
حاڵم نەماگە، ئیتر بۆ من بەس
ناتەواوییەکەی، حەواڵەی ئێوەس!

**وەرامی محەمەد بەگ:**

دانای سوخەن فام، نمرەی یەک ماوا
باز هەم نامەی شۆخ شیرینت یاوا
شەممەی جە تەعریف، تەهیە و تەدارەک
پارشێو و بەرشێو، ماهی موبارەک
کەردە بێت ئیزهار، گران بی دەردم
وەک ماری زەخمی وە هەم پێچ وەردم
ئاشی دەوڵەتی، غەزای گەرم و سەرد
ریشەی نەخۆشی، سەر مەنشەئی دەرد
تەسدیقی کردگە، رەئیسی بیهداشت
ئاشی کەشک بۆ شام، نانی وشک بۆ چاشت
ناوی بۆ ئەوەی، باسی بۆ ئەکەی
یەختی و لووبیاکەی، وە قەوری کاکەی
چون دەوای موهلیک، ساختی ئەوروپا
پەڕە نە میکروب، تاعوون و وەبا
مایەی تەب و لەرز، قفە و خەفەخان
سفلیس و سووزاک، بەڵای ناگەهان



سەراسەر مەرەز، سیل و سەرەتان
بووگە وە باعیس، ناخۆشی بۆتان
ئاو و گۆشتە ڕەش، پەڕ دوود و دەرمان
وە دووکەڵی نەفت، تام و بۆ دریان!
سیاو بەدنما، ئیستیفراق تێری
هەر خۆی وە ناو دەم، ئەوە ئەینێری
کاری سەید مستەفا، ئەشێ هەر واوێ
هەڵوای سەرمەزار، قەوری بابای وێ
دڵە دەرد ئاوەر، شلە و شۆربا
سەروتای تەمام، وە ڕیشی بابا
تەماشای هەیئەت، کەسیفی ناکەی
هەر چوار پووتێکی وە گلکۆی کاکەی
نە ئەسڵی مەتڵەب، ناوێ دەنگ بدەی
ئاشی ماش و شاش، وە گۆڕی بابەی
پەرسا بێت هەواڵ، کاروبارمان
غەزای سەحەریی، یا ئیفتارمان!
ئیمەیچ هەر لە دەس، ئاشی قوڕپاقە
لە ئێوە بەتر، تاقەتمان، تاقە
فرەمان، نەخۆش، کەمان ساقە
گشتی لە ئەسەر ئاشی قوڕپاقە
وە دگان دارمان، ئەسڵەن ناکەوێ
دگان بۆ خۆراک، چاخ و سەخت ئەوێ
وەلێ، بۆ پیاگی بێ دگان باشە
ئەگەر ئاوگۆشتە، ئەر ئاشی ماشە
تەجرەبەم داگە، خاس پێی ئەکەوێ
ریش چەرمگ ناکا، نەخۆش ناکەوێ
ئەمە تەفسیلات، غەزای دەوڵەتە
ئیتر نایەژم، مایەی زەحمەتە

غەزای خوسووسی، بۆت تەوزیح بدەم
بەیانی واقیع، هیچ شۆخی ناکەم!
دوو دوو سێ سێ، هاوخەرجین تەواو
شایی و دوو شایی، تێرینە حەساو
ماڵێ یەک نەفەر، سەرێ، یەک شایی
جەمع ئەکەین، ئەیدەین، وە تەڕە و شایی
بۆ ئێوارەمان، وە بێ کیبر و ناز
ئیزافەی ئەکەین، یەک دوو چڵ پیاز
شەو شەوێ پەنیر، شەو شەوێ شیرە
ئاوی تێ ئەکەین، ئەوێ وە شیرە!
وەلێ بۆ سەحەر، ئاشمان بارە
ئەرچی خواردنی، هەر عەیب و عارە
ئەوێ سەر داخەی، نەنواڕێ بۆ کەس
عارەق بڕێژی، وەم دەس و وەو دەس
هەرتا بخورێت، پێم بکە باوەڕ
خەجاڵەتییە و کاری شەرم ئاوەر
ئەویچ هەر قەرزە، وە گیانی ئێوە
یەک قەرە پووڵی خۆمی نییە پێوە
ئەنووسین بۆ ماڵ، پووڵ زوو بنێرن
جواو نادەنۆ، نییە، ناینێرن!
ئیمەیچ قەرز ئەکەین، هەروا ناپرسین
لە ڕۆژی ئەدای، ڕیزە ناترسین
ئێژین قەیناکا، خەرجی پارشێوە
برسییەتی ڕەگی، هاری وا پێوە!
مانگی ڕەمەزان، ناوێ، نەیگری
فەرزە، واجیبە، هەر وە جێی بێری
زووکەن، بیگرن، ئەمڕۆ و سۆزییە
مانگی ڕەمەزان، ساحێو رۆزییە!



چی درۆ نادەن، راسی هەر واسە
سوب تا خۆرئاوا، بێ قاڵ و باسە!
وەختی خۆرئاوا، ئەوێ وە گرمە
بۆمان تێرنۆ، کەوەر و برمە!
قەزییەمان نییە، وە دەس ئەپیاچین
چارەمان چییە، گشت ناعیلاجین!
تۆ خۆت قازیی وە، ئەوە ئیفتارە
یاخۆ ئیفتیزاح، سەرباری بارە!
بەرنامەی ئێمە و مانگی ڕەمەزان
ئەمەسە، تەمام، نووساگمە لێتان!

# فەرهەنگۆک

**ئابا (ن): (نوون) لە بریی (ناو) هاتووە!**

(ئابا)، وشەیەکی عارەبییە و لە بنەڕەتدا، بەم جۆرەیە: (ئاباء = آباء)، کۆی (ئەب = أب)ە. لە کوردییدا، هەمزەی کۆتاییەکەی سواوە و بووە بە(ئابا)ی، ڕووت.

وشەی (ئابا)، لەم شیعرەی، ئاغا عینایەتدا، بەواتای باب و باپیرانی، دێرین، هاتووە.

**ئابداریی (ن)**: ئابداریی، وشەیەکی داڕێژراوە، کە بەم جۆرە پێکهاتووە؛ (ئاب+دار+یی).

کەوابوو، بۆمان هەیە، کە بڵێین، وشە داڕێژراوەکە، بریتییە، لە وشەیەکی (سەرە) و چەند مۆرفیمێک، کە لە ڕووی ئاوازە و ڕێزمان و واتاوە، هەموویان، پێکەوە وشەیەکی نوێیان، پێکهێناوە و بەواتای کاریی (ئاوداریی) هاتووە، لە هەندێ، ناوچەی کوردەوارییدا، لە شێوە و ڕواڵەتی (ئاوداریی)دا، بەکار دێت!

**ئابڕوو (ن)**: لە بنەڕەتدا، ئەم وشەیەش لێکدراوە و پێکهاتووە، لە (ئاب + ڕوو)، کە هەریەکێ لەم وشانە، وشەی سەرەن.

کەوا بوو، بۆمان، هەیە، کە بڵێین، لێرەدا، ئەم وشەیە، بە(ئاوی ڕوو) هاتووە و لە کوردەوارییدا لە ڕواڵەت و ئاوازی (ئاوەڕوو)دایە و بەواتای (حەیا) و (پیاوەتیی) و (شەرەف) هاتووە.

واتە، ئەو کەسەی، کە ئابڕووداره، خاوەنی حەیا و شەرەف و پیاوەتییە.

بەم جۆرە، وشەی (ئابڕوو)، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- کاوە، پارێزگاریی، ئابڕووی، خۆی و خێزانی کردووە!
- کامەران، کوڕێکی، ئابڕوودارە!
- شیرین، بە ئابڕووە!

**ئاتاج (ئن)**: ئەم، وشەیە، بەم جۆرە ئاواز و ڕواڵەتەوە، لە کوردستانی ئێراندا، بەکار دێ.

ئەم وشەیە، لە وشەی عارەبییەوە (احتیاج)ەوە وەرگیراوە و ئەوجا، بەرە بەرە، سواوە و لە ئەنجامیشدا بەم جۆرەی ئێستای لێ هاتووە و بەهەمان واتاش بەکار دێ.

وشەی (ئاتاج)، لە ڕواڵەتی ناویشدا، دروست دەکرێ و دەبێ، بە(ئاتاجی) و ئەو کاتیشە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:



- ئەو، ئاتاجی، بە تۆ نەماوە!

**ئاتەشگا (ن)**: ئاتەشگا، ناوێکی کوردیی کۆنە و بەو جێگایە دەوترێ، کە لە کۆنی دێریندا، ئاگرێکی جەماوەریی تیادا، کراوەتەوە. لە دەمی خۆیدا، زەردەشتییەکان، چەند جۆرە ئاگرێکی جەماوەریان کردووەتەوە و یەکێکیش، لەوانە، لە جێگایەکی زۆر بەرزدا، بووە، بۆ ئەوەی، بەهۆیەوە، بتوانرێ، زۆربەی، خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەر، بۆ کارێ، بۆ مەبەستێکی، پێویست و کتوپڕی، ئاگادار، بکرێن!!

لەم جۆرە، جێگایانە، شوێنەواری، زۆر بەجێماون و حاڵی حازریش، هەر بەهەمان ناوەوە، ناو دەبرێن!.

(ئاتەشگا) – ناو، لە چەند جێگایەکی، کوردستاندا، هەن و بۆ وێنە، (ئاتەشگا)ی ناوچەی بیارە و ئاتەشگای پشتی خانەگا، لە ملەی ئاتەشگاوە، کە جێگاکەی ئەوەندە بەرزە، کە لە شارەزوور و ناوچەکانی کرماشان –ەوە، لەبەر سەربەرزیی و لووتبەرزیی، دیارە.

بەشێوەیەکی، ئاشکراتر، ئاتەشگایەکی، وەک ئەوەی لای خانەگای پاوە، زۆرتر، بۆ مەبەستی، ئاگاداریکردنی خەڵکی ناوچەکانی دەوروپشت کراوە! گوایا، بەهۆیەوە، دەتوانرێ، هەواڵی، هەر میهرەجانێ، هەر جەژنێ، هەر هەواڵێکی ترسناک و ناهەموار، بدرێ، بەسەرپاکی ئەو خەڵکەی، ناوچەکانی ئەو دەوروپشتە، کە ئەو ئاگرەی تیادا، کراوەتەوە!

بەهەرحاڵ، (ئاتەش = ئاگر = ئاور = ئاتەر) و ئاتەشگا، یان ئاتەشگەدە، بۆ مەبەستی، پەرستنی نەبووە، هەروەک، دوژمنانی کورد، وەهای، لە قەڵەم، دەدەن! بەڵکو لای کوردە دێرینەکان، لە خۆشەویستی ئاگر، بۆ چەند مەبەستێ بووە! بۆ گەرم کردن و پاک کردنەوە و ڕۆشنایی و هەواڵ گەیاندن و خواردن دروست کردن و زۆرتریش، ئاگر توانای، لەناوبردنی، هەموو شتێکی پیس و خراپی، هەیە!!

ئاتەشگای (تیکاب)، یەکێ، لەو ئاگرانە بووە، کە بەردەوام، گڕاوە و بەتەنیشتی ئەویشەوە، خەڵکەکە، خواپەرستی (ئەهرۆمەزدە)ی تیادا، کردووە.

ئەو ئاتەشگایەی تیکاب، یاخود، ئەو پەرستگایەی ئەوێ، ئەوەندە، پیرۆز بووە، ئەردەشیری بابکان، هەموو ساڵێ، بۆ ئەوێ چووە و، کە کیلۆمەترێ، نزیکی بووەتەوە، پیادە بووە و بەپێی پەتی، بۆ ئەوێ، چووە!

**ئاخ (ن)**: ناوی دەنگە و بەهەناسـەی ئالۆز، کـەفـەسـەرە. ئاخ، نیـشـانەی، ناڕەحـەتی، ناڕەزایی، نائاسوودەیی، پیشان دەدات و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئاخ و داخی دەروونی، دووکەڵی، لێ بەرز دەبێتەوە!

– شیرین، لەگەڵ شووەکەیدا، ناڕێکن، بۆیە، هەمیشە ئاخ ئاخیەتی.

**ئاخر نەفەس (ن)**: ناوێکی لێکدراوە، لە (ئاخر + نەفەس) پێکهاتووە، کە هەردووکیان، لە زمانی عارەبی دان و بەڵام، لە زمانی کوردییدا، جێگای خۆیان، کردووەتەوە.

بەهەرحاڵ، مەبەستی، (دوا هەناسە)ی، ژیانە.

شایانی باسە، هەریەکە، لەم وشانە، کە وەک (ئاخر) و (نەفەس)، بەجیاجیا، لە کوردییدا، بەکار دێن دەوترێ:

– کارەکە ئاخری هات.

– کابرا، تەنگەنەفەسە.

**ئاخێز (ئن)**: ئەم رەمزە (نیشانە) بۆ (ئاوەڵناو = جێناو)ە.

ئاخێز، بەواتای (گورج) ، (خێرا) هاتووە. بۆ، وێنە، دەوترێ:

– ئاخێز کەر! (ئاخێز بکەرە)، واتە: خێرا بکە، گورج، بکە.

بەم جۆرەش، بەکار دێ و دەوترێ:

– زوو خێز بە. واتە: گورج بە. خێرا بە.

لێرەدا، وشەی (زوو)، جێگای (ئا)ی گرتووەتەوە و پێکهێنانەکە، شێوەی لێکدراوی، وەرگرتووە و بەم جۆرەی، لێهاتووە:

(زوو + خێز)، کە (ئاوەڵناو)ە و لەگەڵ (ریشە)ی کاردا، یەکیان، گرتووە.

بەهەرحاڵ، (ئاخێز)یش، هەروەک وتمان، لێکدراوە و پێکهاتووە لە (ئا + خێز).

(ئا)ش، کـورتـۆبـووەی (ئەوا)یە، کــە بەواتای، پاتکردنەوە، یان پەلەکــردن، دێ و ئەمەش، لە کۆنی کۆنەوە تا وەکو ئەمڕۆ، بەو جۆرە، هەر بەکارهاتووە!

کەوا بوو، (ئاخێز)، بەواتای (زووخێز) دێ!

**ئاد (ر. ن)**: **نیشانەی (ڕاناو)**. ئەم، ڕاناوە، بەڕاناوی ئاماژەش، بەکار دێ و کۆش دەکرێتەوە و دەوترێ: (ئادێ).



(ئاد)، بەواتای (ئەو) لە شێوەی ئەدەبیدا، هاتووە، بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئاد، (بۆ کوڕ، نێرینە) ئاما.

واتە: ئەو هات. (ئەو کوڕە هات).

– ئادە، (بۆ مایینە دەبێ) ئاما.

واتە: ئەو هات. (ئەو کیژە هات).

**ئارام (ن)، (ئن)**: ئارام وشەیەکی کوردیی کۆنە و لە ئاڤێستادا، بەهەمان ئاواز و واتاوە، هاتووە.

حاڵی حازر، یاخود کوردی ئەمڕۆ، (ئارام) وەک (ناو) و وەک (ئاوەڵناو) بەکار دەهێنێ و بەم جۆرە لە ناو ڕستەدا، بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:

– کاوە کوڕێکی بوو و ناوی ئارام –ی، لێ نا!

– ئەو لەگەڵ هەموو کەسێکدا ئارامە!

کـەوا بوو، (ئارام)، کـە وەک ئاوەڵناو، واتای، بێـدەنگی و هێـمنی و لەسـەرخـۆیی، دەدات!!

**ئارۆ (ن)**: (ئارۆ)، بەواتای (ئەمـڕۆ)ی شێـوەی، ئەدەبی هاتووە. بەهەرحـاڵ، (ئارۆ)، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە.

– ئارۆ، کاوە، نەوەش بێ.

واتە: ئەمڕۆ، کاوە، نەخۆش بوو.

لە شێوەی هەوراماندا، بۆ هاوواتای (ئارۆ)، (ئی رۆ)شی، بەکار دێت.

**ئارەزوو (ن)**: لە لایەن کـوردی ئێـرانەوە، (ئارەزۆ) بەکـار دەهێنرێ و حـاڵی حـازریش، بەهەردوو شێوەکەی، بۆ ناوی (کیژ = کەنیشک = کچ) بەکار دەهێنرێ!

(ئارەزوو)، یان، (ئارەزۆ)، بەواتای (خواست) و (حەز) و (ویستن) دێ و بەم جـۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە.

– لاولاو، ئارەزووی خوێندنی هەیە.

**ئازار (ن)، (ئن)**: ناوی مـانگێکە، لە ڕۆژنامـەی زایینیـدا و لە کـوردی ناوچەکـانی کوردستانی عراقدا، بەهەمان واتا و هەمان شێوە و ئاواز، بەکار دەهێنرێت و هەروەهاش،

هەر ئەم وشەیە، هەروەک وتمان، بەواتای (ئێش) و (نارەحەتی) هاتووە.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەندێ جار، وشەی (ئازار) بۆ ناوی هەندێ نەخۆشیی ساری، کە وەک (سیل = نەخۆشیی سییەکان) بەکار دەهێنرا!

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– بیست و یەکی ئازار، ڕێککەوتی یەکەم ڕۆژی مانگی نەورۆزە!

– کابرا، زامدارە و ئەو جۆرە زامدارییەش، ئازاری زۆرە!

– ئازاری سیل، ئەوسا، چارەسەری، کەم بوو!

– ساواکی دەوری شاه، ئازاری مەردمیان زۆر دەدا!

**ئازیەتی (ن)**: مەولەوی دەفەرمێ:

(شـــیرینی قـــامـــەت قـــیـــامـــەت نە وەرد
ســـەڵای فـــەرزی بەرگ، ئازیەتی ئاوەرد)

خانا دەڵێ:

(ئەویچ تا مـــانگێ شـــەراب نە نۆشـــا
بەرگی ســـــەودایی، ئازیەتی پۆشـــا)

بەم پێـــیـــە، (ئازیەتی)، لە (ئازیەت + ی) پێکهـــاتووە، بەواتای تـەعـزیە، مـاتەمی، سیاپۆشی، خەفەتباریی هاتووە.

وشەی (ئازیەت)، وەک، ئاوەڵناو، بەکار دێ و دەوترێ:

– ئەو، ئافرەتە ڕەشپۆشە، ئازیەتبارە!

**ئاسا (ئن)**: ئاسا، بەواتای، (چون)، (وەک)، (ڕێکوپێک) وەک (جاران)، (هێمنی) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو سوێسک ئاسا، دەڕوا بەڕێوە!

– شەڕ کۆتایی هات و باری ئاسایی بۆ وڵات گەڕایەوە.

– ئەوان، هەمیشە، لە دۆخێکی ئاسایی دان.

**ئاسار (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (اثار)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە: وشەی (آثار)ی عارەبی کۆی وشەی (أثَرْ)ە و بەواتای شوێنەوار هاتووە.



بەم، واتایەش، لە کوردەواریدا، بەکار دێ!

بۆ، وێنە، دەوترێ:

– ئاتەشگای پاوە، ئاسارێکی زەردەشتییە.

**ئاسایش (ئن)**: وشەی (ئاسایش)، بەواتای (هێمنی)، (ئارامی)، (بێدەنگی) و (کپپی)، (ئەمنیـــەت)، هاتووە و لە بنەڕەتدا لە دوو پارچە پێکهـاتووە (لێکدراوە) و ئەوانیش، (ئاسا) و (یش)ن و یاخود پێکهاتووە، لە (ئاسایی) و پاشبەندی (ش).

لە ناو کوردەواریی ئێراندا، وەک (ئاسایشت)، بەکار دەهێنرێ، بەتایبـەتی، لە ناو بێ سەوادەکاندا.

**ئاسایی (ن)**: بۆ زانین لە بارەی ئەم وشەیەوە، بۆ بەشی وشەی ئاسا بگەڕێرەوە.

**ئاسەف ئەعـزەم (ن)**: خێڵی (ئاسەف) ئێستا هۆزێکی گەورەی (سنە)ن، مەبەستی ئاغا عینایەت لێرەدا (میرزا عەلی نەقی خان) بووە، کە بەئاسەفی ئەعزەم (آصفی اعظم) ناسراوە.

**ئاسیب (ن)**: ئەم، وشەیە، بەواتای (دەرد)، (بەڵا)، (نەخۆشی)، (هەرەس)، (درم) (وەبا = وبا) هاتووە.

بەهەرحاڵ، ئەم وشەیە، بەزۆری لە فارسیدا، بەواتای جۆربەجۆرەوە، بەکار دەهێنرێت.

بۆ وێنە لەکوردیی دا دەوترێ:

– بێ بارانی، ئاسیبی گرانی و هەژاریی، بەرپا، دەکات!

**ئاش (ن)**: ئەم وشەیە، بەواتای (نان)، (خواردن)، (شۆربا)، (ئاسیاو)، هاتووە.

هەروەها، بەواتای، هاڕڕاوە، سواوە، تۆز هاتووە.

پتر لەوەش، بەواتای، هاژە، گرمە، دەنگەدەنگ هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ئافرەتە، ئاشی چاک لێ دەنێ.

– ئاشەکەیان، ئاوی کەوتووە، چونکە دانی نییە!

– دنیا، ئاش و کاش نیشتووەتەوە.

– ئەو کیژە، پاش ئەوەی، کە شووی کرد، ئاش و کاش نیشتەوە.

**ئاڵۆز (ئن)**: وشەی، (ئاڵۆز)، بەواتای، (تووڕە) و (کەم چیکەلان)، (پشێوی) و (تێک ئاڵاوی) هاتووە و بۆ وێنە، دەوترێ:

- کابرای بێ مێشک، قسەی لەگەڵدا، ناکرێ و لە خۆیەوە ئاڵۆز دەبێ (دەئاڵۆزێ)!.
- دنیاکە، بەجۆرێ ئاڵۆز بووە، کە زۆر بەزەحمەت ژیان، بەسەر دەبرێ.
- گلۆڵە دەزووەکە، ئاڵۆزکاوە!

**ئالوودە (ئن)**: لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەواتای (هۆگر) هاتووە و هەروەها، بەواتای (خوو پێ گرتوو) و (گیرۆدە) دێت! پتر لەوەش، بەواتای (ناپاک) و (ناڕەوا) دێت و بۆ وێنە، دەوترێ:

- کابرای، ساختەچی، ئالوودەی درۆیش بووە.
- ئەو ئالوودەی، جگەرە خواردن بووە.
- ئاوی، لیخن و ئالوودە، بۆ خواردن و خواردنەوە بەکار نایەت.
- هەوای هەندێ شاری قەرەباڵغ (شلۆق) ئالوودەیە.

**ئاڵیاوا (ن)**: ناوی دێییەکە، کەوتووەتە ناوچەی (ڕوانسەر)ەوە. لە بنەڕەت دا لە (ئاریان + ئاوا)ەوە هاتووە.

**ئاما (ر)**: (ئاما)، ڕستەیەکی تەواوە و خۆیشی کارە و (کارا)کەش بۆ ڕاناوی ئەو، دەگەڕێتەوە، چونکە لە دۆخی تاکە کەسی سێیەمدا (کەسی سێیەمی تاک)، ڕاناو، لەگەڵ، (کار)ی ڕابووردوودا، دەرناکەوێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

- (ئاد) ئاما. یاخود، ئاما.

واتە: ئەو هات، یاخود، هات.

یاخود، ئەتوانین، بڵێین، کە (ئاما) پێکهاتووە لە (ئام + ا)، چونکە لە کاتی کۆکردنەوەیدا، بەم جۆرەی، لێ دێ:

- ئامێ = ئام + ێ.

واتە: هاتن.

بۆ کەسی یەکەم -ی تاک، دەبێ، بە(ئامام)، یان، دەبێ، بە(ئامانێ)، کە بەواتای (هاتم) دێ.

شایانی باسە، لە دۆخی تاکی سێیەمدا (کەسی سێیەمی تاک)، لە شیعردا، بە(ئامان)



بەکار دەهێنرێت. بەڵام، وشەی (ئاماوە)، بەواتای (هاتەوە)، هاتووە.

**ئامانەت (ن)**: ئەم وشەیە، لە (ئەمانە = أمانة)ی عارەبییەوە، هاتووە و لە کوردەواریشدا، بەهەمان واتا، بەکار دێ و پتریش، لەوە، بۆ داوای (پەنا) و (بەرگری لێ گرتن) و (پاراستن) وەک داخوازیی، بەکار دێت. بەم جۆرەی خوارەوە، لە ڕستەدا، بەکار دەهێنرێت، بۆ وێنە، دەوترێ:

- کابرا، هەندێ پارەی، بەئامانەت لای من داناوە.
- لێقەوماوەکە، ئەمانی بردە لای خزمەکەیان.

**ئامر** = **ئامیر (ن)**: ئەم وشەیە، ناوی کارایە و لە (آمر)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای سەرکردە، فەرماندە، سەرۆکە هێز، گەورە، خاوەن فەرمان، میری سوپا.

بۆ وێنە، دەوترێ:

- هەڵسوکەوتی لەشکەر لە کاتی جەنگدا، بەدەست ئامیرەکەیانە.

**ئانە (ئامرازی ئاماژە)**: (ئانە)، وەک (ئامرازی ئیشارە) و وەک (ڕاناو)یش بەکار دێ و بەواتای (ئەوە) لە شێوەی ئەدەبیدا، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

- ئانە کار و کردەوەی نیبیا!

واتە: ئەوە کاری کردەوە نییە!

**ئاوەردم (کار - ڕ)**: ئاوەردم، ڕستەیەکی تەواوە و پێکهاتووە، لە کار (ئاوەرد) و لە ڕاناو (-م). کە بەواتای (هێنام) هاتووە.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، کاری (ئاوەرد) تێپەڕە و بەم جۆرە، دەگرێتەوە:

هاوەردم (هێنام): ئاوەردم (هاوەردەم)

واتە: شتەکەم هێنا: چێوەکەم ئاوەرد.

**ئاوێزان (ئاوەڵکردار)**: خانا، دەفەرمێ:

(چون نەسیم، یاوا، بەوجا، بەجەختێ
ئاوێزانش کەرد، نە پای درەختێ)

لەم، وەرگرتە، هۆنراوەیەی خانادا، بۆمان ڕوونە کە (ئاوێزان)، بەواتای هەڵواسین دێ.

**ئاهەن (ئاهن)، (ن)**: ئاهەن، یان (ئاهن)، بەواتای (ئاسن) هاتووە و ئەم بەکارهێنانەش، زیاتر، لە ناو کوردیی ئێراندا، بەکار دێ. مەولەوی (ئاهین)ی بەکارهێناوە و بەم بۆنەیەوە، دەڵێ:

(جەزبەی ئاهینم دەماخ، دان پەرداخ
میقناتیس تۆی جام، کەردەن، وە یاتاخ)

**ئاهەنگ (ن)**: بەواتای، شایی، هەڵپەڕکێ، خۆشیی، زەماوەند، گۆیەند، بەزم و گۆرانی، هاتووە.

هەر کۆڕێکی بەستە و گۆرانی و ئاواز، کە بەبۆنەوە، بگیرێ.

**ئاهیستە (ئن)**: زۆرتر، بەکارهێنانێکی فارسییە و بەواتای (یەواش)، (لەسەرخۆ)، (بەئارام)، (بەئەسپایی)، هاتووە. هەندێ جاریش، وەک فەرمان، بەکار دێ و لەم حاڵەتەیشدا، دەبێ، بە(کار).

بۆ وێنە، دەوترێ:
– بە ئاهیستە، بدوە!
بە ئاهیستە، بەڕێوە، بڕۆ!

**ئایشە دۆڵ (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە ناوچەی (جوانڕۆ)وە، لەسەر ڕێگای (ملەپاڵنگانە و جوانڕۆ).

**ئەئیمە (ن)**: کۆکراوەی ئیمام (امام)ە و مەبەستی ئاغا عینایەتیش، دوانزە ئیمامە کە یەکەمیان، حەزرەتی عەلی -یە و ئاخرەمینیشیان، حەزرەتی (مەهدی)یە، سڵاوی خوایان، لێ بێ.

**ئەتراف (ن)**: وشەکە عارەبییە و کۆی (طَرَفْ)ە و بەواتای (لا) و (پەل و باڵ)، یاخود (دەست و قاچ) هاتووە.

حاڵی حازر، لە کوردیی ئێراندا (کوردیی کوردەکانی ئێران) وەک وشەیەکی باو، بەمەبەستی، بەدەستەوەدانی واتای (لا)، یاخود (لایەن)، بەکار دێ.

بەڵام، لە شێوە کوردیی ئەدەبیدا، وشەی (ئەتراف) بەهیچ جۆرێ، بەکار ناهێنرێ و لە بریتی و بۆ بەدەستەوەدانی، هەردوو واتاکە، وشەکانی، یاخود زاراوەکانی (بەژن و باڵا) و (لا) و (لایەنان) بەکار دەهێنرێن.



شایانی باسە، هەندێ جار، هەر لە لایەن، کوردەکانی ئێرانەوە، وشەی (ئەترافات)، بۆ بەدەستەوەدانی لایەنی زۆر، (گوایا، کۆی کۆیە) بەکار دەهێنرێت.

**ئەجداد (ن)**: وشەکە، عارەبییە و بەم جۆرەیە (أجداد)، کە بەواتای (باب و باپیر) هاتووە و، ئەم وشەیەش، کۆی (جَدْ)ی عارەبییە، کە بەواتای (باوکەگەورە = بابا، باپیر) هاتووە.

لە کوردیی ئەدەبیدا، ئەم وشەیە، بەکار نایەت و حاڵی حازر، لەبریی، هەروەک، لە سەرەوە، وتمان، (باب و باپیر) بەکار دەهێنرێت.

وشەی (ئەجداد) و بەکارهێنانی، باب و باپیری دووسەرە لە (دایکەوە، بابەوە) دەگرێتەوە!

**ئەجر (ن)**: وشەکە، عارەبییە و بەم جۆرەیە ( أجْرْ). واتای ئەم وشەیە، هەروەک لە عارەبیدا، چۆنە، بەو واتایەش لە کوردییدا، بەکارهاتووە و بەکارهێنراوە.

بەهەرحاڵ، ئەمڕۆ و لە شێوە کوردیی ئەدەبیدا، وشەی (کرێ)، بەکار دێ!

جگە لەو واتایەی، سەرەوە، واتا، لە بەکارهێنانی وشەی (ئەجر)دا، بەواتای (پاداشت = پاداش) بەکارهێنراوە و بۆ وێنە، دەوترێ:
– خوا، ئەجری ئەو چاکەیە، دەداتەوە.

**ئەجەڵ (ن)**: ئەم وشەیەش، عارەبییە و بەشێوەی (أَجَلْ) نووسراوە و بەکار دێ و بەڵام، لە کوردییدا، بەدوو شێوە، بەکار دەهێنرێ و ئەوانیش: (ئەجەل) و (ئەجەڵ)ن. بەم جۆرە، لە ناو ڕستەدا، بەکار دەهێنرێت:
– ئەو ئەجەلی هاتبوو، بۆیە چووبووە، ناوجەرگەی شەڕەوە و نەدەترسا!
– ئەجەڵی هەریەکێ، لەگەڵ هۆیەکدا، دێ!

**ئەحکام (ن)**:

کۆی وشەی (حوکم = حُکمْ)ە و ئەمیش، هەروەک دەردەکەوێ و زۆر ڕۆشنە، عارەبییە و بەزۆریش، لە هەموو لایەکی کوردستاندا، بەکار، دێ.

حوکم، بەواتای، (بڕیاردان)، (فیتوادان)، بۆ وێنە، دەوترێ:
– ئەو حوکمی چوار ساڵی، بەسەردا، دراوە.
– واتە: ئەو بڕیاری چوار ساڵی بەندیی، بەسەردا، دراوە.

**ئەدا (ن)**: ئەدا، وەک (کار)، بەواتای، (دەدا)، یان (دەدات)، هاتووە. بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو، پارە، بەسوود ئەدا!

لە لایەکی دیکەوە، (ئەدا)، بەواتای وشەی (دایک)ی شێوەی ئەدەبی، هاتووە.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر (ئەدا) لە شێوە کوردیی ناوچەی هەوراماندا، لەبریی وشەی (دایک) بەکار دێ.

لە بنەڕەتدا، (ئەدا) لە (ئەداد)ەوە هاتووە و ئەمیش لە دەوروبەری پێش ئیسلامدا، (ئاداد) بووە و ئەمیش بەم جۆرەیە:

(ئا + داد).

(ئا)، خۆی، لە کوردیی کۆندا، ئامرازی دژۆایەتی و نەفیە و (داد)، بەواتای، (یاساپەرست)، (ڕاستڕەو) و (ڕەحم لە دڵ) و (دڵسۆز) هاتووە.

لە کوردیی کۆندا، هەروەک وتمان، (داد) یاخود (دادا)، کە حاڵی حازر، بووە، بە(تات)، بۆ ناوی باوک، یاخود وەک بەدەستەوەدانی، واتای (باوک = باب = باو) هاتووە.

بەپێکەوەنانی (ئا)، وەک، ئامرازی دژۆایەتی و نەفی و وشەی (داد)، کە وەک وتمان، واتای (باوک)؛ وشەی لێکدراو و ناساکاری، کە (ئاداد) بێ، دروستیان کردووە و ئەویش، ئەوەیە، کە لەگەڵ، یەکتریبیدا، دژۆایەتی دروست دەکەن.

واتە، ئەگەر (داد)، (سالب) بێ، ئەو (ئاداد) مووجەبە و ئەگەریش، باوک، (سارد) بێ، ئەوە، دایک (گەرم)ە و بەو جۆرە.

لە ناوچەی هەوراماندا، دراوێک، بەناوی (ئاداد)ە، دۆزراوەتەوە و دەوری ئەو سکەیەش، دەگەڕێتەوە بۆ دەور و دەمی ئەشکانییەکان، لە کاتێک، کە یۆنانییەکان دەکەنە دەرەوە و سەرپاکی ناوچەکانی ئێران، حکوومەتی دەرەبەگییان، تیادا، دادەمەزرێ!

بەهەرحاڵ، ئەو دراوە، بەدیوێکیەوە، بەئەلفوبێی ئارامی، ناوی خاوەنی ئەو دراوە، یاخود ناوی حاکمی ئەودەمەی، ئەو ناوچەیەی بەسەرەوە، نووسراوە، کە بەناوی (ئاداد)ەوەیە و ئەو (ئاداد)ەش، واتای (ئەدا)ی ئەمڕۆ، کە (دایک)ی لەبریی، لە کوردیی ئەدەبییدا بەکار دێت و ئەو (ئاداد)ەش، هەروەک وێنەی سەر دراوەکە، دەری خستووە. ئافرەتێکە.

کەوا بوو، حاکمی ناوچەکانی هەورامان –ی ئەودەمە ئەو ئافرەتە بووە و کە بەناوی



(ئاداد)ەوە بووە و ئەو حاکمەش، جگە لەوەی کە حاکمی ناوچەکانی هەورامان بووە، لەوانەیە، لەوانەش بووبێ، کە حاکمی زوربەی ناوچەکانی کوردستان بووبێ و بۆیە، بەناوی خۆیەوە، دراوی لێ داوە و دووریش نییە، کە خاوەنی لەشکەری تایبەتی خۆی نەبووبێ، هەروەک زوربەی ستراپنشینی ناوچەکانی ئێران و سەرپاکی کوردستان، لەو دەمەدا، وەها بوون و بۆشمان هەیە، بڵێین: کە بەم پێیە، بۆچوونەکەی سەرەوەمان، تەواوە بەهەرحاڵ، ئەم زۆرتری پێ دەوێ و هەروەها باش لێکدانەوەی نووسراوی سەر دراوەکەش، زۆرتری پێ دەوێ، ئەگەر بهاتایە لە ژێر دەستتدا، بووایە!

**ئەردەڵان (ن)**: ناوی هۆزێکی گەورەی کوردە و گەلێ پیاوی گەورەیان، لێ هەڵکەوتووە، ساڵەهای ساڵ، حکومەتی کوردستانی ئەمدیو و ئەودیویان، بەدەستەوە بووە، وڵاتەکەشیان (کوردستانی ئێران) بەئەردەڵان ناسراوە.

**ئەرشەد (ئن)، (ن)**: وشەی (ئەرشەد)، کە لە کوردییدا، وەک (ناو) بەکار دەهێنرێت، لە وشەی (أرشَدْ)ی عارەبییەوە هاتووە.

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، هەروەک ناو بۆ کوڕ، یاخود نێرینە، بەکار دێ و پتریش لەوە، بۆ بەدەستەوەدانی واتای (زانا)، (پێگەیشتوو)، (دانا)، (تێگەیشتوو)، (کامڵ)، (گەورە)، بەکار دێ و بۆ وێنە، دەوترێ:

– کوڕی ئەرشەدی کاوە، کامەرانە.

– ئەو شاگردە، لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەرشەدە!

– ئەو ناوی ئەرشەد –ە.

**ئەزان (ئن)، (ن)**: ئەزان، ئەگەر بەواتای بانگ بێ، ئەوە، لە عارەبییەوە، وەرگیراوە و ئەویش (آذان)ی عارەبییە و لەوانەشە، لە (ئازان = آذان)ی، عارەبییەوە بێ.

بەهەرحاڵ، لە هەردوو جۆرەکەیدا، بەواتای؛ (ئاگادارکردنەوە، یان ئاگاداری کردنە، یاخود خەبەر پێ دانە، یاخود جۆرە ئیزن دانێکە) بۆ ئامادەبوون، بۆ نوێژێ، بۆ کارێ، بۆ ئیشێ.

ئەگەریش، لە (ئەزان)ی کوردیی، بکۆڵینەوە، دەبێ بڵێین، کە ئاوەڵناوە و بەواتای: (زۆر زانا و، زۆر لێهاتوو، زۆر وریا، زۆر دانا...) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو خوێندەوارێکی، زۆر ئەزانە (زانا)یە.

**ئەزگڵە (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە لای سەرووی سەرپێڵی زەهاوە و کەوتووەتە داوێنی کێوی (بەمۆ)وەوە و حاڵی حازر، سەر بەناوچەی جوانڕۆیە.

**ئەزەڵی (ئن)، (ن)**: وشەی ئەزەڵی، یان ئەزەلی لە (أزلي)ی عارەبییەوە هاتووە و لە کوردی کوردەکانی ئێراندا، وەک (ئەزەڵی) و (ئەزەڵ)، بەکار دێت و واتای (بنەڕەت) و (بنچینە)، بەدەستەوە دەدات و پتر لەوەش، واتای (کۆن) و (دێرین)، دەبەخشێ.

بەهەرحاڵ، (ئەزەڵی)، کە ناوە، یاخود (ی) نیسبەتی وەرگرتووە، لە وشەی (ئەزەل)، یاخود (ئەزەڵ)ەوە، هاتووە.

بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:

– لە ئەزەڵدا، هەر بەو جۆرە دروست کراوە!

– ئەو خواکردە و لە ئەزەڵدا، وەهایە.

– لە ئەزەڵ دا، دنیا، خڕ، دروست کراوە!

**ئەساس و ئەساسە (ن)**: ئەساس، لە وشەی، عارەبی (أساس)ەوە، وەرگیراوە و هەروەک، واتا، عارەبییەکەی، لە کوردیشدا، کە لە لایەن کوردەکانی ئێرانەوە، بەکار دەهێنرێ، بەواتای (بنەڕەت) و (بنچینە) و (بەردی بناغە) یاخود (بناغە) هاتووە.

بەڵام، ئەساسە، لە (أثاث)ی، عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای، کەلوپەلی ناوماڵ هاتووە، هەروەک، لە عارەبیشدا وەهای بەکار دەهێنن!

**ئەسامی (ن)**: وشەی (ئەسامی)، لە (أسامی) عارەبییەوە وەرگیراوە و ئەویش، کۆی (إسم)ە و لە کوردیی کوردەکانی ئێرانیشدا، وەک لاسایی کردنەوەی زمانی فارسی، بەهەمان، واتا، بەکار دێ.

**ئەسفەندیار (ن)**: ئەسفەندیار، ناوی کوڕی (گوشتاسپ)ی پادشای کەیانی بووە، کە بەدەست (ڕۆستەم) کوژراوە.

**ئەسفەهان (ن)**: یەکێکە لە شارە گەورە و بەناوبانگەکانی ئێران و شوێنەواریی مێژوویی، زۆری تیادایە، وەک: کاخی عالی قاپوو، مەنارەی لەرزۆک (مناره جنبان)، مەدرەسەی چوار باخ، هەروەها پردی، سی و سێ کڵ (سی و سێ پل)، کە ئەڵلاوێردیخان بەستوویەتی و هەندێ شوێنەواری دیکەش.



ناوی ئەسفەهان، گوایا، عارەبی کراوی (ئەسپاهان) و پێش ئەو ناوەش، بەچەند ناوێکی دیکەوە، ناسراو بووە، کە وەک (سوپاهان، ئەسپەهان).

لە دەمی سەفەوییەکاندا، کراوە، بەپایتەختی ئێران، لە زەمانی ڕەزا شاهدا، بەندیخانەیەکی زۆر گەورەی هەبووە، کە زوربەی سەرۆکەکانی، عەشایری کورد، لەوێدا، بەند کراون، بۆ وێنە، (ئاغا عینایەت) و (روستەمی) و (هاشمی) و چەندانی دیکە، ئا لەو بەندیخانەدا، بەند بوون.

**ئەسکەندەر (ن)**: ئەسکەندەر، ئەسکەندەری مەکدۆنی (مەقدۆنی)یشی، پێ دەوترێ و بەم ڕووالەت و ئاوازەشەوە، بەعارەبی کراوە و ناوەکەی (ئەلەکسەندرۆز)ە و ناوی باوکی (فلیب)ە، یاخود (فیلپۆس)ی مەقدۆنییە.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا، لە مەقدۆنیە، نیشتەجێی باوکی و پیاوێکی دانا و هۆشیار و زانا و ئازا و نەترس بوو. لە بەهاری (٣٣٤) پ. زاییندا، بۆ گرتنی ئێران لەگەڵ چل هەزار سەربازدا، وەک لەشکرێ، لە تەنگاوی (دەردەنیل)ەوە بەرەو ئاسیا هاتووە.

پاش داگیرکردنی سوریە و میسر، بەرەو ڕووی دەوڵەتی هەخامەنشی بوویەوە و داریۆشیش، لەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا، داوای ئاشتی کرد، بەڵام ئەسکەندەر، گوێی بەداخوازییەکەی داریۆش نەدا و لە لای هەولێر، لە جێگایەکدا، کە پێی دەوترێ (گۆگەمل) توانی، بەسەر لەشکری داریۆشدا سەربکەوێ و داریۆش هەڕا بکات و لە کاتی هەڕاکردندا، لە بەلخ، لە لایەن ستراپنشینی (بەلخ)وە، بکوژرێ و ئەسکەندەریش بەتەواوی، سەرپاکی ناوچەکانی ئێرانی خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوە و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو ساڵی (٣٢٣) پ. ز لە عێراقدا، بەهۆی، مەلاریاوە بمرێ.

**ئەسڵ (ن)**: ئەسڵ، لە وشەی (أصْلْ)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای، (بنچینە) و (بنەڕەت) و (بناغە) هاتووە، هەروەها بەواتای (ڕەسەن) و (نەجیب) و (بوودە) و (خانەوادە) هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو، ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو ئەسڵی پووچەڵە!

– ئەو لە خانەوادەیەکی، ئەسڵە!

**ئەسڵەحە (ن)**: وشەی ئەسڵەحە، لە وشەی (أسلِحَة)ی عارەبییەوە وەرگیراوە و هەر بەهەمان، واتا، بەکار دەهێنرێ، بۆ وێنە، دەوترێ:

– لەشکرەکەیان ئەسڵەحەی، زۆر، نوێی، هەیە.

**ئەسڵەن (ئاوەڵکار)**: ئەسڵەن، بەواتای (هەرگیز) هاتووە و لە لایەن کوردەکانی ئێرانەوە، وەک لاسایی کردنەوەی، بەکارهێنانی لە فارسی، بەکار دێت.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ئەسڵەن، کورد نییە!

**ئەسەد ئاوا (ن)**: ئەسەد ئاباد، یاخود ئەسەد ئاوا، شارێکە، سەر بەستراپنیشینی شاری هەمەدانەوە و کەوتووەتە، سەر ڕێگای کرماشان و هەمەدانەوە، ئەسەد ئاباد، زۆرتر بەگەردنە، سەختەکەیەوە، بەناوبانگە کە بەناوی گەردەنەی (ئەسەد ئاباد)ەوە ناوی دەرکردووە و ئەو گەردەنەیەش سەیرانگایەکی جوانی هاوینانە.

**ئەسەد بەگ (ن)**: ئەسەد بەگی (دەرەی کێ):

یەکێک بووە، لە بەگزادەکانی (دەرەی کێ)ی هەورامانی تەخت.

**ئەسەر (ن)**: وشەی (ئەسەر)، لە (أثر)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (شوێنەوار)ی ئەمڕۆی، ناو کوردیی، شێوەی ئەدەبی هاتووە و زۆرتر، لە ناو کوردەکانی ئێراندا، بەکار دێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەسەری پێی، لە زەویە نمدارەکەدا، دەرکەوتووە.

– ئەسەری، شوێنە ڕووخاوە کۆنەکان، وەک کەلاوەیەک، لە هەندێ جێگادا، بەرچاو دەکەوێ.

**ئەسرین (ن)**: ئەسرین، بەواتای، فرمێسک، هاتووە و هەندێ جاریش، لەبریی، (ئەشک) و (ئەسر)، بەکار دەهێنرێن.

شایانی باسە، (ڕۆندک)یش، هەمان، واتا، دەدات. بەم بۆنەیەوە، خانا، یەژێ:

(بە مەوجی موژگان، بە ئەندۆی ئەسرین
بە نالانی ناز، دیا، بە شیرین)

**ئەسیر (ئن)**: وشەی ئەسیر، لە (أسیر)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای، (گرفتار) و (بەند) و (دەستگیرکراو) دێ و لە شێوەی کوردیی ئەدەبیدا، وشەی لێکدراوی، (دەستگیرکراو) بۆ بەکار دەهێنرێت.



بۆ وێنە، دەوترێ:

– لە شەڕی عێراق و ئێراندا، لە هەردوو لا سەربازی زۆر (ئەسیر) کران!

**ئەشخاس (ن)**: ئەم وشەیەش، لە (أشخاص)ی عارەبییەوە، هاتووە، ئەمیش، کۆی (شخص)ی عارەبییە و بەواتای (کەسان) هاتووە. زۆرتر، لە لایەن کوردەکانی، ئێرانەوە، بەکار دەهێنرێت.

**ئەشراف (ن)**: ئەشراف، لە وشەی (ئەشراف = أشراف)ی عارەبییەوە هاتووە و ئەمیش کۆی (شریف)ی، عارەبییە و بەواتای (پیاوانی شەریف) و (پیاوانی نەجیب) و (کەسانی ڕەسەن) دێ. لە کوردیشدا، بەهەمان واتای عارەبی، دێت.

**ئەشکانی (ئن)**: وشەی (ئەرشەک)، وشەیەکی پارسی ئەشکانییە و (ر)یەکەی سواوە و بووە، بە(ئەشک)، کە بەباپیرە گەورەی پاشایانی ئەشکانی، لە قەڵەم ئەدرێ و بەو ناوەوە، خۆیان و دەوڵەتیان، (کە توانیان، یۆنانییەکان لە وڵاتەکانی ئێراندا، دەرپەڕێنن) ناوبانگیان دەرکرد و دەوڵەتی ئەشکانیش نزیکەی (٥) پێنج سەدەیەک خایاندی واتە؛ لە نێوان (٢٥٠ پ. ز – ٢٢٦ ز)دا.

**ئەعلا (ئن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (أعلی)ی عارەبییەوەیە و لە شیعرەکانی، ئاغا عینایەتدا، بەواتا، خاستر و چاکتر و ڕەواتر، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ئەعلای ئەو هەموو شاگردانەیە.

– ئەم فەرشەیە، ئەعلایە.

**ئەعماڵ (ن)**: وشەی ئەعماڵ، لە (أعمال)ی عارەبییەوە هاتووە و ئەمیش، کۆی (عمل)ە و بەواتای (کردەوە) و (کردەوان).

**ئەعیان (ن)**: ئەعیان، لە وشەی (أعیان)ی، عارەبییەوەیە و ئەمیش کۆی (عین)ی عارەبییە و بەواتای، پیاوماقوڵ، خانەوادە، گەورە، شەریف، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ماڵی موعتەمەد وزیری، لە ئەعیانەکانی سنەن.

**ئەغیار (ن)**: ئەم وشەیە عارەبییە و لە (أغیار)ەوەیە و ئەمیش کۆی (غَیرْ)ە و بەواتای

(بێگانه) و (ئەوانی دیکه) و (دیگەران) هاتووە و لە لایەن کوردی ئێرانەوە بەزۆری بەکار دێ و بۆ وێنە، دەوترێ:

– مەجلیسێکمان پێک هێنا، خاڵی، لە ئەغیار.

**ئەفراسیاب (ن)**: یەکێکە، لە پادشاه، بەناوبانگەکانی توران و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لەگەڵ ئێراندا، جەنگا و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو، کە لە سەردەمی (کەیخوسرەو) شاهەنشاهی ئێراندا، کوژرا.

**ئەفزا (ئن)**: زۆرتر، ئەم وشەیە، لە فارسیدا، بەکار دێت و چاوگەکەی (ئەفزوودەن)ە و بەواتای (خۆشکەر)، (فەرەح پێدەر)، (گەشەپێدەر) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمڕۆ، چوومە، ناو باخێکی ڕۆح ئەفزا –وە.

بۆ وێنە، خانا، یەژێ:

(خوسرەو، جە بۆسەی، ڕۆح ئەفزای، بێ غەش
یاوا، ئەفسەرش، بە چەرخی، زەرکەش)

**ئەفزوون (ئن)**: زۆرتر، لە لایەن، کوردەکانی ئێرانەوە، بەکار دەهێنرێ و بەواتای (زۆر) و (زۆرزۆر)، (فرە)، (بێ شومار) هاتووە، بۆ وێنە، خانا، یەژێ:

(فەرهاد داش، جەواب، بە سۆزی دەروون
وات: ئەی خیرەتمەند، مەعریفەت ئەفزوون)

**ئەفسانە (ن)**: ئەفسانە، بەواتای داستانێ دێ، کە دوور بێ، لە ڕاستی و ڕاستەقینەی تەواوە و لەوانەشە، کە داستانێ بێ، بەسەر، ریشەیەکی ڕاستەوە، تەنرا بێ، یان دروست کرا بێ. لە کوردەوارییدا، داستانی زۆر هەن و لە هەندێ، لەو داستانانەدا، لەگەڵ، هینی فارسیدا، بەشداریی دەکەن و بۆ وێنە، داستانی ڕۆستەم و زۆراب و داستانی لەیلێ مەجنوون و داستانی یوسۆ و زلێخا و داستانی، شێخ کوولەکە و، داستانی زۆرابە کەچەڵ و داستانی هومەیلا و زلێخای یەمەن و بەو جۆرە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– رازی، یاخود داستانی (مەم و زین) لەسەر هەندێ ریشەی ڕاستییەوە، دروست کراوە!

شایانی باسە، وشەی (فسانە)ش، لە لایەن (خانا)وە، بەواتای (ئەفسانە) هاتووە.



بۆ وێنە، خانا، دەفەرمێ:

(نەقشبەندی لەوح شیرین فسانە
بەی تەور کێشا، نەقش، شۆخ و مەستانە)

**ئەفسوون (ن)**: وشەی (ئەفسوون)، بەواتای (حیلە، فێڵ، تەڵەکە، سیحر) دێ و بەواتای، یاخود لەسەر شێوەی (فسوون)یش، هاتووە. ئەم وشەیە، ئەگەرچی، کوردییەکی زۆر دێرین و کۆنە، بەڵام بەزۆری، لە لایەن، کوردەکانی ئێرانەوە، بەکار دێ! بەم بۆنەیەوە، خانا، یەژێ:

(وەختێ ڕەزاشەن، بوانۆ، ئەفسوون
ماوەڕۆ، بە وار، خورشید، نە گەردوون)

**ئەفسەر (ن)**: وشەی ئەفسەر، وشەیەکی کوردیی کۆنە و بەواتای، (تاج، کولاوی شاهی، خاوەن پلەی زابتی و ئەوانەی، کە پایەی فەرماندارییان لە ئەفسەریدا، هەیە:

بۆ، وێنە، خانا، بەم بۆنەیەوە، دەڵێ:

(جە لاش، یەک جامێ، شەرابی، ئەحمەر
گرانیی تەرەن، جە شاهیی و ئەفسەر)

**ئەقدەس (ئن)**: وشەی ئەقدەس، لە وشەی (أَقْدَسْ)ی، عارەبییەوە هاتووە و بەواتای: (پاکیزتر و بەڕێزتر و بەپایەتر و بەپیرۆزتر و بۆ پایەبەرزیی خوای گەورەش، وەک بەرزترین، پایەدار) بەکار دێ.

**ئەڵبەت (ئەڵبەتە)**: هەروەک دەردەکەوێ، لە وشەی (الْبَتة)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەڵام، لە کوردییدا، لە ڕووالەتی (هەڵبەت)دا، بەزۆری، بەکار دەهێنرێت و بەواتای، (لەوانەیە)، (ڕەنگ بێ) و (دوور نییە) و (زۆر نزیکە) بەکار دێ. بۆ وێنە، دەوترێ:

– هەڵبەت کاری هەبووە، بۆیە هێشتا نەهاتووە.

**ئەلحەقق (ئاوەڵکار)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (الحق)ی، عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای، (بەڕاستی) هاتووە و بەم واتایە، لە زمانی کوردیی کوردەکانی ئێراندا، بەزۆر، بەکار دێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەلحەقق، گوتەکەی، زۆر تەواوە!

**ئەلعەتەش (ئن)**: وشەی ئەلعەتەش، لە (العطش)ی عارەبییەوە، هاتووە بەواتای:

(تینوویەتی، تینگی، تەژنەیی) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– دەنگی ئەلعەتەش –ی سەربازەکان، بەرز، بوویەوە!

**ئەلوەداع (ن)**: ئەم وشەیەش، لە (الوداع)ی عارەبییەوە، هاتووە و هەر بەهەمان، واتاش، لە کوردیی کوردەکانی ئێراندا، بەکار دێ.

زۆرتریش، بە(ئەلوەدا) – (سوادی – دەنگی عەینەکەی) بەکار دەهێنرێ و دەوترێ:

(هـەرچـەنـد پـەرێ مـن تـۆ **ئـەلـوەدا**تـەن
ئاخـر سـەرئەنجـام، ئی جـاگـە جـاتەن)

(ئەحمەد بەگی کۆماسی)

**ئەڵوەند (ن)**: ناوی کـەژێکە، لە هەمـەداندا، بەرزی دەگـاتە (٣٧٤٦) گـەز هەمـیشـەش، بەفری گرتووە. هەروەها ڕووبارێکە، کە لە نزیک شاە ئاباد (ئیسلام ئاباد) و کرندە و سەرچاوەی لە شاخەکانی زەهاوەوە، هەڵدەقوڵێ و بەناو شاری قەسری شیریندا تێدەپەڕێ و لە عراقدا، دەڕژێتە ڕووباری (دیالە)وە.

وشەی (ئەڵوەند)، یاخود (ئەروەند)، وشەیەکی کوردیی کۆنە و بەواتای (تووش و توندوتیژ) هاتووە.

**ئەڵها (ئاوەڵکردار)**: کەڵکەڵە، ئارەزوو، خواهیش، خواست، زۆرتر، لە کاتی سەرەمەرگدا، بەکار دەهێنرێ، بەتایبەتی یەکێک لە کاتی کیانکەنیشتدا، یاخود نەختێ پێش کیانکەنیشتدا، داوای، ئارەزووی خواهیشی؛ خواستی، شتێ، یەکێ، دەکات!!

بۆ وێنە، شاعیرێ، یەژێ:

(ئـازیـز وەبێ تـۆ، گـــــلاراومـــــەن
وێـنەی ئـازاردار، ئەڵـهــــای ئـاومــــەن)

**ئەمر (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (أمر)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای، (فەرمان) هاتووە. زۆرتریش، ئەمر، لە گەورەوە بۆ بچووک، دەردەچێ!! (فەرمان)یش، جۆرە ئیزنە، بەکارکردن و (هەر جۆرە کارێک)!

خانا، دەفەرمێ:

(جـەودمـا، بە ئەمـر بینای بیـهـتـەرین
خـــازنی بەهەشت، جـــە رەوزەی بەرین)



**ئەملاک (ن)**: ئەملاک، کۆی (موڵک)ە و لە بنەڕەتدا، وشەکە لە (أملاک)ی عارەبییە و بەواتا، موڵک، سەروەت، سامان، هاتووە و هەروەها، بەواتای (فریشتان) و (شاهان) دێ.

**ئەموال (ن)**: ئەمیش، لە وشەی (أموال)ی عارەبییەوە، هاتووە و هەر، بەهەمان واتای عارەبی، بەکار دێ، کە واتای (سەروەت و سامان و موڵک و ماڵ) ئەدات.

**ئەمیر (ن)، (ئن)**: ئەمیر، لە وشەی (میر)ەوە هاتووە و هەروەک دەریشدەکەوێ، کە لە بنەڕەتدا، وشەکە (میهر) بووە و عارەبەکانیش لە کوردیی کۆنەوە، وەریان گرتووە و کردوویانە بە(أمیر) و کوردەکانی ئێرانیش، لەو ڕووواڵەتە عارەبییەیەوە، وەریان گرتووە، یان بەکاری دەهێنن.

(میر)، بەواتای، (سەرۆک، گەورە، فەرمانداری، فەرمانڕەوا، سەردار، سوپاهسالار) هاتووە. لە دەوری ئیسلامەتیدا و سەرانسەری و هەروەهاش، لە سەرانسەری فەرمانڕەوایی ئەشکانی و ساسانیدا، کوردەکان، لەملا و لەولاوە، میرایەتییان، وەک دەوڵەتی سەربەخۆ، بەخۆیان، دامەزراندووە، بۆ وێنە، وەک، میرایەتی بابان، میرایەتی سۆران، میرایەتی ئەردەڵان، میرایەتی زەنگەنە و باجەڵان، میرایەتی ئامێدی،... هتد.

**ئەنبار (ن)**: (ئەنبار) و (هەمار) یەک واتای هەیە و ئەو جێگا تایبەتییەیە کە تیایدا، (شت، کەلوپەل، دانەوێڵە، کەلوپەلی زیادە) هەڵدەگیرێ و پارێزگاری دەکرێ و هەروەهاش بۆ جەم کردنی ئاو تیایدا، بەکار دەهێنرێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو کەلوپەلە زیادەکەی خستووەتە ناو همبارەکەوە.

– ئەوان، ئەنباری ئاویان، هەیە!

**ئەنجام (ئاوەڵکردار)**: ئەنجام، بەواتای، دوایی، کۆتایی، پایان، هاتووە، هەروەها، بەواتای، جێبەجێ کردن و کردەوە، بەکار دێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەنجامی کارەکەی، زۆر سوودبەخش، بوو.

– لە ئەنجامدا، نەیتوانی دەربچێ!

**ئەندوە (ن)**: ئەم وشەیە، لە کوردیی کۆندا، هەیە و لە بنەڕەتدا، ناساکارە، یاخود

لێکدراوە و پێکهاتووە، لە (هەن + دوو)، یان (هەناسە + دوود)، کە واتای هەناسەیەکی دووکەڵاویی، پڕ لە ئێش و ئازار، دەدات.

ئەندوهدار، هۆی خەفەتباری و ناڕەحەتییە و بۆیە هەمیشە، هەناسەکانی، دەنگی (ئاخ و داخ)یان، لێوە بەرز دەبێتەوە!

بەم بۆنەیەوە، خانای قوبادی یەژێ:

(ئەوەن زاریی کەرد جە ئەندوی دەروون
خرۆش کەرد نە سەنگ قوللەی بێستوون)

**ئەندێش (ن)**: (ئەندیشە)، یاخود (ئەندێش) لە کوردیی کۆن و دێریندا، وەک ناساکار، (لێکدراو)، هاتووە و ئەویش پێکهاتووە، لە (هەن + یش)، یاخود، لە (هەناسە) و (وردبوونەوە) یان، ئیشێ، کارێ، لێکۆڵینەوەیێ، پشکنینێ، نەخشەیێ، پیلانێ. ئەگەر بمانەوێ، بەکوردیی ئەمڕۆ، لێکی بدەینەوە، بۆمان هەیە، بلێین، کە واتای (بیری قووڵ) و هەناسەدرێژی کەفەسەر بەبیر و بەرپرسیی، دەدات.

لەم بارەیەوە، خانا، یەژێ:

(بەڵێ هەرکەسێ، ساحیب ئەندێشەن
عالی هیممەتەن، سەخاوەت پێشەن)

**ئەنزار (ن)**: ئەنزار، لە (أنظار)ی عارەبییە و ئەمیش کۆی (نظر)ە و لە کوردیشدا، بەهەمان واتا، بەکار دێ و زۆرتریش، بەم واتایانە: (ڕوانین، چاوان، لەبەرچاوان، ئاشکرا، ئاگاداریی).

**ئەنگێز (ئن)**: ئەنگێز، بەواتای، (هاندەر)، (پاڵ پێوەنەر)، (گەشەپێدەر) هاتووە و لە لایەن، فەرهەنگی فارسییە، لە حاڵەتێکی لێکدراودا، بەزۆری بەکار دێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەگەر ئەتوانی بۆ خوێندنەکەی ئەنگێزی بکە!

واتە: ئەگەر ئەتوانی، بۆ خوێندنەکەی هانی بدە!

یاخود دەوترێ:

– کابرا شەڕئەنگێزە.

واتە: کابرا، شەڕ هەڵگیرسێنەرە (شەڕانییە)!



لەم ڕووەوە، کۆماسی یەژێ:

(ئەو دیدەی مەخموور، ئاهووبێزی تۆ
ئەو قەوسی قەتران، شەڕ ئەنگێزی تۆ)

**ئەوتاد (ن)**: ئەوتاد، لە (أوتاد)ی عارەبییەوە، هاتووە و ئەمیش کۆی (وَتَدْ)ی عارەبییە و واتای (مێخ) دەدات. بەڵام بەشێوەیەکی ئیستیعارە، بەئەو کەسانە دەوترێ، کە پێشەوایانی ڕێگەی سۆفیگەرییەتین.

**ئەوج (ن)**: ئەم وشەیە، لە (أوج)ی عارەبییەوەیە و بەواتای؛ زۆر پۆپە و زۆر قوللە و زۆر بەرزایەتی، زۆر باڵایی، بەکار دێ.

**ئەوزاع (ن)**: ئەم وشەیە، کۆی (وەزع)ە و ئەمیش لە (وَزْعْ)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە، یان هاتووە و بەواتای، چۆنیەتی حاڵ و سەرگوزەشتە و ژیان و هەڵسوکەوت هاتووە. هەندێ جاریش، وەک کۆی کۆ، بەکاری دەهێنن و دەڵێن (ئەوزاعات)، مەبەستیش لەم وشەیە، سەرپاکی چۆنیەتی، یاخود هەنیی، ژیانە.

**ئەوساف (ن)**: ئەم وشەیە، کۆی (وەسف = وَسفْ)ی عارەبییە و، بەواتای (ناوونیشان و ڕوواڵەت و چلۆنی و چۆنی) هاتووە.

**ئەوگار (ئن)، (ن)**: وشەیەکی کوردیی کۆنە و بەواتای، (پەرێشان، بریندار، نائاسوودە، ناڕەحەت، پەشێو، لێقەوماو، شپرزە، نەخۆش) هاتووە.

**ئەولاد (ن)**: ئەولاد لە (أولاد)ی عارەبییەوەیە و ئەمیش کۆی (وَلَدْ)ە و بەواتای منداڵ، کوڕ، هاتووە.

**ئەولیا (ن)**: ئەمیش، کۆی (وَلي) عارەبییە و بەواتای، (گەورە، خواترس، جێگەدار، ئاگاداریکەر، سەرپەرشتیکەر) هاتووە.

**ئەوەند (ئن)**: کورتەی (ئەوەندە)یە و بۆ تێک نەچوونی ئاواز و کێشەی شیعرەکەی پێ لەنگ نەبێ و بەواتای (چەند و چەن) هاتووە. یاخود، وشەیەکە، بۆ پێوانی شتێ، یان کێشانی بەکار دێت. بۆ وێنە، دەوترێ:

– دا، نیو کیلۆ گۆشتم، بۆ بکێشە! چونکە خۆم بەتەنیام و ئەوەند (ئەوەندە)م، بەسە.

**ئەهلییە (ن)**: ئەم وشەیە، لە (أهلیة)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای؛ (خێزان،

خەڵکی گەڕەک، هاووڵاتی، خزم و خوێش) هاتووە.

**ئەیام (ن)**: ئەمیش، عارەبییە و کۆی وشەی (یَوْمْ)ە و بەهەمان واتایش، لە ناو کوردەواریی ئێراندا، بەکار دێت و بەواتای (ڕۆژان، دەمان، چەرخان، زەمان) دێ.

**ئۆتاق (ن)**: ئەم، وشەیە، لە بنەڕەتدا، تورکییە و بەواتای (چادری بیابان، دەوار) دێ و لە ناو کوردەواریی ئێراندا، هەروەها، لە ناو فارسیش، بەواتای (ژوور، هۆدە، حوجرە) بەکار دێ.

**ئۆجاخ (ن)**: لە بنەڕەتدا، وشەکە تورکییە و بەواتای، (سێ کوچکە، کوانک، ئاگردانی چێشت و نان کردن و جێگای کەباب برژاندن) هاتووە.

لە کوردیشدا و لە فارسیشدا، بەم واتایانە هاتووە و پتر لەوەش، بەواتای (خانەدان) و (خانەوادە) و (نەجیب زادە) هاتووە و لە لایەکی دیکەشەوە، بە(نەوە، نۆبەرە، وەچە) دەوترێ و بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:

- ئەو، کوڕی نییە و، ئۆجاخی، کوێرە!
- کەیخەسرەو، ئۆجاخزادەیە!
- ئۆجاخی، چایخانەکەی، جوان و ڕازاوەیە!

شایانی باسە، بەشێوەی (ئۆجاغ، ئۆجاق)یش، لەسەر زاران، دەبیسترێ!

**ئۆرد (ئن)**: ئەم وشەیە، لە ئێرانی (ئاریانی) کۆن دەکات و حاڵی حازر، بەواتای، (وەک، چون، بەوێنە) هاتووە.

ئەگەر، وەک چاووگی فەرمان (ڕەگی کار)یش بەکار بهێنرێ ئەو کاتە، شێوەی فەرمان دەگرێتە، خۆی و بەم جۆرەش هەر تەنیا، لە سەربازییدا، بەکار دەهێنرێ و ئەوکاتەش ئەم جۆرە بەکارهێنانەش، لە لایەن، ئۆردووی تورکەکانەوە بەکارهاتووە و ئەو وڵاتانەش، کە کەوتوونەتە، ژێر دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکانەوە، هەمان وشەی (ئورد)یان، وەک فەرمانی ئاگاداریی کردنەوە، بەکارهێناوە!

**ئۆردوو (ن)**: وشەی ئۆردوو، بەلەشکرێکی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆری نەتەوە دەڵێن و حاڵی حازریش، بەزمانی هیندی و پاکستانی، زمانی ئوردوو دەوترێ، کە بریتییە، لە زمانێکی تێکەڵاو!

وەک، دەوترێ، وشەکە، لە بنەڕەتدا، تورکییە!



**ئۆستاد (ن)**: وشەیەکی، کوردیی کۆنە و بەجۆری (ئۆستا، ئۆسا، هۆسا) لە ناو کوردییدا، بەکارهاتووە و بەکار دێ و بەواتای خاوەن پلەیەکی بەرز، (لە هەر کارێکدا، لە هەر گۆشەیەکی زانیاریی و زانین)دا دەوترێ.

بەم بۆنەیەوە، دەبێ بوترێ، کە (أستاذ)ی عارەبیش هەر لەوەوە، وەرگیراوە و بەم جۆرەش دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو ئۆستایە، لە دارتاشیدا!
- لە ئەستێرەشناسیدا، ئەو ئوسایەکی ڕەوایە!

بەم بۆنەیەوە، خانا، یەژێ:

(خامەی خوسرەویی خانای قوبادیی
خاستەر، جە شاپوور، جە ڕای ئۆستادیی)

**ئوناس (ن)**: کۆی (أنثى)یە و وشەکە عارەبییە و بەهەمان واتاش لە کوردیی ئێراندا، بەکار دێ و بەواتای (ژنان و کیژان) دێ.

**ئیبلاغ (چ)**: ئیبلاغ وشەیەکی عارەبییە و ئەویش، واتە (ابلاغ) بەواتای (پێ وتن، پێ ڕاگەیاندن، هەواڵ پێ دان) هاتووە.

**ئیتاعەت (چ)**: ئەمیش وشەیەکی عارەبییە و لە (إطاعة)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (گوێڕایەڵی کردن) هاتووە.

**ئیتلاعییە (چ)**: ئەمیش لە (اطلاعیة)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (بۆ ئاگاداریی، بۆ زانین، بۆ وریابوونەوە) هاتووە.

**ئیتمینان (چ)**: ئەمیش، لە وشەی (إطمئنان)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای دڵنیایی و ئاسوودەیی و ئارامی و ڕەحەتی بیر و هۆش، هاتووە.

**ئیحاتە (چ) (ئاوەڵکردار)**: ئەمیش لە وشەی (إحاطة)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (دەورەدان، دەوروبەر گرتن، زۆر بۆ هێنان و ڕاپێچکردن) هاتووە.

**ئیحراز (چ) (ئاوەڵکردار)**: ئەمیش لە وشەی عارەبی (احراز)ەوە هاتووە و بەواتای سەرکەوتن و بەدەست هاوەردن -ە.

**ئیحزار (چ) (ئاوەڵکردار)**: ئەمیش وشەیەکی عارەبییە و لە وشەی عارەبی (إحضار)ەوە

هاتووە و، بەواتای (ئامادەکردن و بەسەرکردنەوە و بانگ کردن، بۆ کارێکی دادگا) هاتووە.

**ئیحیا** (ع): ئەمیش، لە وشەی (إحیا)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای، زیندووکردنەوە و ئاوەدان کردنەوە، دێ.

**ئیختیار** (ن): ئەم وشەیە، لە (اختیار)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (هەڵبژاردن و دیاریکردن و هۆرچنیەی) هاتووە.

**ئیختیلاف** (ن): ئەمیش لە (اختلاف)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (دژایەتی و مڕڕایەتی و یەکنەکەوتن و هاوڕەنگ نەبوون و بەگژ یەکتریدا چوون) ئەدات.

**ئیدیعاء** (ن): لە (ادعاء)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (وا لە قەڵەم دان وەها سەرژمێر کردن، وەها بەنیاز بوون، وەها بیرکردنەوە) هاتووە.

**ئیراد** (ن): ئەم وشەیە، لە (وارد)ی عارەبییەوە هاتووە و لە کوردیی کوردانی ئێراندا، بەواتای (بیانوو، بەهانوو، ڕازی نەبوون، ڕەخنە) دێ.

**ئیرشاد** (ن): لە (ارشاد)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (ڕاهنمایی، ڕێنموویی، ڕێ نیشان دان، خستنە سەر ڕێی ڕاست) دێ.

**ئیزافە (ئیزافات)**: ئیزافە، لە (اضافە)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (خستنە سەر، بۆ زیادکردن،...) هاتووە.

**ئیزهار** (ن): وشەی ئیزهار لە (إظهار)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (دەرخستن و خستنە بەرچاو ڕۆشنکردنەوە) هاتووە.

**ئیستگا** (ن): ئەم وشەیە، بەواتای (جێگای وەستان، وێستگە، جێگای بڵاوکردنەوە، یاخود هەر جێگایەکی تایبەتی بۆ وەستانی جەماوەریی، کاروباری دیکە) هاتووە.

**ئیستیدعاء** (ن): ئەمیش، لە (استدعا)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (بانگ کردن و داوا لێکردن، خواهیش لێکردن) لێ دێ.

**ئیستیغاسە** (ن): ئەمیش، لە وشەی (استغاثة)ی عارەبییەوە، هاتووە و زۆرتریش، بەواتای، (بەهاوارەوە چوون، فەریادڕەسی و داوای کۆمەک کردن) هاتووە.



**ئیستیغفار** (ن): لە وشەی (استغفار)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (داوای لێبووردن، داوای لێ خۆشبوون، پاشگەزبوونەوە و تۆبەکردن) دێ.

**ئیستیفراغ** (ن): ئەمیش، لە وشەی (استفراغ)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (ڕشانەوە، خاڵیکردنی دەروون، ئاسوودەکردنی دەروون) دێ.

**ئیستیقلال** (ن): لە وشەی (استقلال)ی عارەبییەوەیە و بەواتای سەربەخۆیی و ئازادیی دەدات.

**ئیسخان** (ن): بەواتای، (ئیسقان) دێ.

**ئیسراحەت** (ن): ئەمیش، لە وشەی (استراحة، راحة)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای، پشوو، ڕەحەتی، ئاسوودەگی، بەکار دەهێنرێ و زۆرتریش بۆ ڕەوینەوەی، ماندووبوونە.

**ئێش** (ن): وشەی، ئێش، بەواتای، (ئازار، ناڕەحەتی، نەسرەویی) هاتووە. بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

(هامـدەردان ئێشێ، هامـدەردان ئێشێ
پێمـەوەن، ئێشێ، چە تەرزە ئێشێ
ئێشێ پێچ چون ئێش، وە ماران ڕێشێ
ئێشێ، پەڕ نێشێ، ڕیشەی گیانکێشێ!)

**ئیشارە** (ن): ئەمیش، بەواتای (ئاماژە)ی کوردیی هاتووە و لە بنەڕەتدا، لە (اشارة)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە.

شایانی باسە، لە بنەڕەتدا، ئاماژە، نیشاندانێکە، یاخود دیاریکردنە، بەهۆی دەستەوە، چاوەوە، یان هەر شتێکەوە، حاڵی حازریش، ئیشارە، چووەتە چوارچێوەی وتن و نووسین و جۆرە هۆی دیکەی قسەکردنەوە.

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی، یەژێ:

ئیشـارە وەناز، لەب خەندەی وەنەرم
نمانای خاڵان نە تۆی پەردەی شەرم

**ئێشان** (ن): ئێشان، لە (ئێش)ەوەیە و بەواتای (ئێشای) هاتووە و هەردووکیان چاوگی ئاوەڵناوین و بۆت هەیە، تەماشای وشەی (ئێش) بکەیتەوە.

**ئیشتیباه (ئن)**: له وشەی (اشتباه)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای، (نەزانین و هەڵەکردن) هاتووە.

**ئیعلام (ن)**: ئەمیش، له وشەی(اعلام)ی عارەبییەوەیە و بەواتای، (پێ زانین، ئاگادارکردن، هەواڵ پێ دان، پێ ڕاگەیاندن) هاتووە.

**ئیعلان (ن)**: ئەمیش، له وشەی (اعلان)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەهەمان واتای (ئیعلام) بەکارهێنراوە.

هەروەها، بەواتای (ڕوونکردنەوە)ش هاتووە.

**ئیفتار (ن)**: له وشەی (افطار)ی عارەبییەوەیە و، بەواتای (بەربانگ کردنەوە، ڕۆژوو شکاندن، بەهۆی خواردنی خۆراکەوە، یا هەرچی شتێ کە ڕۆژوو، بشکێنێ) هاتووە.

**ئیفتیخار (ن)**: ئەمیش، له وشەی (افتخار)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (خۆ بەزل زانین، خۆ بەگەورە زانین، فەخرکردن) دێ.

**ئیفتیزاح (ن)**: ئەمیش له وشەی عارەبی (افتضاح)ەوە، هاتووە و بەواتای (ڕیسواکردن و ئابڕوو بردن و ئەتک کردن) دێ.

**ئیقباڵ (ن)**: ئیقباڵیش، له وشەی (اقبال)ی عارەبییەوە، هاتووە و واتای، (شانس و بۆ هاوردن) دەدات.

**ئیفلاس (ن)**: ئەمیش، له وشەی (افلاس)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای، (هەڵشکیان و نەداریی و بێدەسیی و هەژاریی) هاتووە.

**ئێل (ئێڵ) (ن)**: وشەی (ئێل)، یاخود (ئێڵ) له ناو جافەکان (کوردە کۆچەرەکان)دا بەکار دەهێنرێ و زۆرتر، بەچەند کەسێ، یان چەند خێزانێ دەوترێ، کە خزمی یەکن و له یەک هۆزن و هۆزێکیان پێکهێناوە.

له بارەی بنەڕەتی وشەی (ئێڵ)ەوە، وەها له قەڵەم دەدرێ، کە وشەیەکی تورکی مەغۆلی بێ و بەواتای دۆستان و خزمان و خوێشان، هاتووە.

بۆ وێنە، وەلی دێوانە دەڵێ:

وەرنە گشت ئێلێ، ئێلی موورادیی
بەیان، وەدامان، وە زەوق و شادیی)



**ئێلاخ (ن)**: ئێلاخ، بەو کوێستانانە دەوترێ، کە جێگا هەواری هاوینانەی ئەو خێڵە جافە گەرمیان و کوێستانکەرانە (ئەوانە کە بەدوای مەڕوماڵات بەخێوکردنەوەن)یان تێدایە، کە ژیانیان لەسەر بەرهەم و بەروبوومی مەڕوماڵات بەخێوکردنە.

شایانی باسە، ئێلاخ، کۆ دەکرێتەوە و دەبێتە (ئێلاخان).

**ئیلتجا (ن)**: ئەمیش، له وشەی (التجأ)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای، (پەنابردنە بەر، خۆ خستنە لا، خۆ خستنە ماڵ، هانابردنە بەر) هاتووە.

**ئیلتیزام (ن)**: ئەمیش، له وشەی (التزام)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (دەست پێوەگرتن و هاوڕایی کردن و بەئەستۆ گرتن) هاتووە.

**ئیلتیفات (ن)**: ئەمیش، له (التفات)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (ئاوڕدانەوە، تەماشاکردن، بەزەیی پیادا هاتنەوە) هاتووە.

**ئیلتیماس (ن)**: ئەمیش، له وشەی (التماس)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (لێ پاڕانەوە، لێ لالانەوە، خواهیش لێ کردن) هاتووە!

**ئیمامی (ن)**: ئیمامی ناوی هۆزێکی کوردە، کە له ناوچەی (ئیمامی) سەر بەناوچەی جوانڕۆدا، دەژین و سەر بەهۆزەکانی جافن.

**ئیناخی (ن)**: ناوی هۆزێکی جافە، کە له ناوچەی ئیناخی، سەر بەناوچەی جوانڕۆ، دەژین.

**ئینتیزار (ن)**: ئەمیش، له (انتظار)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (چاوەڕێ کردن، بەدیارەوە نیشتن، سەبرلەسەرکردن، پێ بەپێ کردن، جڵەو بۆ شل کردن، بەرگە بۆ گرتن) دێ.

**ئینتیقام (ن)**: ئەمیش، له وشەی (انتقام)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و بەواتای (تۆڵە سەندن، حەقق سەندن، یاخود تۆڵە لێ کردنەوە، حەقق لێ سەندنەوە، هەقق لێ کردنەوە) دێ.

**ئینساف (ن)**: ئەم وشەیەش، له (انصاف)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای، (ڕاستڕەوی و ڕاستگۆیی و بێ لایەنی و دادەوانی) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– فلانە کەس، له بەش کردنەکەیدا، زۆر بەئینساف بوو!

**ئینقیلاب (ن)**: ئەم وشەیە، لە (انقلاب)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای، (هەڵگەڕانەوە، ئەمدیو ئەودیو کردن) هاتووە، هەروەها لە لایەن ئێرانییەکانەوە، بەتایبەتی فارسەکان، بەواتای (شۆڕش) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئینقلابی ئێران، ئینقلابێکی ئیسلامی بوو!

**ئینە و ئێد (ڕاناو ئاماژە)**: هەردووکیان، لە زۆر ڕووەوە، هاوواتان، واتە (ئینە) بەواتای (ئەمە) و (ئێد)یش، بەواتای (ئەم) هاتووە.

**ئێوار، ئێوارە (ن)**: وشەیەکی پەتییە، لە زمانی کوردییدا و بەواتای کۆتایی ڕۆژ و دەست پێ کردنی شەو هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دوێنێ ئێوارە، سەرم لە برادەرێکی خۆشەویست دا.

**باتین (ن)**: باتِن، لە وشەی عارەبی (باطن)ەوە، وەرگیراوە و لە کوردیشدا، هەر بەهەمان واتا، بەکار دەهێنرێ و بەواتای (دەروون، ناخ و پەنهانی) هاتووە و هەندێ جاریش، بەشێوەیەکی هەڵە، بۆ واتای (دڵ) بەکار دێ و وەک ناوێ، لە ناوەکانی خودایش، لە هەندێ جێگادا، بەکار دەهێنرێ!

**باج (ن)**: (باژ)، یاخود (باج) وشەیەکی کوردیی کۆنە و، بەکارهاتنی دەگەڕێتەوە، بۆ دەمی ئارییاییەکان و لە دەمی مادەکاندا، وەک (سەرانە) لە گەورەی ئەو ناوچانە سەندراوە، کە تازەگی کەوتووەتە ژێردەستیانەوە و پاشان، لە دەمی دواتردا، بووە بە(باج) و تا ئەمڕۆیش، وەک سەرانە، یان شاخانە، یان ڕێڕەوانە، یان گومرگانە، دەسێنرێ و هەر بەهەمان ڕووالەت و ئاوازیشەوە، بەکار دێ.

بەم جۆرە دەخرێتە ڕستەوە و بەکار دەهێنرێ:

– کەس ناوێرێ، کاسپی بکات، چونکە قازانجەکەی باجگیران دەیبەن!

– لە هەر ناوچەیەکدا و جۆرە باجێ هەیە!

**باخی سەیدیخان (ن)**: باخ و سەراوێکە کەوتووەتە، خۆرئاوای (ئەزگڵە)ەوە، لە داوێنی شاخی (بەمۆ)دا، سەر بەناوچەی جوانرۆیە.

**باخی شا (ن)**: یەکێکە لەو باخانەی، کە لە نزیک تارانەوە، کاتی خۆی دروست کراوە و حاڵی حازر، کەوتووەتە، ناو چەقی تارانەوە.



شایانی باسە، کە لە دەمی قاجارییەکاندا، کۆشکی حەسانەوەی هاوینانی شایانی قاجاریی بووە و حاڵی حازریش، پادگان (مُعَسْکَرْ)ی نیزامییە.

**باد (ن)**: باد، وشەیەکی کوردیی کۆنە و واتای (وا، هەوا) دەدات و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– زۆر ڕەنجی لەگەڵ، کوڕەکەیدا، کێشا، بەڵام (ڕەنجی) بەبادا، چوو!

**بادە (ن)**: وشەیەکی کۆنی کوردییە و لە بنەڕەتەوە، (باتە)، یان (باتەک) بووە و بەو خواردنەوە، وتراوە، کە تەسکینی بەدڵ بدا و مەستی بۆ تەن بهێنێ و ئالوودەیی و کپپی بۆ بیر و هۆش، بهێنێ!

بەم، بۆنەیەوە، هێمن دەڵێ:

(ساقیا، وا، بادەوە، وا، بادەوە
ڕوو لە لای من کە، بەجامی بادەوە
موشتەریی وەک من، لە مەیخانێ کەمن
زوربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن)

**بازە (ف - ک)**: خۆی لە خۆیدا، ڕستەیەکی فەرمانییە و بریتییە، لە (فرمانی فەرمان) و لە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک و واتای (بهێڵە، بێڵە) دەدات و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بازە، با، هەرمانەکێش، بکەڕۆ!

واتە: بهێڵە، با کارەکەی بکات!

**بازیی (ن)**: (بازیی)، یاخود (وازیی)، یاخود (یاریی)، یاخود (گەمە) یەک واتایان هەیە و جۆرە کردەوەیەکە، بەمەبەستی، خۆش بەسەربردن و گاڵتەوگەپ، لەگەڵ دۆستدا، لەگەڵ خۆشەویستدا، دەکرێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– با ئەمشەو بەگۆڕەوەبازیی، بەسەربەرین.

**باعیس (ن . کارا)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (باعث)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردییدا، بەواتای، (هۆ، سەبەب، هاندەر، ژیانەر، زیندووکەر) هاتووە و بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دێ:

– باعیسی سەرکەوتنی کاوە، کامەران بوو!
– خوای گەورە، باعیسی، ژیانی زیندەوەرانە.

**باقی (ن . کارا)**: (باقی) لە وشەی عارەبی (باقِ)یەوە، وەرگیراوە و بەواتای، (نەمر و زیندوو و جاویدان و مەزن) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– جگە لە خوا، کەس باقی نییە!
لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (ماوە، پاشماوە) هاتووە و بۆ وێنە دەوترێ:
– تکات لێ ئەکەم، کە باقی پارەکەم، پێ، بدەیتەوە.

**باڵ (ن)**: باڵ، بە(باڵی) پەلەوەر دەوترێ، کە بەهۆیانەوە دەفڕێ و هەر بەو بۆنەشەوە، بەهەردوو پەلی پێشەوە، یان سەرەوەی مەردم، لە بنی قۆڵەوە، تاوەکو نووکی پەنجەکانی دەست، (باڵ) دەوترێ و جۆرە هەڵپەڕکەیەکی باڵ فش کردنەوەش هەیە، هەر لەوەوە، (واتە؛ لە جۆری جموجوولی باڵی باڵندە، لە کاتی فڕیندا) وەرگیراوە و بەهەرحاڵ، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ڕێگاکە، زۆر ناهەموارە، باڵدار ناتوانێ لێی بدات!
– ئەو، ئەوەندە پەل و باڵی کوتاوە، وا لە ماڵەوە، وەک مردوو ئاگای لە دنیا، نییە!
بەم، بۆنەیەوە، هێمن، دەڵێ:

(پەڕ وەریوی، باڵشکاوی دەنگ بڕاو
بێ بژێوی، بەش خوراوی دەرکراو)

**باڵاخانە (ن)**: ناوێکی لێکدراوە، یاخود ناساکارە و بەو ژوورانەش، یاخود بەو بەشە خانووە دەوترێ کە لە نهۆمی دووەمدا، یان هی سێیەمدا، دروست کرابێ و تارمەی هەبێ و بڕوانێ، بەسەر، ڕێگاوبانی ئامۆشۆکەراندا. واتە، خانوویەک، کە کەوتبێتە، بەشی هەر باڵای خانووەکەوە.

**باڵەخانی (ن)**: ناوی جێگە و هەوارگەیەکە، کەوتووەتە نێوان دێی (زلان)ی (دوێ توێ)وە، لە ناوچەی باوەجانی، سەر بەجوانڕۆ، جێگای و هەوارگەی دانیشتنی هۆزی (ئیقباڵ)ە.

**بان زەڕنە (ن)**: ناوی هەوارگەیە، لە چوار کیلۆمەتری ڕوانسەردایە و بەملەی (گەشن) ناودەبرێ.



**بانەدارە (ن)**: ناوی دێیەکە، لە (سەلاس و باوەجانی) سەر سنووری باوەجانی قووایی و نێوان سنووری عراق و ئێران.

**بانی تووان (ن)**: دەشتێکە، کە لە دێی (سەڕۆ)ی خوارەوە، بەرەو دێی ئایشەدۆڵ، درێژ دەبێتەوە و دەکەوێتە داوێنی شاخی ملەپاڵنگانەوە.

**باوای خدر (ن)**: ناوی خێڵێکە لە هۆزی (قووایی)، کە لە دێی (بانەدارە)دا، دادەنیشن.

**باوەجانی (ن)**: ناوی هۆزی گەورەی جافە، کە زوربەیان، سەر بەجوانڕۆن و بڕێکیشیان، دانیشتووی شاری (کرند)ن. ناوچەکەیان، زۆر بەربەلاوە و هەر بەناوچەی باوەجانی ناسراوە.

**باوەڕ (ن)**: باوەڕ، وشەیەکی کوردییە و بەواتای؛ (وەرگرتنی وتە، گفتوگۆ، ئامۆژگاریی) دێ و لە لایەکی دیکەشەوە، جۆرە تەسلیم بوونێکی بیرییە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئیسلامی پاک ئەوەیە، کە باوەڕێکی بتەوی بەپێغەمەر هەبێ!
– من چۆن، باوەڕ، بەکابرایەکی شێتۆکە دەکەم!

**باوەقوش (ن)**: بایەقوش (باوەقوش)، باڵندەیەکە، کە لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانیدا، (کونەبەبوو) یاخود (بوو)ی پێ دەوترێ و بەباڵندەیەکی شووم و ناحەز و ناخۆشی هێنەر، دەزانرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە، کە لە کەلاوە کۆنەکاندا، کەلاوە ڕووخاو و وێرانکراوەکاندا، دەژیی و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ماڵەکەیان، ڕووخاوە و باوەقوش تیایدا، دەخوێنێ!

**باوەیسێ (ن)**: چەند دێیەکن، لە گەرمەسێری کوردستانی ئێراندا، کە جێگای دانیشتنی ئێلی وەڵەدبەگی بووە و سەر بەناوچەی سەرپێڵی زەهاوە.

**باینگان (ن)**: ناوی دێیەکی گەورەیە، سەر بەناوچەی جوانڕۆیە.

**بەتەر (ئن)**: بەتەر، ئاوەڵناوی بەراوردە، لە بنەڕەتدا، لە وشەی (بەدتەر)ەوە هاتووە و بەواتاد (خرابتەر) هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەم کارەی، بەدتەر (بەتەر)ە، لەوەی پێشووی.

**بەحر (ن)**: وشەی بەحر، لە (بحر)ی عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردیی ئەمڕۆدا، وشەی

(دەریا)، یان (زەریا)ی بۆ بەکار دێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەو مامەڵەی ماسی لە بەحردا، دەکات!

**بەخت (ن)**: بەخت، بەواتای (شانس) و (خواست) و (چارە)، هاتووە و لەوە دەکات، کە کوردییەکی زۆر کۆن بێ، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی، کە (بخت)ی عارەبی و ئەم (بەختی) کوردییە یەک نەبن!

لە ڕاستیدا، لە ڕووی ڕەسەنی ئاوازی وشەکەوە و واتای و دەنگەکانییەوە، دوورە، لەوەوە، کە لە بەختی عارەبییەوە، وەرگیرا بێ و خەریکیشە ئەوە بڵێین کە (بخت)ی عارەبی، دەبێ لە (بەخت)ی کوردییەوە بێ!

**بەختیاریی (ن)**: بەختیاریی، لە وشەی (بەختیار)ەوە، هاتووە و (بەختیار)یش بەواتای (کامەران) هاتووە، کە لە چوارچێوەی ئاوەڵناو و ناودا، کار دەکات و هەڵدەسووڕێ و بەم جۆرە واتایەش و بەم جۆرە ئاوازەشەوە، وشەیەکی کۆنی کوردییە، یاخود ئاڤێستاییییە و وشەی بەختیاریی، ناوە، چونکە بەهۆی (ی)ی نیسبەتەوە (بەختیار) کراوە بەناو کە (بەختیاریی)یە.

لە لایەکی دیکەوە، بەختیاریی، ناوی ئێلێکی بەناوبانگی کوردە و، کە لە ئێراندا، بەفارسیان لە قەڵەم دەدەن. ئێلەکانی بەختیاریی، لە ناوچەکانی خوزستان و بیابانەکانی ئەوێوە، نیشتەجێ بوون و بەرە بەرە بەرەو ناوچەکانی نزیک لوڕستان و ئەسفەهان کشاون.

بەڵام حاڵی حازر، بەختیارییەکان، لە فارس و خوزستان و ئەسفەهان و ڕام هورمز و شوشتەر و دیزفوول ئیزە و مەسجدی سلێماندا، دەژین.

**بەد (ئن)**: ئەم وشەیە، زۆر دێرینە و دەگەڕێتەوە، بۆ زمانی بنەڕەتی ئارییاییەکان و لە زوربەی زمانە هیندوئێرانییەکان و هیندۆئەوروپاییەکاندا بەهەمان واتا و هەمان ئاوازەوە، (ئەم وشە دێرینەیە) بەکار دێ.

ئەم وشەیە، بەواتای (خراپ)، (ناڕەوا)، (فیتنە)، (ناڕاستی) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– تاوەکو (بەد) نەبینی، یادی بەد ناکەیتەوە!
– یاخود دەوترێ، بەدگۆیی ئەو ئاشووبی لە ناو خێزانەکەدا، بەرپا کرد.

(بەخت) لەگەڵ، (بەد)دا، هەندێ جار و بۆ بەدەستەوەدان واتایەکی نوێ و مەبەستێکی



نوێ، وشەیەکی ناساکار، پێک دەهێنن و (بەدبەخت) دروست دەکەن و ئەمانیش، بەهۆی (-ی)ی پاشبەندەوە (بەدبەختی) وەک (ناو) دروست دەکەن و کە واتای (بەدشانیسی)، (بەدچارەیی) و (چارەڕەشیی) و (بەدتالعەیی) و (تالعڕەشی) دەدات.

**بەدخوو (بەدخۆ) (ئن)**: (بەدخوو)، یاخود (بەدخۆ) وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە، لە وشەکانی (بەد) و (خوو) یان (خۆ) و هەریەکێ لەوانە، وشەیەکی کوردیی کۆنە و (بەد) هەروەک لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە، بەواتای (خراپ) و (ناڕەوا) هاتووە و (خوو) یان (خۆ)ش، بەواتای (ئالوودەگی، موعتاد، هۆگر) هاتووە و بەهەردووکیانەوە، لە چوارچێوەی (بەدخوو)دا، یەکیان گرتووە، بۆ ئەوەی واتای: (کردەوە خراپ)، (کردەوە ناڕەوا)، (بەدکردار) و (بەدڕەفتار) بەدەستەوە بدات.

**بەر ئاوەرندە (ن. کا)**: ئەم وشەیە، لە چەند وشەیەک پێکهاتووە و ئەوانیش، (بەر) و (ئاوەر) و (ندە).

بەهەرحاڵ، وشەکە، کوردییەکی کۆنە و پارچەکانیشی کوردیی ڕەسەنن و ئەمڕۆ، لە چوارچێوەی (بەر ئاوەر) بەکار دێ و ئەم جۆرەش، (ناوی کارا)یە، لە ڕووی ئەرکەوە و هەر بەو ڕووالەتەشەوە و ئاوازەشیەوە، بەواتای (دەرهێنەر)، (سەرفرازکەر)، (نەجاتدەر) هاتووە.

**بەربشۆ (ف)**: فرمانێکە و لێکدراوە، یاخود دوو پارچەیە و بەواتای (دەربچێ) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– گیانش بەربشۆ، گفتوگۆش چەنی مەکەرۆ!

واتە: گیانی دەربچێ، گفتوگۆی لەگەڵدا، ناکەم!

بەهەرحاڵ، وشەکەم بەم جۆرەیە:
– (بەر)، بەواتای (دەر) هاتووە.
– (بشۆ)، بەواتای (بچێ) هاتووە.

**بەرپاکونەندە (ن. ک)**: ئەمیش وشەیەکی، ناساکارە و پێکهاتووە، لەم وشانە:
– (بەر)، (پا)، (کونەندە).

حاڵی حازر، لە شێوەی کوردییدا، (بەرپاکەر)ە و فارسەکانیش بۆ ئەوەی، وشەکە، بکەن بەهیی خۆیان، (نەدە)یان بۆ خستووەتە، سەر و کردوویانە، بە(بەرپاکونەندە)، کە

واتای (بەرپاکەر)، (پێکهێنەر) دەدات و ئەم جۆرە بەکارهێنانەش کە ئاغا عینایەت، بەکاری هێناوە، بەکارهێنانێکی کوردیی فارسییە.

**بەرچیدە (ئن):** ئەم وشەیە، بەواتای (پێچراوە)، (هەڵگیراوە)، (داخراوە)، هاتووە و بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەم کارە، پێچراوەی ئەوە.

– بەزۆر دووکانەکەیان، پێ پێچرایەوە!

**بەرد (ن):** بەرد، کوردییەکی کۆنە و بەواتای (سەنگ) و (تەوەن) هاتووە، ئەگەرچی (تەوەن) سیفەتی ئاوەڵناویی هەڵگرتووە و بەواتای (ڕەق) و (بتەو)ی بەرد هاتووە. واتە: یەکێ لە سیفەتەکانی بەرد (تەوەنی)یە، کە واتای ڕەق و بتەوی، بەدەستەوە، دەدات.

بەهەرحاڵ، بەرد، بەواتای، (تەوەن)، (کوچک)، (خڕەبەرد)، هاتووە.

**بەردەن (ف):** بەردەن، خۆی لە خۆیدا، بەڕووتوقووتی، فرمانە و بۆ کەسی سێیەمی تاک و بەواتای: (ئەو بردوویەتی) دێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا، لەگەڵ ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکدا، دەبێ بەڕستەیەکی خەبەری تەواو!

**بەردی زەنجیر (ن):** سەراوێکە، کەوتووەتە نزیک دێی (زلان)ەوە و سەر بەناوچەی (سەلاس و باوەجانی)یە.

**بەردی کەشکان (ن):** ناوی هەوارگەی، دێی (سەرۆ)یە، کەوتووەتە داوێنی شاخی (شاهۆ)وە و لە لایەکی دیکەشەوە، (بەردی کەشکان)ی دیکە هەیە، کە ناوی (یاڵ)یکە و کەوتووەتە، پشتی دێی (دووریسان) و دێی (شمشێر)ەوە و سەر بەناوچەی پاوەیە.

**بەرشیی (ف):** بەرشیی، فرمانە و بۆ کەسی سێیەمی تاکە و بۆیە، بۆمان هەیە بڵێین؛ کە خۆی، لە خۆیدا، ڕستەیەکی، تەواو و بەم جۆرە واتایە، هاتووە:

– بەرشیی، واتە: دەرچوو!

بەرشیی و دەرچوو، هەریەکێ، لەمانە، کار و کردەوەکەی بۆ کەسی سێیەمی تاک، دەگەڕێتەوە و واتە بەم جۆرە:

– ئاد، بەرشیی؛ واتە: ئەو دەرچوو!



**بەرعەکس (ئن):** بەواتای پێچەوانە، هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو هەمیشە بەرعەکسیی، براکەی دەجووڵێتەوە!

**بەرف (ن):** (بەرف) و (بەور) و (وەفر) و (وەرو) و (بەفر) هەر یەکێکە و سەرپاکیان، یەک واتایان هەیە.

بۆ وێنە، مەولەوی دەڵێ:

(بەرزان هیلال تار، وەروان قەرار دا
غوڕەی شاری شۆر، دڵان، دیار دا)

**بەرق (ن):** بەرق، لە وشەی (بَرْق)ی عارەبییەوە هاتووە و لە ناو کوردیی کوردەکانی ناوچەکانی ئێراندا، بەزۆری بەکار دێ و بەواتای (ڕۆشنایی، پرشنگدەر، رووناک پژێن، کارەبا، روونکەرەوە) هاتووە.

بەم جۆرە دەخرێتەوە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمڕۆ، لە سەرانسەری کرماشاندا، بەرق خامۆش بووبوو!

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

(عەرەقچین نە تۆی سورمەدا، غەرقێ
وە فەرقی فەرقێ، با زەرق و بەرقێ)

هەروەها، (فتح الله)ی (فهیم)، شاعیری بەناوبانگی سنجاویی لەم ڕووەوە، دەڵێ:

(تەراقەی ترووق گاوسەر، نەوشەو
بەرق مەدا، چون لاڵ باڵی کەیخوسرەو)

**بەرگ (ن):** (بەرگ)، بەواتای (پۆشاک) و (گەڵا) و (وەڵگ) و هەر گەڵایەکی گیا، درەخت، کە پانوپۆڕ بێ و لە ڕاستیشدا، وشەکە، کوردییەکی ڕەسەنە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– زستان، هاتە پێشەوە و بەرگی فەقیر و هەژار دڕا!

**بەرگوزیدە (ن. بەرکار):** بەرگوزیدە، بەواتای (هەڵبژێراو)، (هۆرچنیاو) هاتووە. هەروەها، بەواتای (ڕەوا)ش، (سەرلەبەر) هاتووە.

بۆ وێنە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، یەژێ:

(وەش ئامای وە خەیر، هەی، بەرگوزیدەم
سا قەدەم، باوەر، وە بانی دیدەم)

**بەرگەشت (ن. ج)**: ئەم وشەیە، بەواتای، (گەڕانەوە)، (هەڵۆگەڕانەوە) بەکارهاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەخت بەرگەشت بوومەوە.

**بەرۆین (ن)**: جێگای هۆزی (قووایی) و کەوتووەتە عراقەوە.

**بەزر (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (بَذْر)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (تۆو)، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمساڵ، زەویەکەیان، لەبەر بێ بەزری، بەبێ بایەخی، ماوەتەوە!

**بەزم (ن)**: بەزم، بەواتای (بیانوو) و (ئاواز و گۆرانی) و (شایی) و (جەمی شەراو و مەیی و میوانداریی و خۆشیی و رابواردن، جۆری گۆرانی و سیاوچەمانە) دێ. بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە:

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ئافرەتە، بەزمی زۆری لێ ئەبێتەوە!

– سیاوچەمانە، پتر لە بیست بەزمێکی هەیە!

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

بەزمەن، شادییەن، عەیشەن، نیشاتەن
کەیفەن، شۆخییەن، شەوقەن، حەیاتەن.

**بەس (ن)**: بەس، لە وشەی (بەست)ەوە، هاتووە و وشەیەکی کوردیی، کۆنە و بەواتای (وەس) و (کافی و کوسایی) هاتووە، ئەگەر بە(بەس) گۆ بکرێ و بەواتای (بەند) یاخود (سەد)ەی عارەبی، هاتووە، ئەگەریش، بە(بەست) بخوێنرێتەوە.

بەهەرحاڵ، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– نامەیەک بەسە، بۆ بەسەرەوە کردنەوەی!

– ماڵەکەی بەستە (بەسە)و کەس ناوێرێ، ڕووی تێ بکا!

بۆ وێنە، مەولەوی دەڵێ:



(ئازیز، وەس بوزەم، نە گێجاوی خەم
وەس، چون بینایی، پەنهان بەر نەچەم)

**بەستە (ن)**: (بەستە)، ئەگەر بەناو بێ، بەواتای (بەزم) یان (جۆر) هاتووە، هەروەها بەواتای (بەستراو)، (گیراو)یش هاتووە، پتر لەوەش، بەواتای یەخکردوو، رچیاو هاتووە، ئەگەر لە ڕەگی کاری، یاخود چاوگی (بەستەی = بەستن)ەوە، هاتبێ!

هەر لەمەوە، واتە، لە ڕەگی (کار = فرمان)ەکەوە، (بەستەن) هەیە، کە کردەوەیەکە، بۆ کەسی سێیەمی تاک و لە دۆخی رابوردوودا! بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

(وێنەی عوقدەی پێچ ریشەی ئەروا و دڵ
بەستەبۆ، جە نم، خوی مۆبەت، زەنگڵ)

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی یەژێ:

هەرکۆ خەمێ بۆ، نە ئاڵەم ئیمشەو
گردین، جەم بەستەن، نە تاڵەم ئیمشەو!

**بەشارەت (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (بشارة)ی عارەبییەوە، هاتووە و واتای (مزگێنی)، (هەواڵی خۆشیی)، (موژدەی فەرەح) دەدات.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەشارەتی بەربوونی کوڕەکەی لە بەندیخانەدا، دایێ!

**بەعزێ (ئا. ژمارە)**: لە وشەی (بعض)ی عارەبییەوە، هاتووە و بەواتای (چەندێ)، (هەندێ)، (نەختێ)، هاتووە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەعزێ پیاو، بۆ ماڵی کاوە چوون.

– بەعزێ برنجی کڕیبوو، بەڵام، ڕزا بوو!

– بەعزێ، پوولی، بۆ ناردبووم!

**بەق (ن)**: (بەق)، بەنێری (کەو) دەوترێ و جۆرە ڕاوێکیش هەیە، کە بەهۆی (بەق)، یان کەوی (نێر)ەوە دەکرێ، پێی دەوترێ، (شەڕە بەق).

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەقەکەم، کەوێکی زۆر چاکە و شەڕە بەقی چاک دەکات!

**بەڵخ (ن)**: ئەم وشەیە، بەو پارچە سپی کارەیە دەوترێ، کە ناوی قوڕی ئاو گەرم کردن،

سەماوەر دەگرێ و هەروەها بەو ئەشەناتە سەوزکامە دەوترێ، کە لە ناو هەندێ ئاوی کانیاودا، دەکەوێتەوە سەر ئاو، یان بەبەردەکانیەوە، دەنووسرێ، هەروەها، بەکەڕووی نان و بەرد و هەندێ شتی دیکە، دەوترێ!

لە ناو کوردەواریی جافەکانی جوانڕۆدا، (خلت) و (جرم)ی بۆ بەکار دەهێنن و لە فارسیدا (کفک)ی پێ دەوترێ!

**بەلەباقە (ن)**: جۆرە نەخۆشییەکە، کە بزن دەیگرێ و ئەویش، نەخۆشی ناو سمەکانیەتی کە وەک دابخورێن و نەتوانێ بیانخاتە سەر زەویی و ئەنجامەکەشی، زوربەیان بەو نەخۆشییە (لە دەوری کۆندا) کوژراون و لەناوچوون و لە هەندێ جێگاشدا، (بەلەواقە)ی پێ دەوترێ:

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، یەژێ:

(بۆ، من، خۆ، ناوێ، هەرگیز، ئی – تاقە
بزن، کەی دەرچوو، لە بەلەواقە)

**بەلەبزان (ن)**: هەروەک، کوردەکانی جوانڕۆ، وەها دەڵێن، (بەلە) بۆ بانگ کردنی (بزن)ە و (بزان)یش کۆی (بزە)، یاخود کۆی (بزن)ە و وەک دێییەک لە نزیک، ڕووباری سیروان، لە نزیک دەودان -دەویە و سەر بەهەورامانی لهۆنە و حاڵی حازر، هەورامانی لهۆن، بەشێکە، سەر بەکرمانشاه.

**بەمۆ (ن)**: ناوی شاخێکە، کە کەوتووەتە قەراغ سیروان و بەرامبەری شاری هەڵەبجە.

**بەند (ئن)**: (بەن) و (بەند)، ناوبەناو بەهۆی پەڕینی دەنگی (د) دێوە، تێکەڵ بەیەکتریی ئەبن و یاخود، بەیەک دەزانرێن و بەهەرحاڵ، وا ئێمەیش، لێرەدا هەوڵی جوێ کردنەوەیان، دەدەین:

(بەن)، بەو (ڕێسە) دەوترێ، کە بەهۆی ڕێسانەوە، لە (خوری و کوڵک و موو)، ئامادە دەکرێ و بۆ دروستکردنی (خەرار) و (هۆڕ و توورەکە) و بۆ دەرگا بەستنی (گونی و هەمانە و توورەکە) بەکار دەهێنرێ و کەواتە، (بەن) بەواتای: دەزووی لە (موو) ڕێسراو لە (کورک و پەشم) ڕێسراو، هاتووە.

(بەند)یش، بەواتای (حەبس) یاخود (سجن)ی عارەبی هاتووە، هەروەها، بەواتای (درز) هاتووە، پتر لەوەش بەواتای، (گرتن، بەستنەوە، وەستاندن) هاتووە، جگە لەوەش بەشێوەی (بەندە)، وەک (عەبد = خزمەتکار) بەکار دێ.



(بەندیخانە)ش، بەهۆی (بەند)ەوە، دروست دەبێ و بەواتای (سجن و حەبسخانە) هاتووە.

بەم بۆنەیەوە، قانیع یەژێ:

(بیری ئازادیی لە زیندانا، فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بەبەندیخانەیە)

**بەنیگەز (ن)**: ناوی، ڕیزە شاخێکە، کە لە ناوچەی سنجاوییەوە و دەست پێ دەکات، بەناوچەی وەڵەدبەگی و باوەجانی قوواییدا، بەرەو ژوورووی ڕۆژئاوای ئەو ناوچانە دەڕوات، تاوەکو دەبڕێتەوە.

**بەوەرەوار (ن)**:

ناوی ڕێگایەکە، کە لە ناوچەی جوانڕۆوە بەرەو شاهۆ دەڕوا.

**بەهانە (ن)**: بەهانە، وشەیەکی پەتی ڕەسەنە و بەواتای (بیانوو) هاتووە و لە بنەڕەتدا، (ڤەهانە)، (وەهانە) بووە و ئەمەش هەروەک وتمان، بەواتای (ملەجیرێ ناپەسەند و بەبێ هۆ) دەگرێتەوە (پەڵپ).

بەهەرحاڵ، بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو بۆ بیانوو دەگەڕێ بۆ ئەوەی سەرمان لێ نەدات!

– ئەو بەبەهانەی نەخۆشییەوە، بۆ دەوام نەچوو!

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، دەڵێ:

(توخوا، یا شێخ مەگرە بەهانە
من جە ئەورەحمان، کەمتەر مەزانە!)

**بەیان (ن . ف)**: (بەیان) بەهۆی جۆری ئەکسنت و جۆری گۆکردنییەوە، لە ناوەوە، دەبێ بە(فرمانی) داخوازیی یان هی (فەرمان) و بەهەرحاڵ، (بەیان) وەک ناو، لە لایەکەوە کۆی (بەی = بەهێ)یە و هەروەها بەواتای (سوبح = سۆح)، (سەرەتای سوبح) دێ و ئەگەریش، ئاوازەکەی بگۆڕین، دەبێ، بە(فرمان) و بەواتای (با، بێن) یاخود، (با، بێن) دێ و کە ئەمەش، وەک ڕستەیەکی تەواو سەرژمێر دەکرێ و ڕاناوەکەشی (ئەوان)ە.

بەم بۆنەوە، حەسەن کەنۆش، دەڵێ:

جە بەیانەوە،..............
حاڵێ پێم یاوا، جە، بەیانەوە

خالێ دیم نه بەین، دوو بەیان -ەوه
مەدرەوشۆ، چون نەجم، وه بەیان -ەوه
حەکاکانی، دەور، گشت بەیانەوه
کێ دییەن، مەغریب، وه بەیانەوه.

**بەیتولحەرەم (ن)**: ئەم وشەیە، لە (بيت الحرام)ی عارەبییەوە هاتووە و مەبەستی لەم وشە ناساکارە، (کەعبە)یە.

**بەیداخ (ن)**: ئەم وشەیە، بەواتای (درەفش) و (عەلەم) و (پەرچەم) هاتووە و ئەمەش پارچە قوماشێکە، کە ڕەمزی دەوڵەتێ کۆمەڵێ دەنوێنێ و وەک دروشم، بۆ هەر دەوڵەتێ، لە قەڵەم دەدرێ و کەوتنی، ئەو بەیداخە، یاخود، ئەو درەفشە، بەکەوتنی خاوەنی ئەو پەرچەمە، لە قەڵەم، دەدرێ و لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەو بەیداخە، خاوەنی ڕێز و ئیحترام و خۆشەویستییە و وەک (بەیاخ) لە ناو کوردەوارییدا، یاوە.

**بەیدێ (ف)**: (بەیدێ)، (فەرمانە) و بەخۆیەوە و بەڕاناوی کۆیەکەوە، کە وەک پاشبەندێ، پێیەوە بەند بووە، (ڕستەیەکی فەرمانی)یە و بەواتای؛ (وەرن) دێ.

**بەیۆ (ف)**: ئەمیش، بەجۆری (فەرمان) و بەجۆری (ئیزندان)، یان (داوا لێکردن) بەرچاو دەکەوێ و بەم واتایانەوە، هاتووە:

با، بەیۆ! بابێت! (ئیزن)، (فەرمان)
بلێین، بابێت! (داخوازی)

**بۆ (ف)**: ئەمە، فەرمانە و بەواتای (وەرە) هاتووە و هەندێ جاریش وەک (ناو) کە بەواتای (بۆن) دێ، بەکار دەهێنرێ.

بەم بۆنەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ:
(بۆ، مەشۆ وەسەیر، وێت، مەدەر، ئازار
چەمەن، بێ سەیرەن، تا، چەم، کەرۆ، کار)
هەروەها، میرزا ئۆلقادری پاوەیی لە جێگایەکی دیکەوە، دەڵێ:
(گوڵ، جە عەشقی، ئەو، دایم، تاسەشەن
گوڵاو ئینتیزار، بۆی هەناسەشەن)

**بوخار (ن)**: ئەم وشەیە، لە وشەی (بخار)ی عارەبییەوە هاتووە و بەواتای (هەڵم)، دێ و



بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
- وا، دیارە، دنیا گەرمی کردووە، چونکە هەڵم لە ئاوەکان بەرز ئەبێتەوە.

**بۆتە (ن)**: ئەو ئامێرەیە، کە بۆ تواندنەوەی، هەندێ کانزا، بەکار دێ و لەوە دەکات، کە وشەیەکی کوردیی زۆر کۆن بێ و لەوەش دەکات، کە بەو دەقە (البودق)ی عارەبی، لەوەوە، وەرگیرا بێ، یاخود ئەو بێ بەعارەبی کرابێ.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
- ئەوە بۆتەی، قورقوشم تواندنەوەیە.

**بورج (ن)**: بەقەڵای بەرز، کە بەمەبەستی پاسەوانی و ئێشک کردن و ئاگاداریکردن، دروست دەکرێ، دەوترێ، هەروەها، بەهەریەکێ لە دوانزە بورجەکانی ساڵ دەوترێ و پتر لەوەش، وەک نیشانەی مانگ، یاخود، بۆ ناوی مانگ بەکار دەهێنرێ:

بۆ وێنە، دەوترێ:
- هەریەکی لە دوانزە بورجەکانی ساڵ ناوێکی تایبەتی هەیە!
- مانگی، چوار جار، لەو بورجەدا، ئێشک دەگرێ!
- جەژنی پیرۆزی ئینقلابی ئیسلامی ئێران ڕێککەوتی (٢٢) بورج دەکات!

**بووازە (ف. فە)**: واتە، فرمانی فەرمانە و بۆ کەسی دووەمی تاکە و بەواتای (بخوازە)، (داوا بکە)، (قەرز بکە)، (دەستەوامی بکە).

(بووازوون) بەواتای (بخوازم) هاتووە و بەم بۆنەیەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ:
تاکەی بووازوون ئاوات وە عەدەم
تاکەی، میلی خەم، بکێشۆن، نە چەم!

**بۆوە (ن. ج)**: بەواتای (وەرەوە)، (دەبێتەوە) هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
- بۆوە، ئۆ سلێمانی!
واتە: وەرەوە بۆ سلێمانی!

**بویارۆن (بویاروون)**: ئەم وشەیە (بویارۆن) بەواتای (ڕابوێرێ)، یان (بیپەڕێنێ) دێ و (بویاروون)یش، بەواتای (ڕابوێرم)، یان (بیپەڕێنم) دێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو

ڕستەوە و دەوترێ:

– چەودما، پەی، وێم، بوباروون!

– واتە: لەو دوا، بۆ خۆم، ڕاببوێرم!

یاخود دەوترێ:

– با، پەی وێش، بوبارۆن!

واتە: با، بۆ خۆی، ڕابوێرێ!

**بیابان (ن)**: بیابان، یان بیاوان، بەواتای دەشتایی چۆڵ و بێ ئاو دێ. بەم جۆرە، لە ناو ڕستەدا، بەکار دێ:

– لە بیاباناندا، مەگەر، بەباران گیا سەوز بێ، ئەگەر بباریێ!

**بیاشۆش (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی جوانڕۆ، کەوتووەتە، سەر ڕێگای روانسەر و جوانڕۆوە.

**بێ پەی (ئن)**: ئاوەڵناوە و بەواتای (بێ بن)، (نەزانراو)، هاتووە. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و، دەوترێ:

– بیرەکەم، دۆڕاندووە و چووەتە، دەریایەکی، بێ پەیەوە!

بەم بۆنەیەوە، سەی یاقووی مایدەشتی وتوویەتی:

(عارف ئوستادان، سەڕافانی حەیی
حازق غەواسان، بەحرانی بێ پەی)

**بیجاڕ (ن)**: شاری (بیجاڕ) یان شاری گەڕووس، کەوتووەتە ناوچەکانی کوردستانەوە و سەر بەکوردستانی سنەیە و شارێکی کوردیی کۆنە و بەقاڵیکردنەوە ناوبانگیان، دەرکردووە و لە لایەکی دیکەوە، بەرزترین شاری ئێرانە، لەسەر ڕووی دەریاوە!

**بێ جیهەت (ئن)**: پێکهاتووە، لە (بێ) کە ئامرازی نەفی کوردییە و (جیهەت)یش وشەیەکی عارەبییە و بەهەردووکیانەوە، وەک وشەیەکی متوربەکراو، بەواتای (بێ لایەن) هاتووە. هەروەهاش، لە ناو کوردەکانی ئێراندا، بەواتای (بێ هۆ، بێ دەلیل) هاتووە!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– تۆ بێ جیهەت، لە من، ڕەنجاویی!



**بێچار، بێچارە (ئن)**: وشەی (بێ چار = بێچار) بەواتای (بێ دەرمان)، (بێ شانس) و (بێ ئیقباڵ) و (بێ تاڵع) هاتووە، هەروەها، بەواتای، (داماو، نەتەوانا، کەلەلا، هەژار،...) هاتووە.

شایانی باسە، وشەی (بێچارە)ش هەر هەمان، واتا دەگرێتەوە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، ئەو نەخۆشییەی، بێچارەی کردووە!

– بێچارەی وەها چییە، کە تۆ لێی بگریی!

– بێچارەیە، بۆیە ئەویش، پێی، ڕازیی، نەبوو!!

**بێچوون (ئن)**: وشەیەکی ناساکاری کۆنە، لە کوردییدا و بەواتای، (بێ وێنە)، (بێ هاوتا)، (بێ هاوکار) هاتووە و سیفەتێکی جاویدانییە، بۆ خوای خوایان.

**بێخود (ئن)**: (بێخود)، بەواتای (بێ هۆش) و (بێ سوود)، (بێ ئیرادە) و (بێ هەوەس) و (بێ هاز) دێت.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو کارەی کە تۆ، خەریکیتی، بێ خودە!

**بێ داخ (بێداخ) (ئن)**: بێداخ، بەواتا، (بێ دەرد)، (بێ ئۆف) و (بێ ئێش) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– تا، ما، بە بێداخ دنیای گوزەراند!

**بێدار (بێ دار) (ئن)**: ئەم، وشەیە، بەواتای، (بەئاگا، نەخەوتوو، بەهۆش) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– حەز دەکەم کە براکەت، لە خەو بێدار بکەیتەوە!

**بێدوون (بێ دوون) (ئن)**: پێکهاتووە، لە (بێ)ی کوردیی و (دون)ی عارەبی، یاخود هەر عارەبییە و ئەویش (بدون)ە و بەواتای (بەبێ) هاتووە. لە لایەن کوردەکانی ئێرانەوە، بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بێ دوونە جیهەت، لە من عادز، بووە!

**بیر (ن)**: بیر، لە کوردییدا، بەواتای (چای) و (چاڵاو) و (ویر) و (فیکر) دێ و بەم

جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– بەبیری من، ئەو کارە نەکات باشە.
– ئەو کابرایە، بەبێ بیرلێکردنەوە، کار دەگرێتە بەر!
– بیری ئاوەکە، ئاوەکەی، کەم بووەتەوە.

شایانی باسە، (بئر)ی عارەبی، لە (بیر، ویر)ی کوردییەوە، وەرگیراوە و چونکە، وشەی (ویر، بیر) وشەیەکی ئاڤێستاییییە!

**بێزا (بێزا) و (بێزار)**: (بێزار)، بەواتای، (بێتاقەت)، (بێ هەوەس) و (بێ مەیل) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– بێزارم، لەم ژیانەی، کە حاڵی حازر، هەمە!

بەڵام (بێزا) و (بێزیا)، بەیەک، واتا، هاتوون و ئەویش، واتای (لووتەلا بوون) و (نەفرەت لێکردن)، (ئیتر نەویستن) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– درۆزنی وەها، لە لای هەموو کەسێ، بێزیاوە!

بۆ وێنە، جهان ئارا خانم دەڵێ:

(ئەو حەکیم بدۆ، دەوا، پەیاپەی
خۆ من بێزارم، جەو جام و جەو مەی)

**بێزەل (ن)، (ئن)**: ئاوەڵناوە، لە کاتێکدا، کە بەجێگایەک بوترێ، کەم ئاو بێ و زەل و زووزی تیادا، نەڕوێ و ئەگەریش، بەپێچەوانەوە بێ، ئەوە (زەلدار)ی پێ دەوترێ!

بەڵام، وەک (ناو) بەم جۆرەیە:

ناوی هەوارگەیەکی، ئیناخی و ئیمامییە، کەوتووەتە، نێوان سنووری تاوگۆزی و ئیناخی و ئیمامییەوە.

**بیسات (ن)**: ئەم وشەیە، لە (بساط)ی عارەبییەوەیە و بەواتای، (فەرش) و (پانتایی) و (سەرمایە) و (کەلوپەل) و (دەستگا و کەلوپەل) و (بەزەویوزار)، بەکار دێ!

بەم بۆنەیەوە، خانا، دەڵێ:

هەم خوسرەو نەوجا، ئاراست بیساتێ
بیساتی ڕەنگین، پەڕ، جە نیشاتێ

**بێستوون (ن)، (ئن)**: وەک ئاوەڵناو، بە(ئاسمان) دەوترێ، چونکە بێ کۆڵەکەیە و



(ستوون)یش، وشەیەکی ئاڤێستایی کۆنە و بەهەرچی بانێ کە کۆڵەکەی نەبێ؛ بانی بێ کۆڵەکە، هەیوانی بێ (ستوون) کۆڵەکە، بێستوون، دەوترێ!

بەڵام بێستوون، وەک ناو، ناوی شاخێکی بەناوبانگە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشانەوە و نووسینەکانی دەوری هەخامەنشی بەسەریەوە، هەڵکەندراون، کە لە لایەن راولنسۆن –ەوە کاتی خۆی، نووسرانەوە و برانە ئەوروپا، لەوێ خوێندرانەوە و ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەوە، کە نووسینە مێخییەکانی دیکەی دەوری هەخامەنشی بخوێنرێنەوە.

بەهەرحاڵ، ئەو نووسینانە، کە بەچەند جۆرێ نووسراون، لە لایەن داریۆشی گەورەی هەخامەنشییەوە، نووسراون و زۆرتر باسی خواپەرستییە و ئەهرۆمەزدەش پشتی داریۆشی گرتووە، چونکە ئەم بەدڵ و دەروون، ئەو دەپەرستێ!

بەم بۆنەیەوە، خانا یەژێ:

پەی مەرگی فەرهاد، نە پای بێستوون
نوختەی ماوی خاڵ، کەندەن، بەناخوون

**بێشتەر (ئن . بەراورد)**: بێشتەر و فیشتەر و بیشتەر، هەرسێکیان، هەر یەک واتا دەدەن، بەواتای، زۆرتر، فرەتر، زیاتر، لەبەرتر، هاتوون و بەم جۆرە دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– من ئەوم، بیشتەر لە براکەی خۆشترم دەوێ!

بۆ وێنە، جیهانئارا خانم، دەڵێ:

(نەمەندەن تاقەت تەوانای تانە
جەی فیشتەر عەزاب پەنەم، مەنمانە!)

**بێعار (بێ عار) (ئن)**: (بێ عار) متوربەکراوی کوردیی و عارەبییە و (بێ) وەک ئامرازی نەفی و کە کوردیی و (عار)یش عارەبییە، کە واتای (عەیب) و (ناڕەوا) ئەدات و بەهەردووکیانەوە، وشەیەکی لێکدراوی دووڕەگیان دروست کردووە و بەواتای (بێ چاوڕوو) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەو، بەبێعاریی، دنیای بردووەتە سەر!

**بیل (ئیڵ) (ئن . ن)**: (بیل) وەک، ئاوەڵناو، بەواتای یەکێکی بچکۆلە و کورت و ناتەواو لە بنیاددا، هاتووە، هەروەها، بەواتای (قوری لیتە) هاتووە. بەڵام هەندێ جاریش، وەک (ناو) بەکاری دەهێنن و ئەو کاتیش بەئامرازێ دەوترێ (بێڵ)، کە بۆ هەڵکەندنی زەوییە،

کشا وەرزییەکان خاوەن زەویوزار (کشاوەرز) بەکاری دەهێنێ!

بۆ وێنە، دەوترێ:

– کوڕە، وازم لێ بهێنە، ئەگینا لە داخی تۆدا، خۆم دەخەمە بیلەوە.

– ئەو کابرا، بیلە، چە کارێکی پێت هەیە!

– هەرچی، خاوەن باخ و باخات هەن، بێڵ و خاکەناز و زەنگنی، تایبەتی خۆیانیان هەیە!

**بێڵەتاو (ن)**: ناوی باخ و سەراوێکە، لە کێوی (بەنی گەز)دا.

**بێڵەگی (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی جوانرۆ.

**بێ نەزیر (بێنەزیر) (ئن)**: ئەم وشە لێکدراوە، دووڕەگە و پێکهاتووە، لە (بێ)ی کوردیی و (نظیر)ی عارەبی و بەهەردووکیانەوە، بەواتای، (بێ وێنە)، (زۆرچاک)، (بێ هاوتا) هاتووە.

بەم، جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، بۆ، زیرەکیی و لێهاتوویی و سەوادداریی، بێنەزیرە!

بەم بۆنەیەوە، خانا یەژێ:

(بانوو، جە خزمەت، ئەو شای بێ نەزیر
بەشەو هەم بەڕۆ، هیچ نەکەرد تەقسیر)

**بێهتەر (ئن. بەراورد)**: ئەم وشە کوردییە، بەواتای (خاستەر) و (چاکتەر) و (سەرلەبەرتەر) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، لە شیعر داناندا، بێهتەرە، لە کاوە!

هەر لەو وشەیەوە، (بیهتەرین) وەک پلەی بەراوردی بالا، بەکار دێ و بۆیە، دەوترێ:

– ئەو بیهتەرین، شاگردە، لە ناو ئەو هەموو شاگردانەدا.

**بێهداشت (ن)**: ناوێکی لێکدراوە، کە واتای تەندروستی ئەدات، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بێهداشت، بۆی هەیە، کە خواردەمەنی پیس و پۆخل بسووتێنێ و نەیەڵێ کەس بیخوا.

– بیهداشت، پارێزگاری تەندروستی دەکات و توانای بەرگریکردنی نەخۆشی هەیە.



**بێ هەور (بێهەور) (ن. ئن)**: بێهەور، وەک ئاوەڵناو، بەواتای، سافی و پاکی ئاسمان، کە هەوری پێوە نییە و سایقەیە، هاتووە، هەروەها، لە شێوەی ئیستیعارەدا بەواتای، بێ لەکە، بێ درۆ، بێ فرتوفێڵ دێ!

بەڵام (بێهەور)، وەک (ناو) و ئەویش دێیە، بەم جۆرەیە:

ناوی دێیەکە لە دێیەکانی ناو دەروەن، سەر بەناوچەی کرماشان، کەوتووەتە، سەر ڕێگای (کرماشان – کامیاران)ەوە.

**بیی (کاری یاریدەدەر)**: بیی، کارێکە، باسی رابوردوو، دەکات و بەواتای (بوو) هاتووە و بەم جۆرەش هی دیکەی لێوە، وەردەگیرێ:

– بییم، بەواتای، بووم هاتووە.

– بییەن، بەواتای بوو –ە، هاتووە.

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم یەژێ:

دەروونم، جە عەشق، بالات قەقنەس بیی
رۆحم، چەنی رۆح پاکت، پەیوەست بیی!

هەروەها دەڵێ:

ئەرێ کەرەم دار، ئاگای کوللی حاڵ
تۆ وێت عەلیمی، ها، بییم، وە زوخاڵ.

هەروەها، خانا یەژێ:

هەرچەند مورغی دڵ، پا بەستش بییەن
پۆسەمە شنەفت، نیشانەش، نییەن!

**برا (براڵە) (ن)**: (برا) و (براڵە)، هەر یەکێکن و تەنها ئەوە هەیە، کە (براڵە) نەختێ خۆشەویستی و بچووکی پیشان دەدات و بەم جۆرە، لە کوردستانی عراق و هی ئێراندا، بەکار دەهێنرێ و براڵەش، بەزۆری لە ناوچەکانی هەوراماندا، بەکار دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– من دوو برای گەورەم هەیە و براڵەیەکیش!

**بریا، بریان، بڕیان**: وشەی (بریا)، بەواتای (برا) هاتووە و (بریان)یش، بەواتای (براو) هاتووە و بەڵام بەواتای (پیشراو)یش هاتووە. (بڕیا) و (بڕیان)یش، بەواتای (بڕا) و

(براو) هاتوون و بەم جۆرە، دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– هەرچی کەلوپەل هەن، بریان (براوە).

– ئەمڕۆ، چێشتی (بریانی)مان، هەس!

– سەرتاپا، جلێش پۆرە، بریان!

– ئەو ناویە، پێدا، بریاوە!

بەم بۆنەیە، جیهانئارا خانم، دەڵێ:

بەچەند کەسش دان، زەردیی بەگۆناش
خوسووس ڕەنگی من، بریان، وە باڵاش

**برێژیا (ک)**: ئەم، وشەیە، کوردیی کۆنە و ریشەیەکی ئاڤێستاییيە و بەواتای برێژرابایە، دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– خۆزگە، ئەو خواردنەت برێژیایە و بەو سفڵەیەت، نەدابایە!

**برووە (ئن)**: لە وشەی عارەبییەوە (برود) وەرگیراوە و واتای (ساردیوسڕی)، بەدەستەوە، دەدات و بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو لەگەڵ خزمانیدا، برووەت، پیشان دەدات.

**بزانۆن، بزانوون، بزانی**: وشە، یاخود (زان) ریشەیەکی ئاڤێستاییيە و کوردیی پەتی ئەمڕۆیشە و (بزانۆن)، بەواتای (بزانێ) هاتووە و (بزانوون) بەواتای (بزانم) هاتووە و (بزانی)یش، بەواتای تۆ بزانی، هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دەبێ بزانۆن (بزانێ) بۆچی بێکارە!

– دەبێ بزانوون (بزانم) بۆچی بێکارم!

– دەبێ بزانی، بۆچی بێکاریی!

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم یەژێ:

دووبارە، واتەن، مەر ئەو حەکیم بۆ
دەوا بزانۆ، پەرێ، دەردی تۆ

هەروەها دەڵێ:



(تەمام هەر جەتیر، تانەی بەدکاران
مەرحەق بزانۆ، چۆنم، ویاران)

**بشۆ (بشین)**: بشۆ، بەواتای (برۆ) دێت و (بشین)یش، بەواتای (بڕۆین) دێ و بەم جۆرە، دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بشۆ، وەسەردەم کارتەوە.

– بابشین، وەسەردەم ماڵە و منداڵەکەمانەوە!

**بکەران (ف. ر)**: ریشەی (کەر) کوردییەکی زۆر کۆنە و (بکەران)یش، بەواتای (بکەن) هاتووە و بەم جۆرەش، لە ڕستەدا، بەکار دێ:

با، کارەکەشان، بەخاسیی بکەران

واتە: با کارەکەیان، بەخاسیی بکەن!

**بکیانۆ (ف. ر)** بکیانۆ، خۆی لە خۆیدا، ڕستەیەکی تەواوە و لە دۆخی (ئیزن) و (فەرمان)دایە یاخود، جۆرە داخوازییەکە و بەواتای (بنێرێ)، یان، (بابنێرێ) هاتووە و بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دێ و دەوترێ:

– پێی، بلێ، با کوڕەکەی بۆ لام، بنێرێ (بکیانۆ)!

– با، پێخامش پەی بکیانۆ!

واتە: با پێخامیی، بۆ بنێررێ!

**(بلووک)(ن)**: بەناوچەیەک دەوترێ، کە چەند دێیەکی تیادا کۆ بووبێتەوە، یاخود بەگەرەکیش دەوترێ و بەم جۆرە بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:

– خاڵم، گەورەی بلووکێکە لە کوردستاندا.

– ماڵیان، کەوتووەتە، بلووکی ئەدەبەوە.

**بمانۆ (ن. ر)**: خۆی لە خۆیدا، ڕستەیەکە و بەواتای (بمێنێ) یان، (با بمێنێتەوە) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– باچاگە بمانۆ، تاوەکو من مەو!

واتە: با لەوێ، بمێنێ، تاوەکو من دێم!

**بن (ن)**: (بن) بەواتای (بێخ) و (چڵ) دێ و (بن وەبن)یش، هەر لەمەوە وەرگیراوە و بەم

جۆره، له ڕستەدا، بەکار دەهێنرێ و دەوترێ:

– قەڵەمەکەی کەوتە بنی حەوزەکەوە!
– لە بن، ئەو دارەدا، تەڵێ مێوی ناشتووە!
– کابرا، بن وەبن، بەدواییدا، دەگەڕێ!

**بنە (ن)**: ئەم وشەیە، بەواتای، (بەشێ، وەچەیێ، سووکەماڵێ) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– عیلەکە بارگەوبنەی پێچایەوە.
– ئەوان، لە ناو باخەکەیاندا، بنەیەکیان هەیە!
– لە بنەماڵەی ئەواندا، هەریەکێکیان ماوە!

**بنگوێز (ن)**: ناوی هەوارگەی هۆزی (شەرەفبەیانی)یە و پاڵی داوە، بەکێوی (بەمۆ)وە و سەر بەعێراقە.

**بنیش (بنیشن) بنیشۆن، بنیشوون**: بنیش، ڕەگی فرمانە و چاوگیشیەتی و وەک فەرمانێکیش، بەواتای (دابنیشە) هاتووە و (بنیشن)یش فەرمانە بۆ کۆی دووەم، یاخود ئیزندانە، (بنیشۆن) داخوازییە، بۆ تاکی سێیەم (بنیشوون) داخوازییە، بۆ تاکی یەکەم و بەم واتایانە، هاتوون:

– (بنیش)، بەواتای (ڕەگ، چاوگ) دابنیشە، دانیشە.
– (بنیشن)، بەواتای، دابنیشن، هاتووە.
– (بنیشۆن)، بەواتای، دابنیشێ، هاتووە.
– (بنیشوون)، بەواتای، دابنیشم، هاتووە.

**پا (ن)**: (پا) بەواتای (پێ) هاتووە، هەر لە کۆنەوە، بەو جۆرە بووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ها وەپاوە. بەواتای: ها وەپێوە ڕاوەستاوە، هاتووە.
– پا وەپای ئەکا. واتە: بەپێی ئەو بەرێوە دەڕوا.
– پای کردە پالا. واتە: زۆر پەلەی لێ کرد.
– پالا. بەواتای (پێلاو، کەوش) هاتووە.



**پاپەتی (ئن)**: پاپەتی، ئاوەڵناوە و بەو کەسە دەوترێ، کە:

– پێڵاو (پالا)ی لە پێدا نییە!
– دەست کورت و نەدارایە!
– وەک لەقەوێکیش، بە(عارەب) دەوترێ:

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– لەبەر پێخاوسی عەرەب، بە پاپەتی ناوبانگی دەرکردووە!

**پار (ن)**: بەواتای، ساڵی ڕابوردوو هاتووە و هەندێ جاریش، بەواتای پارچە، تیکە، لەت، شڕ، دڕاو، ڕزاو، هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– پار و ئەمساڵ، بۆ گرانی، هەر مەگەر خوایان یەکێک بێ!
– مۆرانە، جلەکانی پارە پارە و ئەنجڕ ئەنجڕ کردووە!

**پاراو (ئن)**: واتەی، کەفەسەر بەئاو، تێرئاو، مەلاو، دەدات و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو دوو ڕۆژە لەسەریەک دەبارێ و بەجارێ دنیا پاراو بووە!
– فیکری ئەو پاراوە، بەفەرهەنگی ڕۆژئاواییەکانەوە.

**پارێز (ئن)**: پارێز، بەواتای، دوورکەوتنە لە هەندێ هەڵسوکەوت و خواردن، ئاگاداریکردنی خۆ، لە هەندێ شت، دوورەپەرێزی، لە هەندێ کەس، هەندێ کردەوە، هەروەها بەواتای، بە(ئەسپایی و نەدیدەنی و بێدەنگی نزیک بوونەوە).

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دەستی شکاو، پارێزی گەرەکە.
– ئەو، پیاوێکی زۆر ڕەوایە و لە ئاوی شەو، پارێز، دەکات!
– بەپارێز، توانی خۆی نزیک بکاتەوە، لە بزنە کێوییەکە!

بەم بۆنەیەوە، خانا یەژێ:

(بەو تەور، جە شەوان، مەشیم وەپارێز
ڕێزەی ڕێخ جە پام، نمەکەرد ئاخێز)

**پاس (پاسەبان و پاسەوان) (ن)**: (پاس)، ڕەگی کارە و چاوگیشە و بەواتای (ئێشک)،

(ئاگادارکردن)، (چاودێری کردن)، (بەخێوکردن) دێ و (پاسەبان) یان (پاسەوان)یش بەو کەسە دەوترێ، کە کاری (پاس) دەکات و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- پاسەوانی، پاسگاکە، شەو و ڕۆژ، پاس، دەکات!

**پاسە (پاسەن)**: ئەم وشەیە، بەواتای وەها (بەو جۆرە) هاتووە و دووەمیشیان (پاسەن) زیاتر و پتر، دڵنیایی، بەدەستەوە، دەدات.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- پاسە ئاما، کە نە لۆوە!

واتە: وەها هات، کە نەڕواتەوە!

یاخود: بەو جۆرە هات، کە نەڕواتەوە!

**پاشیان (ف)**: بەواتای (بەڵاو، پرژناء، پژگاندن) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- تازە کۆچشا کەردەن و یانە کەشا، پاشیان.

واتە: تازە کۆچیان کردووە و ماڵەکەیان بڵاو بووەتەوە.

بەبیروڕای ئێمە، (پاش)، لە (پژگاندن، ڕژاندن)ەوە هاتووە و بەم جۆرەی خوارەوە، لەگەڵ، (ئاو) و (شلە)ی دیکەدا (کە وەک دەوا و دەرمانی گیراوە) بەکار دێ و دەوترێ:

ئاو پژ، بووە بە، ئاو پاش.

دەرمان پژ، بووە بە، دەرمان پاش.

**پاوە (ن)**: ناوی (شارێکی) ناوچەی هەورامانی لهۆنە و کەوتووەتە بناری ڕۆژئاوای شاهۆوە و حاڵی حازر، مەرکەزی قەزایەکە، کە سەر بەناوچەی کرماشان -ەوە. ناوی بنەڕەتییەکەی (پاڤە)یە، کە لە گەشتەکەی زەردەشتدا، لە قەراغ سیروانەوە، بەرەو ئاویەدر ڕۆیشتووە، هاتووە و مەردۆخ لە لێکدانەوەی وشە (پاوە)دا، باشی بۆ نەچووە! (تەماشای، کوهای ناشناختە و غرب ایران - دولتشاهی) بکە.

میرزا شەفیع یەژێ:

سەراو چوون هەولی مەسکەن چوون پاوە
ماچی بەهەشتەن، وە ڕووی دنیاوە!

میرزا ئۆلقادریش دەڵێ:



ئافەرین شەفیع، شوعرای خۆش خەیاڵ
فەردت باقییەن، تا وە هەزار ساڵ
سەرا و چوون هەولی، مەسکەن چوون پاوە
ماچی بەهەشتەن، وە ڕووی دنیاوە!
منیچ تەسدیقم یەکجار کەردەن پێش
یەقین بەهەشتەن، بۆی حۆر مەیۆ لێش.

**پایان (ن)**: پایان، بەواتای (کۆتایی) هاتووە، ئەمە ئەگەر وشەکە، وەها لێکی بدەینەوە، کە لە فارسیدا، بەکار دێ، بەڵام لە زمانی کوردییدا، (وەک کۆ) بەواتای (پلە) و (پایە) و (کۆڵەکە) دێ، کە کۆبەکیان (پلان)، (پایان)، (کۆڵەکان)ە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- کارەکەی ئەوان پایانی هات.

بەشێوە کوردییەکەی بەم جۆرەیە:

- ئەوان، لە پایانێکی بەرزدان.
- دەوڵەت، مزگەوتێکی سیی پایانی، کردووەتەوە.

شایانی باسە، وشەی (پایان) بەهۆی لێکدانی لەگەڵ (بێ-)دا، (بێ پایان) پێک دەهێنن و بەواتای (فراوان)، هاتووە و بەم جۆرە، لە ڕستەدا، بەکار دێ و دەوترێ:

- ئەو سەروەت و سامانێکی بێ پایانی هەیە!

**پەڕ (ن . ئاوەڵکردار)**: پەڕ، بەواتای، (سەرسنوور)، یاخود (مەرز) هاتووە و هەروەهاش بەواتای پەڕی مریشک و باڵندە (پەل) هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەمرۆ، لەوپەڕی باخەکەمانەوە، (کاوە)م بەرچاو کەوت.
- زوربەی سەرینەکانمان، لە پەڕی مریشک دروست کراون.

لە شێوەی ناوچەی هەورامانیشدا، بەواتای (پڕ) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

- پەڕی، بەرمیلێ (بۆشکەیێ) نەفتمان پەی ئامان.

واتە: پڕی، بەرمیلێ (بۆشکەیێ) نەفتمان بۆ هاتووە!

**پەڕاو (ن)**: ناوی شاخێکە، کە کەوتووەتە پەڕی کرماشان -ەوە و بەشی لای ژوورییەوە.

هەروەک (مەحرووم) دەڵێ:

مـەخـمـووریی دیدەی قـەترانی خـاڵان
نیم نیگای مـوژەی گـەردەن غـەزاڵان
ئەر بگنۆ وەهەرد قـولـەی کـۆی پەڕاو
وەزاتی مـوتلـەق، مـەکـەرۆش وەئاو!

**پەرداخ (ئن)**: بەواتای، ڕێکوپێک و جوان و ڕازاوە، هاتووە، هەروەها، بەواتای (لێوان)، یان گڵاسی ئاو خواردنەوە، هاتووە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر بێتو (ڕ)یەکە، قەڵەو ببێ واتای، (پڕ لە داخ) ئەدات!

بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە:

– ئەو خۆی، پۆشتە و پەرداخ، کردووە!

– بەسەر، هەریەکێ لەوانەدا، پەرداخێ شەربەتی دابەش کرد.

– ئەو ئەوەندە نارەحەتە، هەمیشە هەناسەی پەڕ لە داخ، هەڵدەکێشێ!

**پەرسام (ف . ر)**: پەرسام، ڕستەیەکی تەواوە و بەواتای (پرسیم) هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– پەرسام، جە حاڵ و ئەحواڵیشا!

واتە: پرسیم، لە حاڵ و ئەحواڵیان.

**پەرسە (ن . ف)**: پەرسە، بەواتای (بپرسە) هاتووە، هەروەها بەواتای (پرسە) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دوێنێ، چوومە (پەرسە = پرسە)ی، خزمەکەی، کامەران.

– پەرسە، بزانە، دەرچووە! پەرسە، بزانە، بەرشییەن!

واتە: بپرسە، بزانە، دەرچووە!

**پەڕ فەند (ئن)**: (پەڕ فەند)، هەر بەواتای (پەڕ فەن) و (پڕ فەن) و (پڕ هونەر) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– ئەو خانوویەکەی، بەشێوەیەکی پەڕ (پڕ) فەننانانە کردووەتەوە!

**پەرگەندە (ئن)**: ئەمە بەواتای (پەراگەندە) هاتووە، کە لە شێوەی کوردییدا، بووە بە(پرژ و



بەڵاو)، (پەخش بوو)، (پرژۆ بوو)، (بەڵاوۆ بوو)، بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– جووجەڵەی مریشکەکە، بەهۆی داڵەوە، پەرگەندە بوون!

**پەز (ن)**: پەز، بەواتای (مەڕ) هاتووە و (پەز)، وشەیەکی ئاوێستایی کۆنە و بەڕووالەت و ئاوازی (مێ)ش، یاخود (مێشن) بەکار دێ و لە کۆنیشەوە بەکارهێنراوە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، خاوەنی، ڕانە پەزێکی گەورەیە.

**پەس (ئن)**: پەس و پەست، بەواتای (عادز) و (خراپ و نالەبار) و (خەماویی) و (بێ هەوەس) دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو، نزیکەی دوو ڕۆژێکە پەسە و قسەی نایێ!

– فلانە کەس ئینسانێکی پەسە.

**پەشێو (ئن)**: (پەشێواو)یش، لە (پەشێو)ەوە، وەرگێراوە و (پەشێو)یش بەواتای (تێکچوو)، (پەس)، (خەماویی) و (عادز) هاتووە و بەڵام عادزی و تێکچوویی پەشێو، لە هی (پەس) پترە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو چەند ڕۆژێکە پەسە و پەشێوە، داخوم، هۆی چی بێ!

– پەشێواوییەکەی، درێژەی کێشا و هۆیشی نازانرێ!

بەم بۆنەیەوە، کۆماسی یەژێ:

(بەو چنگی چل چنگ، تۆ تاتات، مـەکـەرد
ئیـسـە، پەشـێـویان، چون ڕێحـانـی هەرد)

**پەکەر (ئن)**: ئەمیش، بەواتای (پەشێو) و (پەس) و (عادز) هاتووە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– ئەمڕۆ فلانە کەس لەوەی دەکرد، کە زۆر پەکەرە!

**پەل (ن)**: ئەم وشەیە، بەواتای (نارەحەت) و (خەفەتبار) و (پەشێو) هاتووە و هەروەها، بەواتای (پەڕ)یش بەکار دێ و پتر، لەوەش، بەواتای (گەڵا)، یاخود (پارە = پارچە) بەکار دەهێنرێت و دەوترێ:

- ئەو بۆ دووریی کوڕەکەی پەلە.
- ئەوان سەرینی پەلاوییان هەس.
- دوو پەلێ نانی بۆ چەند کەسێ دانا بوو!
- درەختەکە پەلەکانی دەوەرێن!

**پەلامار (ن)**: پەلامار، بەواتای (هێرش بردن) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- وەک گورک، پەلاماری منداڵە بەسەزمانەکەی دا!

**پەلە (ئن)**: پەلە، بەواتای (زووخێزیی) و (عەجەلە)ی عارەبی هاتووە و هەر لەم وشەیە، وشەی (پەلەپەل) دروست کراوە و بەڵام هەر بەهەمان واتاوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆرتر، هاتووە:

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- مامەڵە کردن، یاخود کڕین و فرۆشتن پەلەپەلی پێ ناوێ!

**پەن (ن)**: (پەن) بەواتای، (ریسوا) کردن و گاڵتە پێ کردن و خەڵەتاندن دێ و لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (شت لێوە فێربوون)، (دەرس لێوە وەرگرتن) دێ و لە هەندێ جاریش، لەبریی، (پەند) بەکار دەهێنن.

بەم جۆرە، بەکار دێ و دەوترێ:

- لە وتە دێرینەکانمان، پەند (پەن) وەردەگرین.
- پەندەکانی پیرەمێردی شاعر، زوربەیان، چاپ کراون.
- ئەو پەنی، بەبراکەی دا و بەشەکەی بەهەرزان، لێ کڕیی!

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم یەژێ:

(پەی تۆ وێم کەردەن وە پەنی شاران
مەحرووم، جە دیدار، بەرزی کۆساران)

**پەنا (ن . ئاوەڵکردار)**: پەنا، بەواتای (پاڵ)، (سێبەر)، (ژێر) هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

- لێقەوماوەکان، چوونە پەنای برا کوردەکانی ئێرانیانەوە!
- باران دایکرد و چووە، پەنای بن بەردێکەوە.



**پەننام (ن . ئن)**: پەنام، بەواتای (ئاوسیا) و (پەنەمیا) و (هۆرئاما) و (ماسا) و (کیز) کردن هاتووە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- پای پەنەمیاگە، یا، پای، پەننامی هاوردگە!

واتە: پای ئاوساوە، یاخود، پاش، ماسان!

**پەنج تیر (پەنجتیر) (ن)**: جۆرە تفەنگێک بووە، کە (٥) پێنج دانە فیشەک، خواردووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- بەفیشەک لۆخەوە و بەتفەنگێکی پەنج تیرەوە، عەکسی گرتووە!

**پەنجە (ن)**: پەنجە، بەواتای (پەیجە) و (پەیژە) هاتووە و وشەکەشی کوردییەکی پەتی کۆنە و بەواتای (دەست = هەر پێنج پەنجەکەی دەست)یش دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو پەنجەکانی، هی کرێکار، نین و خوا هەر بۆ قەڵەم دروستی کردوون!
- ئەو بەپەیجە (پەنجە)دا، بۆ ژوورەکەی سەردەکەوێ!

**پەوسە (پەوکە)**: پەوسە و پەوکە، بەواتای (چونکە) و (لەبەر ئەوە) (وەها) هاتوون و لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (وەکی دیکە) هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە:

- پەوکەی خەبەرم پەی کیاستی، کە زوو بەی!

واتە: بۆیە، خەبەرم بۆ ناردیی، کە زوو بێی!

یاخود دەوترێ:

- پێسە کار مەکەرە، پەوسە، خاسا!

واتە: وەها، کار مەکە، وەکی دیکە خاسە!

**پەهلەویی (ن)**: ساڵی (١٣٠٤) ڕۆژی، ڕەزاخان، دەوڵەتی قاجاری لەناوبرد و خۆی بەناوی (ڕەزا شاه)ە و چووە سەر کورسیی حوکم، دەوڵەتی پالەوی سازدا.

**پەنهان (ئن)**: پەنهان، بەواتای، (نهێنی، شارراوە) هاتووە و لە بنەڕەتدا، وشەیەکی کوردیی ڕەسەنی کۆنە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو هەموو شتێکی پەنهانی و شارراوەیە!

**پەی پەی (ئن)**: (پەی پەی) و (پەیاپەی) و (پەیدەرپەی)، هەر بەیەک واتا هاتوون و بەواتای (گورج و گورج) و (زوو زوو) و (خێرا خێرا) و (یەک لە دوای یەک) و بە(دوای یەک)دا هاتووە.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو پەیدەرپەی، ئامۆشۆی، دراوسێیەکەیان، دەکات و پەیاپەی کەلوپەلیان، بۆ دەکڕێ و پەی پەی، خزمەتیان، دەکات!

**پووچ (ئن)**: بەواتا، خاڵی، بێ مێشک، نەزان، هیچ، بێ عەقڵ، بێ ئەرزش هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو کابرایەکی هیچ و پووچە و بۆ ئەوە ناشێ، کە ئامۆشۆی بکرێ!

هەروەها، بەواتای (پووت) هاتووە، ئەگەرچی (پووت)، لە کوردیی کوردەکانی ئێراندا، بەواتای (تەنەکە)ی نەوت، هاتووە.

**پوخت و پەز (ئن)**: بەواتای (برژاندن و سوورکردنەوە) هاتووە. بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– بێشتر، خانمەکان، کاریان لە ماڵەوە پوخت و پەزە.

واتە: زۆرتر، خانمەکان، لە ماڵەوە، کاریان، پوخت و پەزە (خواردن دروستکردنە).

**پوور (ن)**: کوردییەکی کۆنە و بەواتای (کوڕ) هاتووە، بەم جۆرە دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– حوسەین پووری عەلییە!

**پۆس (ن)**: بەواتای پێست هاتووە و کوردییەکی پەتی کۆنە و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– پێڵاو، لە پۆسی گا، دروست دەکرێ!

**دەور (ن . ئاوەڵکردار)**: بەواتای (چەرخدان) و بەواتای زەمان و ڕۆژ، هاتووە، بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– لە دەوری شایەتیدا، ڕۆژنامەی کوردستان لە تاراندا، دەردەچوو.

– ئەمڕۆ، دەوریەتی و چی دەکات، ئەیکات.

– ساڵ، دەوری دایەوە و ئێمە، هەر خۆزگەم بەپارە!

(دەوران)یش، کۆی (دەور)ە.

**دەوڵەتئاوا (ن)**: دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی روانسەرەوە، جێگای لە دایکبوون و گەورەبوونی مامۆستا سەید تایری هاشمی -یە.

**دەهەن (ن)**: بەواتای (دەم) و بەواتای (دەسندە) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو دەهەنی زۆر گەورەیە.



– ئەو کابرایەکی سەخی تەبع و دەهەندارە.

**دەهەنپڕ (ن)**: ناوی جۆرە تفەنگێکە، کە بەدەست ساچمە و باروتی تێ ئەکەن و تەرەقەی، بۆ دائەنێین و لای خۆمان، پێی دەوترێ، (دەمپڕ).

**دەهندە (ئاوەڵناو)**: (دەهندە) بەواتای (بەخشندە) هاتووە و سیفەتێکی خوای گەورەیە.

**دەیجوور (ن . ئاوەڵناو)**: بەشەوی زۆر تاریک و نووتەک دەوترێ.

**دەیر (ن)**: دەیر، بەواتای (کەنیسە) هاتووە، هەروەها، بەواتای تاقی گەورە، کە بەبۆنەوە، دەکرێ!

**دروود (ن)**: بەواتای دۆعای خەیر، سەڵەوات، دێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– پێغەمبەر، دروودی خوای لەسەر بێ!

**دروشت (ئاوەڵناو)**: بەواتای، دژی ورد، یاخود زبر، گەورە، ناقۆڵا دێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەوان بەورد و دروشتەوە، بۆ حەج چوون!

**دڕیا (ک)**: دڕیا، بەواتای (دڕا) هاتووە و بەم جۆرە، بەکار دێ و دەوترێ:

– پارەی چاپەکە دڕیاوە!

– (دڕیان)یش، بەواتای (دڕاوە) هاتووە.

**دڕیاگ (ئاوەڵناو)**: ئەمە بەواتای (دڕاو) دێ و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو بەرگەکەی دڕیاگە!

**دزڵی (ن)**: پایتەختی هەورامانی (دزڵی و شامیان)ە و مەرکەزی حکومەتی مەحموود خانی دزڵییە!

**دشە (ن)**: ناوی دێیەکە، کە کەوتووەتە، سەر ڕووباری (پاوەرۆ و گاوەرۆ)ە و کەوتووەتە، خوارووی دێی گلاڵەوە، سەر بەناوچەی پاوەیە!

**دڵخواز (ن . ئاوەڵناو)**: (دڵخواز) و (دڵیخا) هەردووکیان، یەک واتا، دەبەخشن. لە ناو کوردەوارییدا، زۆرتر بۆ ناوی کیژ و بۆ دڵدار، بەکار دێ!

**دلیجان (ن. ئاوەڵناو)**: ناوچەیەکە، لەسەر ڕێگەی (تاران و ئەسفەهان) و ناوبانگی بەکاڵەکی باشەوە، دەرکردووە.
بەواتای (گالیسکە)ی دوای ئەسپ، هاتووە.

**دلێ (ئاوەڵناو)**: (دلێ)، بەواتای (ناو) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو چووە، بۆ دلێ باخی!

واتە: ئەو چووە، بۆ ناو باخ!

(دلێشان)، واتە، لە (ناویان).

**دما (ئاوەڵکردار)**: دما، بەواتای، لە پاش دەدات و بەم جۆرە، بەکار دێ و دەوترێ:

– ئەو دما کەوتووە!
– ئەو دوا کەوتووە!
– ئەوان، وان، لە دماوە!
– ئەوان، وان، لە دواوە!

**دووچار (ئاوەڵکردار)**: بەواتای (گرفتار، گیرۆدە) هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو دووچاری، نارەحەتییەک بووە!

**دوڕئەفشان (ن)**: بەواتای، دوڕباران، مرواری باران، دێ.

– نوکی قەڵەمی دوڕئەفشانی ئەکات!
– سەرپاکی قسەکانی، دوڕئەفشانن!

**دووریسان (ن)**: دێیەکە، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی پاوەوەیە دوو کیلۆمەترێ، سەر بەناوچەی پاوەیە.

**دووقاڵ (ئاوەڵناو)**: جۆرە تەڵایەکی گرانبەها و بەنرخە و مادەی تەڵاکەی خاستر و زۆرترە.

**دوون (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (پەست و بێ قەدر و قیمەت و بێ بایەخ) هاتووە و هەر لەمەوە، (دوونپەروەر)یش دروست کراوە، کە بەواتای (نامەردپەروەر) هاتووە.

**دیار (ن)، (ئاوەڵناو)**: بەواتای (ناوچە)، بەواتای (دەرکەوتوو) هاتووە.



هەر لەمەیشەوە، وشەی (دیاریی) دروست بووە، کە بەواتای (سەوقات و هدیە) هاتووە، هەروەها بەواتای بە(ناوبانگ و ناسراو و دەرکەوتوویش) دێ.

**دیدە (ن)، (ئاوەڵناو)**: بەواتای دەموچاو چاو هاتووە و هەروەهاش، بەواتای (بینراو = دیتراو) دێ.

**دیش (ک)**: دیش، بەواتای چاوی پێ کەوتووە و وشەی (دیشا)ش، بەواتای چاویان پێی کەوت، هاتووە.

**دیققەت (ئاوەڵکار)**: بەواتای وردبوونەوە، هاتووە.

**دیم (ک)**: بەواتای، چاوم پێی کەوت، بەرچاوم کەوت، هاتووە.

**دیواخان (ن)**: ئەو جێگایەیە، یا، ئەو ژوورەیە، کە لە ماڵە گەورەیەکدا، خەڵکی تیادا، کۆ دەبێتەوە و میوانخانەشی پێ دەوترێ!

**دیوان (ن)**: بەواتای کتێبی کۆکردنەوەی شیعرە و هەروەهاش، بەواتای دەستگای میر و حاکم و قازی و حکوومەت، دێ.

**دیواندەرە (ن)**: ناوچەیەکە، کە کەوتووەتە، سەر ڕێگای سنە و سەقزەوە و شاری دیواندەرەش، پەخشی ئەوێیە!

**دێوسفید (ن)**: ناوی دێوێکە کە لە شاهنامەی فردەوسیدا، هاتووە!

**ڕا (ن)**: بەواتای (ڕێگا) هاتووە. هەر لەم وشەیەوە، (ڕێگا)ش هاتووە، کە بەهەمان، واتا هاتووە.
(ڕاگە)ش، بەواتای (ڕاڕەو)، یان (ڕێڕەو) هاتووە.

**ڕاخێز (ئاوەڵناو)**: بەو کەسە، دەوترێ، کە توانای ڕێگا بڕینی زۆر دووری هەیە و (پادار)یشی پێ دەوترێ.

**ڕاز (ن)**: بەواتای حیکایەت و قسەی نهێنی و سەرگوزەشتە، هاتووە.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ڕاز و نیازی، وا بەلای ئەوەوە!

**ڕازاوە (ئاوەڵناو)**: واتە، ڕێکوپێک، پێ کەوتوو، خۆش پێ کەوتوو. بەم جۆرە، دەخرێتە،

ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەو هەمیشە بەڕازاوەیی، دەچێتە دەرەوە.

**ڕازنا (ک)**: واتە، ڕازاندیەوە.

**ڕاهنما (ن)، (ئاوەڵناو)**: بەواتای، دەلیل هاتووە.

(ڕاهنمایی)ش، لەوەوە وەرگیراوە و بەواتای (ڕێگا پیشاندان) دێ.

**ڕاهی (ئاوەڵکردار)**: (ڕێ بەرگر، ئەوەی کەڕێ دەگرێتە بەر).

**ڕەئیس (ن)**: بەواتای سەرۆک هۆز و سەرۆک قەوم دێ، هەروەها، ناوی دێیەکی ناوچەی وەڵەدبەگییە، لە کوردستانی ئێراندا.

**ڕەزم (ن)**: بەواتای (جەنگ، شەڕ، داوا) هاتووە!

**ڕەشتەن (ک)**: بەواتای (ڕەشتووە، ڕەژتووە) هاتووە. بۆ وێنە دەوترێ: ئادە، چەمیش ڕەشتەن!

واتە: ئەو چاوی ڕەژتووە!

**ڕەشۆکی (ن)**: ناوی جۆرە تفەنگێکی کۆنی قەدیمییە و جگە لەوەش، بەشتی سووک و بێ بایەخ، دەوترێ.

**ڕەمەق (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (گیان) و برسیەتی و لاواز و لەڕ و چەق، تەوانا و هێز دێ.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– فلانە کەس ڕەمەقی تیا نەماوە!

**ڕەنگ ئامێزی (ن)**: واتە، بۆیەکردن، یان، ڕەنگ ڕشتن.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– بەهار ڕەنگ ئامێزی دەرودەشتی کرد!

**ڕەواج دەهەندە**: بەواتای، کەسێ دێ، کە پەرە بەکارێ دەدات، یان نرخی بەرز دەکاتەوە، یان، ڕێزی زۆری، لێ دەنێ!

**ڕەوزەی بەهەشت (ن)**: بەواتای باغی بەهەشت دێ و بەمەش مەبەست لە جوانی و ڕازاوەیی و دڵگیرییە!



**ڕەویەی بەندەگی**: هەڵسوکەوتی، بچووکی، ڕەویە و ڕەوشتی بچووکی و بەندەگی.

**ڕۆ (ن)**: بەواتای (ڕۆژ) دێ.

(ڕۆ ڕۆ)ش، هەر لەوەوە وەرگیراوە و بەواتای (زاریی و شین و گرین) هاتووە.

**ڕۆح ئەفزا**: بەواتای (گیان زیادکەر)، بەواتای باخ و باخانی ڕازاوە دێ، کە گیان دەگەشێنێتەوە!

**ڕوحولقدوس (ن)**: لەقەبی جوبرەئیلە (فریشتەی خوا).

**ڕوخسار (ن)**: چیرە و چێرە و سوورەت و دەموچاو وێنە هاتووە!

**ڕۆستەم (ن)**: ناوی پاڵەوانی ئێرانییە، کە لە شاهنامەی فردەوسیدا، هاتووە.

**ڕووان (ن)**: ناوی دێیەکی ناوچەی جوانڕۆیە، جێگای تایفەی زەردۆیانە.

**ڕشتە (ن)**: ڕشتە، بەواتای (ڕیزە) شاخ هاتووە، هەروەها، بەواتای (عەقا = عەگال)ی عارەب دێ و بەو جۆرە ماکرۆنییەکی زۆر وردیش دەوترێ و لە گۆشەی خوێندنیشەوە، بەواتای (فرع = فەرع) هاتووە.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– شاخی شاهۆ، بریتییە لە ڕشتە شاخێک.

– عارەب، چەتفەکەی سەری بەهۆی ڕشتەکەیەوە دەوەستێ!

– چێشتەکە، ڕشتەکەی کەمە.

– ڕشتەی ئەو فیزیاییە.

هەروەها، بەواتای ڕێڕەو و هەڵسوکەوتیش دێ و بۆ وێنە دەوترێ:

– تۆ ڕشتەی بنەچەکەی خۆت، ون (گوم) مەکە.

**ڕیازەت (ن)**: وشەیەکە، لە لایەن سۆفیان و عارفانەوە، بەکار دەهێنرێ و ئەمەش، بەواتای جۆرە قەدەغەکردنێکی خواردنە.

بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، ئەوەیە، کە زۆر سەخت لە خۆ بگیرێ و لە ئیسراحەت و خواردن و خۆشیی و پۆشاکی باش پۆشین دوور دەکەونەوە، بەو مەبەستەی لە خوا نزیک ببنەوە!

**ڕیققەت (ئاوەڵناو)**: لە عارەبییەوە، وەرگیراوە. بەواتای، ناسکی و دڵنەرمی هاتووە.

(ڕیققەتئاوەر)، جۆرە ژیانێکە کە بەزەیی بەرپا دەکات.

بۆ وێنە، دەوترێ:

– ئەو ژیانێکی ڕیققەت ئاوەری هەیە.

**زاریی (ن)**: بەواتای، گریان و شیوەن هاتووە.

بەم بۆنەیەوە جیهانئارا خانم یەژێ:

من دایم پەی تۆ هەر هام نە زاریی
تۆ شەوان، پەی وێت، وە عەیش مەویاریی

**زام (ن)**: زام، بەواتای (زەخم، برین) دێ.

(زامدار)یش، بەواتای (زەخمدار، بریندار) دێ. بەڵام (زامی کاریی) بەواتای (برینی سەخت)، یان (زەخمی سەخت) دێ.

**زایف (ئاوەڵناو)**: بەواتای (لاواز و ناتەوانا) هاتووە و لە وشەی (ضعیف)ی عارەبییەوەیە. بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا خانم دەڵێ:

(من وێم مەزانم جە بێ دەنگیتان
جە زایفی وەڵک، جە بێ ڕەنگیتان)

**زانا (ر. ک)**: زانا، بەواتای (عالم، دێ و بەیەکێ دەوترێ، کە زۆر تێ بگات، لە لایەکی دیکەوە، بەواتای (دەزانن) دێ.

وشەی (زانا) بەم جۆرە، کاری لێوە دروست دەبن.

ئاد مزانۆ = ئەو دەزانێ.

ئادێ مزانا = ئەوان دەزانن.

تۆ مزانی = تۆ دەزانی.

من مزانوو = من دەزانم.

**زانوو (ن)**: زانوو بەواتای (ئەژنۆ)ش دێ.

**زەبوور (ن)**: ناوی کتێبی (داود) پێغەمبەرە.

**زەخیرە (ن)**:

ئەو کەلوپەلەی، کە دەخرێتە هەمارەوە و هەڵدەگیرێ، بەتایبەتی کەلوپەلێ کە بۆ خواردن



و خۆراکی زستان هەڵبگیرێ!

**زەدوخورد (ئاوەڵکار)**: بەو کردەوە، دەوترێ، کە دوو کەسی شەڕکردوو (لە کاتی بەگژ یەکتریدا چوون) لە یەکتریی دەدەن.

**زەدە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (لێدراو) هاتووە، یاخود شتێ، کە تەواو نەبێ، یان، کەموکوڕی تیادا بێ، یان درزێکی، لەحیمێکی پێوە بێ. پێی دەوترێ، زەدەیە.

**زەڕ (ن)**: بەواتای (پارە)، (پووڵ)، (ئاڵتوون، تەلا) هاتووە.

**زەردۆیی (ن)**: ناوی تایفەیەکی جافی سەر بەعەشایری جوانڕۆن.

**زەردە (ن)**: زەردە، بەواتای (بزە)، (زەردەخەنە) دێ و هەروەها، بەزەردی هەتاو لە کاتی ئاوابوونیا، (زەردە) دەوترێ، هەروەها، ناوی دێیەکە، کەوتووەتە ڕۆژئاوای کێوی (داڵەهۆ)وە.

**زەرع (ن)**: زەرع، بەواتای (کشتوکاڵ) و بەواتای (گەز) دێ.

**زەڕنە (ن)**: هەوارگەیەکە (تەماشای بان زەڕنە، بکەرەوە).

**زەرەر (ن)**: زەرەر، لە (ضرر)ی عارەبییەوەیە و بەواتای (زیان، خەسارە) هاتووە.

**زەڕین (ئاوەڵناو)**: بەشتێ دەوترێ، کە لە تلا، زێڕ، دروست کرابێ.

(زەڕین کولاهان)یش، لەقەبێکە، بۆ شاهانی ئێرانی، ئەوانەی، کە کلاویان لە زێڕ، تەلا، ئاڵتوون، دروست کراوە.

**زەعفەران (ن)**: (زافەران)یشی پێ دەوترێ و ئەمیش ناوی گیایەکە، کە نرخی زۆر گرانە و دەکرێ، بەسەر برنجدا و ڕەنگێکی زەردی مەیلە و سووری هەیە و خاوەنی بۆنێکی زۆر خۆشە و بۆیە دەکرێ، بەسەر پلاودا، بۆ ئەوەی خۆشبۆ و خۆشڕەنگی بکات!

لە ناوچەی خراساندا، باشترین جۆری دەست دەکەوێ.

**زەفەر (ن)**: زەفەر، ناوە بۆ پیاو و لە عارەبییەوە، وەرگیراوە و لە کوردیی ئێراندا، بەواتای (سەرکەوتن و پیرۆزیی) دێ.

**زەڵاڵ (ئاوەڵناو. ن)**: بەئاوی ڕۆشن و بێ خەوش دەوترێ. هەروەهاش، بەدەنگی بەرزیش، دەوترێ دەنگی (زەڵاڵ).

**زەلیل (ن . ئاوەڵناو)**: بەکەسێ دەوترێ، کە خارودااماو بێ و هەروەها بەکوێریش دەوترێ.

**زەمان (ن)**: بەواتای دەور، ڕۆژ، ڕۆژگار، کات، دەم، هاتووە.

**زەمزەمە (ن)**: بەواتای، (گۆرانی وتن و سروود خوێندن و دۆعاکردن) بەشێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆ، بەجۆرێ، کە لە لایەن نزیکانەوە، بیستراو نەبێ. هەروەها، بەواتای، خاوەن (دەزگا و دیواخان)یش دێ.

**زەنگ (ن)**: بەواتای (درز، جەرەس، زەنگ) هاتووە.

**زەوار (ن)**: بەواتای (کاروان)، (تەوافچی) هاتووە، بەتایبەتی بەدەستەیەک لەوانە دەوترێ، کە پێکەوە دەکەونە ڕێ و بەرەو (تەواف) دەچن.

**زەواڵ (ن)**: وشەکە لە عارەبییەوەیە، بەواتای، (لەناوچوو، لەبەین چوو) دێ.

**زەوق (ن)**: بەواتای کەیف و خۆشیی و ڕابواردن، دێ.

**زەین (ن)**: زەین، بەواتای (بیر و هۆش و زیرەکیی) هاتووە. (زەیندار) و (زەینکوێر)یش، هەر لەم وشەیەوە، دروست کراوە.

**زەهاو (ن)**: ناوچەیەکە، لە گەرمەسێری کوردستانی ئێراندا، بەخشێکە سەر بەشاری سەرپێڵ -ە و سەر بەئوستانی کرماشان -ە.

**زوخ (ن)**: چڵک و خوێنی (زام و برین و زەخم)، یاخود (کێم)یشی پێ دەوترێ.

بەم بۆنەیەوە، جیهانئارا دەڵێ:

(تاکەی، بنوشو، زۆخی زامی جەرگ
تاکەی، بواچو، ئەی خوا، سامەرگ!)

وشەی (زووخاو)یش، بەهۆی ئەمەوە، دروست بووە!

**زوخاڵ (ن)، (ئاوەڵناو)**: بە(خەڵووز) دەوترێ.

**زێ (ن)**: بەواتای (ڕووبار) و بەواتای (زەهێ) - ئەندامی مایینەی مەڕومالاٌت، دێ ناوی دێییەکە و هەروەها، هەوارگەی هۆزی ئیناخییە.

**زیان (ن)**: بەواتای (زەرەر) هاتووە.

**زێد (ن)**: جێگا، ماوا، وڵات، نیشتمانی دایکزاد.



بەم بۆنەیەوە، مەلای ڕەنجووریی دەڵێ:

(خاڵخاسانی زێد، بن کووره و زەهاو
نازدارانی موڵک، ئەی ئاو تا ئەو ئاو!)

**زیندان (ن)**: بەواتای (سجن، بەندیخانە، حەبسخانە) هاتووە!

**زیندە (ن . ر)**: زیندە، بەواتای (زیندوو) هاتووە.

(زیندەگانی)یش، هەر بەهۆی ئەمەوە دروست بووە و بەواتای (گوزەران، ژیان) هاتووە.

**زینەت (ن . ئاوەڵناو)**: بۆ ناوی ئافرەت، بەکار دەهێنرێت و، بەواتای ڕازاندنەوەش، دێ.

**زرانی (ن)**: زرانی، بەواتای (زانوو، زەنگۆڵ، ئەژنۆ) بەکار دێ.

**زشت (ئاوەڵناو)**: بەواتای دژی (جوان، زەریف) دێ. یاخود، بەواتای (ناشیرین، زەڕەتاڵ) دێ.

**زگار (ئاوەڵکار)**: بەواتای (کز و کەنەفت) هاتووە.

**زلان (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێهاتەکانی باوەجانی سەر بەشاری قەڵای جوانڕۆیە، لە لایەکی دیکەشەوە، بەواتای (ڕەشەبا)ش دێ.

میرزا ئۆلقادر بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

(ئارۆ زلانەن، هەوای چەم سەردەن
چنارانی چەم، وە هەم، چەم، وەردەن)

**زمکان (ن)**: ناوی چەمێکە، لە شاخەکانی گۆران دەست پێ دەکات و لە ناوچەی (باوەجانی) لەگەڵ ئاوی ئەو ناوچەیەدا، پێکەوە دەڕژێنە ئاوی سیروانەوە!

**ژاکیاو (ئاوەڵناو)**: ژاکیاو، بەواتای، (ژاکاو و سیس و چرچ) دەوترێ.

**ژنیان (ک)**: بەواتای (ژنراو)، (داخراو)، (شەڵەقێنراو) دێ.

**ژەرەژ (ن)**: ژەرەژ، بە(کەو) دەوترێ.

**سات (ن)**: بەواتای (دەقیقە)، یان ماوەیەکی، زۆر کەم هاتووە و هەندێ جاریش، وەک (ساتێ) بەکار دێ.

**ساتیاریی (ن)**: ناوی دێیەکە، لە ناوچەی جوانڕۆ.

**سارا (ن. ئاوەڵناو)**: بەواتای، تەختایی و دەرودەشت دێ، هەروەها، وەک (ناو)یش، بۆ ئافرەت، بەکار دەهێنرێ.

**سارم (ئاوەڵناو)**: لەقەبێکە، لە (صارم)ی عارەبییەوەیە.

**سازنا (ر. ک)**: سازنا، بەواتای (سازی دا، رێکی خست) دێ.

**سام (ن)**: ناوی باوای رۆستەمە، کە لە شاهنامەدا، هاتووە، بەواتای (هەیبەت)یش دێ.

**سان (ن)**: سان، لەقەبێکی، سەرۆک هۆزانی هەورامانە و ئەم لەقەبەش، هەروەک، وەها دەردەکەوێ، لە مێژووی هەورامان، لە سەرەتای ئیسلامدا، ئەو لەقەبە هەبووە. هەروەها، بەواتای، پیشاندانی لەشکر، بەرامبەری فەرماندە و شاهەوە، دێ. جگە لەوەش، بەواتای (رێک و بێ زیاد و کەم و وەک ئەو) دێ.

**سانان (ر. ک)**: بەواتای (سەندوویەتی)، یان (وەریگرتووە) یان (کڕیویەتی) دێ! وشەی (سانۆ)ش، بەواتای (دەسێنێ، وەریدەگرێ، دەیکڕێ) دێ.

**ساناو (ن)**: ناوی کەژێکە لە ناوچەی جوانڕۆدایە و کەوتووەتە پشتی ملەپاڵنگانەوە و هەوارگەی خەڵکی دێی (چەمەمیران)ە.

**ساوام (ر. ک)**: ساوام، بەواتای (سویم، هێنام، دامنا) دێ. وشەی (ساوا)یش، بەواتای (منداڵ، بچووک، تازەپێگەیشتوو) دێ.

**سایە (ن)**: سایە، بەواتای (پەنا)، (سێبەر)، (لە پاڵ)، (لە پشت) دێ. هەروەها، بەواتای، پایە و مەقامیش، دێ.

**سەحەریی (ن)**: بەواتای (پارشێو)، (بەزمی ساز و دەهۆڵ و شمشاڵ و زوڕنا) دێ.

**سەراوگەر (ن)**: ناوی سەراوێکە، لە ناوچەی جوانڕۆدا و هەوارگەبەزی، ئاغا عینایەت بووە!

**سەرئێل (ن)**: کورتەی (سەرۆک ئێل)ە و بەواتای سەرۆکی هۆزەکانی عێل: ئەو هۆزانەی کە خزمی یەکترین و پێکەوە، گەرمیان و کوێستان دەکەن، دێ.

**سەراوبەس (ن)**: ناوی سەراوێکە، لە ناوچەی باوەجانی لە نزیکی دێی (زلان)ەوە.

**سەرتەوق (ن)**: بەواتای، (سەرباشتە، هۆی هەرە گرینگ، هۆی سەرەکیی) دێ.

**سەردار (ن. ئاوەڵناو)**: بەواتای گەورە، سەرۆک، میر، دێ.



**سەردار ئەکرەم (ن. ئاوەڵناو)**: لەقەبێکە، کە لە لایەن سالارە دەوڵەتەوە، دراوە بەیەکێ لە سەرۆکی وەڵەدبەگیان.

**سەردار رەشید (ن. ئاوەڵناو)**: لەقەبی عەبباسقلی خانی ئەردەڵانییە.

**سەرقەڵا (ن)**: ناوچەیەکە، لە گەرمەسێری کوردستانی ئێراندا، سەر بەناوچەی سەرپێڵە.

**سەرکەشیی (ئاوەڵکردار)**: سەرکەشیی، بەواتای (سەرلێدان و دیدەنی کردنی یەکتریی) یان بەواتای، (یاخیبوون و دانە کەژ) دێ.

**سەرگەردان (ئاوەڵناو)**: بەواتای، وێڵ، سەرلێشێویاو، ئاوارە، هاتووە.

**سەرسام (ئاوەڵناو)**: بەواتای (داماو، سەرسوڕماو، واق وڕماو) هاتووە.

**سەرمیل (ن)**: ناوی دێییەکە، کەوتووەتە، سەر رێگای ئیسلام ئاباد و قەسری شیرین.

**سەروەت (ن)**: بەواتای ماڵ و دارایی و پووڵ و موڵک دێ و وەک (ناو)یش، بۆ پیاو بەکار دەهێنرێت.

**سەردوودمان (ن)**: بەواتای (پێکهێنەری بنەماڵە) دێ.

بۆ وێنە، وەک: ئەردەشێری پاپکان، کە سەردوودمانی ساسانیەکان بوو!

**سەرۆ (ن)**: ناوی دوو دێیە و یەکێکیان هی خوارووە و ئەوی دیکەیان هی ژووروە و کەوتوونەتە سەر رێگای روانسەر و قەڵای جوانڕۆوە و سەرۆی خواروو، جێگای دانیشتنی ئاغا عینایەت بووە!

**سەرهەنگ (ن. ئاوەڵناو)**: ئەفسەرێکی ئارتەشی گەورەیە.

**سەرهەنگ سەقەفی (ن)**: ناوی سەرهەنگێکی ئارتەشی بووە کە بەرپرسی دەستگیرکردنی سەرۆک هۆزەکانی کورد بووە، لە سەردەمی شاهەنشاهی ڕەزا شاهدا!

**سەریاس (ن)**: ناوی زنجیرەیەکە، لە شاهۆ جوێ دەبێتەوە و دێیەکیش، کە کەوتووەتە، سەر رێگای روانسەر پاوەوە، لە نزیک شمشێرەوە، بەناوی سەریاسەوەیە و زوربەی وەختیش، ئاوارەکانی کوردی عراق، ئا لەوێدا، چادریان، بۆ هەڵدەدرا! ملەیەکەیش، کە دێی سەریاسی بەسەرەوە، پێی دەوترێ، ملەی سەریاس (یاڵی سەریاس).

**سەفیاوا (ن)**: ناوی دێیەکە، لە ناوچەی جوانڕۆ، لەسەر رێگای روانسەر و جوانڕۆیە و

نزیکەی دە کیلۆمەترێ، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی جوانڕۆوە.

**سەڵم و توور (ن)**: ناوی کوڕەکانی فەرەیدوونن، کە لە ئاڤێستادا، ناویان هاتووە.

**سەما (ن)**: بەواتای، هەڵپەڕکێ، سووڕدان، ئاسمان، هاتووە.

**سەنگەلاخ (ن . ئاوەڵناو)**: سەنگەلاخ، بەواتای بەردەڵان، شاخاوی، هاتووە.

(سەنگین)یش، لە وشەی سەنگەوە دروست بووە و بەواتای (قورس و گران) دێ.

**سەنگی خارا (ن)**: بەبەردی زۆر سەخت دەوترێ و (سەنگپا = بەردی ڕەشی پێ ڕنین هی پێ شوشتن)شی لێ دروست دەکرێ.

**سەیاح (ن . ئاوەڵناو)**: (گەڕۆک)، (دنیاگەڕ).

**سەیقەل (ئاوەڵناو)**: بەواتای (ساف، لووس) دێ.

**سۆ (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار)**: سۆ، بەواتای ڕۆشنایی چاو، دێ، هەروەها، بەواتای، تازەبوونەوە، ئێش و ژان، کونی دەرزی، دێ. جگە لەوەش، بەواتای (سۆما) دێ.

**سوپەهبود (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبێکی (پلەیەکی) ئارتەشییە، بەسەرۆکی سوپاه ئەدرێ و دەشبێ پێی بوترێ فەرماندەی سوپا (ئەمیرولجەیش).

**سۆت (ر. ک)**: سۆت، بەواتای (سووتا، سۆچیا) هاتووە، (سووچنای)یش، بەواتای (سووتان) هاتووە.

**سوحبەت (ن)**: بەواتای، گفتوگۆکردن و قسەکردن دێ، هەروەها، بەواتای (گاڵتە و شۆخی)ش دێ!

**سوخەن (ن)**: بەواتای (قسە و وتوویژ و گفتوگۆ) دێ.

(سوخەنفام) بەو کەسە دەوترێ، کە بفامێ، یان بزانێ چۆن قسە بکات، یان بەیەکێ دەوترێ، کە قسە باش تێ بگات و زوو تێ بگات!

**سۆز (ئاوەڵناو)**: سۆز، بەواتای (ئارەزوو خرۆش و حەز) دێت و جگە لەوەش، بەواتای (تاسە) دێت.

هەر لەمیشەوە، وشەی (دڵسۆز) دروست بووە!

**سووزان (ن)**: ناوی نەخۆشییەکە، کە تووشی ئەندامی (نێریی) و هی (مێیی) ئافرەت و



پیاو دێ. هەروەها، (سفلیشی) پێ دەوترێ.

**سووک (ئاوەڵناو)**: بەشتێکی کەم سەنگ، یاخود یەکێکی سووک و خوار و بێ تەوانا و بێ قابلیەت، (سووک) دەوترێ، وشەی (سۆڵ)یش، بەواتای سوێر هاتووە، بەڵام، لەگەڵ وشەی (سووک)دا یەکدەگرن و (سووک و سۆڵ) دروست دەکەن و ئەو کاتە، هەردووکیان، هەریەک واتایان هەیە، کە بەهەردووکیانەوە، سەنگەکە، ئاسانییەکە، سووکییەکە، کەمتر دەکەنەوە!

**سوڵتان ئاباد (ن)**: ناوی شارێکی کۆنی ئێرانە، کە حاڵی حازر، (ایراک = ئێراک) لە جێگەی ئەودا، دروست کراوە.

**ستەمگەر (ئاوەڵناو . ن)**: بە(زوڵمکەر) دەوترێ، بەڵام (ستەمدیدە)، بە(زوڵم لێکراو) دەوترێ.

**سروشت (ن)**: بەواتای، (سروش، خوو، تەبیعەت، خەسڵەت) هاتووە.

**سرەفتە (ئاوەڵناو)**: سرەفتە، بەواتای (سرەوتە)، دێ و هەردووکیان، بەواتای (نەمانی ئێش، ئارامش) دێن!

**سفیدی (ن)**: بەواتای، (چەرمایی، سپیایی، سپێنە) هاتووە.

**سنجاویی (ن)**: ناوی هۆزێکی جافە ناوی ناوچەکەشیانە و کەوتووەتە ناوچەی ئیسلام ئابادەوە.

**سیاچادران**: سیاچادر، بەواتای (ڕەش دەوار) دێ و (سیاچادران)یش، کۆی (سیاچادر)ە و بە(سیاچادر و سیاچادران)یش، (سیاماڵ و سیاماڵان) دەوترێ.

بەم بۆنەیەوە، میرزا ئەحمەدی داواشی یەژێ:

گۆشەی سیاماڵ، هۆرداو دیاوە
چون، مانگ، نە گۆشەی هەوری سیاوە!

**سیانزەی عید (ن)**: لە ئاگری نەورۆزەوە، لە ناو کوردستانی ئێراندا، وەها باوە، کە سیانزە ڕۆژ بژمێرن و ڕۆژی سیانزەی خەڵک، بەخێزانەوە، نانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە، لە دەرەوە دەخۆن و بەشایی و هەڵپەڕکێ ئەو ڕۆژە، بەسەر دەبەن.

**سێ خڕان (ن)**: ناوی ناوچەیەکی شاخاوییە، کە دەکەوێتە، شاخەکانی هەورامانەوە، پشتی

کەپنە و بێدرواز، لە هەورامانی لهۆندا.

**سینەساف (ئاوەڵناو)**: سینەساف، بەیەکێ دەوترێ، کە دڵپاک بێ و هیچ نەباتە دڵی خۆیەوە و ڕقی لە کەس نەبێ، یان دڵی ژەنگ هەڵنەگرێ.
(سینە) بەواتای (سینگ) دێت.

**شاخ (ن)**: بەواتای، (کێو، کاو، کێف، هەرد، هار، گارە) دێ و جگە لەوەش، بەواتای، شاخی حەیوان (مەڕ، گا، بزن، گامێش، کەڵەکێوی...) دێ.

**شاردەی (چاووگ)**: شاردەی، بەواتای (شاردنەوە، شاردن) هاتووە.

**شاش (ن)**: بەواتای پەڕۆی تەنکی کونکوناوی و بەواتای ئەسپێی ئارد و گەنم، بیبرلاویی، میزوگمێز، ئالۆزاو و خوێل، هاتووە.
بۆ وێنە، دەوترێ:
- منداڵەکە بەشەواندا، شاش دەکاتە ناو جێگا!
- ددانی ئەو منداڵە، شاشن.

**شاق (ن)**: بەکاری نارەحەت و پڕ لە سەخڵەت، دەوترێ.

**شالیاوا (ن)**: ناوی چەند دێیەکە، کە کەوتوونەتە ناوچەی روانسەرەوە، سەر ڕێگای روانسەر و کرماشان و لە زوربەی نووسراوەکانی ئێراندا، بە(شادی ئاباد) ناویان بردووە.

**شامار (ن)**: ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی (گۆران) و سەر بەناوچەی (ئیسلام ئاباد).

**شانای (چاووگ)**: شانای چاووگە و بەواتای (شاندن = چاندن) هاتووە و هەر لەم وشەیەوە (شانام = وەشاندم) و (شاناش = وەشاندی) و (شانات = وەشاندت) یاخود، (چاندم) و (چاندی) و (چاندت) دروست بوون.

**شانشین (ن)**: سەکۆیەکە، لەبەر دەرگای ماڵدا - (ماڵە گەوراندا) - دروست کراوە و زۆرتریش، بەپایتەخت دەوترێ.

**شاوە (ن)**: بەشاهۆ دەوترێ.

**شاهین (ن)**: جۆرە باڵندەیەکی شکارییە، کە بەخێو دەکرێ و تەربیەت دەکرێ و بۆ ئەوە شکاری پێ بکرێ و بازیشی پێ دەوترێ و باڵندەیەکی گۆشتخۆرە. وشەی (شاهینان)یش



کۆی (شاهین)ە.

**شاینگان (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە ناوچەی روانسەرەوە.

**شای دوڵدوڵ سوار (ن . ئاوەڵناو)**: ئەمە بەحەزرەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەوترێ و بەئەسپەکەی دەوترێ (دوڵدوڵ).

**شایی (ن)**: بەواتای (پادشاهی) و بەواتای ناوی (سکەیەک) و بەواتای زەماوەند و هەڵپەڕکێ و بەواتای ناوی گیایەکیش دێ.

**شەداد (ن)**: پادشای (یەمەن) بووە و بەهەشتی (ئێرەم)ی دروستی کردووە و حاڵی حازریش ئەم ناوە، بۆ زاڵم (هەر زاڵمێ) بەکار دەهێنرێت.

**شەدەلار (ئاوەڵناو)**: بەچارەکەیەکی مشکی، یان هەوریی دەوترێ کە ئافرەت، بەشێوەیەکی (خوار = لار) دەیکەنە کوڵیان و لەنجەی پێوە دەکەن، یان سەرپێچی گوڵەنگدار بەسەریانەوە، بەشێوەیەکی خوار، دەیبەستن بەجۆرە لەنجەولارێکەوە، هەنگاو بەسەر زەویدا، بەنازەوە دەنێن.
هەروەک شاعرێ، وەهای وتووە:

شـــەدەی لارولار لەم وڵاتە باوە
گەرمیان و کوێستان، هەر دڵ حەساوە!

**شەڕەکان (ن)**: دێیەکە، کەوتووەتە نزیک نۆتشەوە و سەر بەبەخشی نەوسوودە و لە ناوچەی هەورامانی لهۆنی ئێران، ناوبانگیشی بەهەناری باش دەرکردووە.

**شەریفوتدەولە (ن)**: یەکێک بووە، لە حاکمەکانی کوردستان.

**شەس تیر (ن)**: جۆرە چەکێکە، کە شەست دانە فیشەک، بەجارێکدا، دەتەقێنێ!

**شەمسی (ن)**: ناوی ساڵی هەتاوییە، کە لە ئێراندا، حاڵی حازر، بەکاری دەهێنن!

**شەونما (ن . ئاوەڵناو)**: بەنوێژی شەو دەوترێ و بەو شتانەش دەوترێ، کە بەشەواندا، شەوق، ئەدەنەوە.

**شەودێز (ن)**: ناوی ئەسپەکەی خەسرەو پەروێزە و وێنەکەشی لە (تاقەوسان)ی کرماشان، بەتاقەکەوە، هەڵکەندراوە!

**شەیخولئەزهەر (ن)**: مامۆستای دینی و سەرۆکی دینی زانستگای (ئەزهەر)ی (میسر) بووە.

**شەیدا (ن)**: شەیدا، وەک (ناو)، بۆ (کوڕ) و بۆ (کچ) بەکار دێ و بەواتای (عاشق)یش دێ!

**شمشێر (ن)**: چەکێکی شەڕیی کۆنە و ناوی گوندێکی خۆشە، کە کەوتووەتە، سەر ڕێگای کرماشان، پاوە و نزیکی دە کیلۆمەترێ، کەوتووەتە رۆژهەڵاتی پاوەوە.

**شن (ن)**: بەواتای (ڕێخ = لم = قوم) هاتووە.

**شناس (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای (ئاشنا، دۆس، ناسراو) هاتووە.

**شۆخ و شەنگ (ئاوەڵناو)**: بەجوان و ڕێکوپێک دەوترێ.

وشەی (شۆخ)یش بەواتای کەسێکی (قسەخۆش) دێ.

**شۆڕ (ئاوەڵناو)**: (شۆر) بەواتای (سوێر) دێ و (شۆڕ)یش بەواتای (شۆڕۆ) بوو، بەواتای (شۆخ)دێ. جگە لەوەش وشەی (شۆر) بەواتای(عیشق و ئەوین و شەوق و شادیی) دێ.

(شۆڕاو) بەو ئاوە دەوترێ، کە (ئاو)، بەشێوەیەکی چۆڕەچۆڕە، دێتە خوارەوە و دەشوترێ، شۆڕەی دێ، یان چۆڕەی دێ، یان شۆڕاوەی ئاوی دێ!

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- چێشتەکە شۆرە (سوێرە).
- شۆری دڵبەرێ، لەسەرمایە!
- ئەوە، شۆڕەسوارێ، لە دوورەوە، دیارە!
- جلەکانی شۆڕەی ئاویان دێ!

**شووش (ن)**: پارچەی دەست لێ نەدراو، جوان و باریک و ڕێکوپێک، ساف و سۆڵ و نەرم.

بۆ وێنە دەوترێ:

- شووشێ تەڵای کڕیوە.
- پەنجەکانی دەستی وەک شووشی بلوور، وان!

**شمار (ن)**: بەواتای (ژمارە = احصاء) هاتووە.



**شۆن (ن)**: جێگا، شوێنەوار، پاشماوە. لەم وشەیە، ئەمانە دروست دەکرێن (شۆنەما = شوێنەما).

**شێخ حەسەن (ن)**: ناوی یەکێکە، کە کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەدینە و باوکی مامۆستا شێخ محەمەد سەعیدە، کە حاڵی حازر دانیشتووی، روانسەرە.

**شێخ فەتاح (ن)**: باوکی شێخ عەزیزە و گۆڕیان، وا لە قەڵای جوانڕۆدا، لە بنەڕەتدا، شێخ فەتاح لە هەولێرەوە، بۆ قەڵای جوانرۆ هاتووە و لەوێ نیشتەجێ بووە.

**شێر (ن)**: بەشای دڕندان دەوترێ و هەروەها، بەبەلۆعە ئاو (حنفیە)یش، (شێر) دەوترێ.

**شیرە (ن)**: ئاوی میوەیە، هەر میوەیەک، کە خەست کریابێتەوە، لە ترياکی سوتێنراویش شیرە، دەردێ.

(شیرە)ش، بە(قرەقر و قیژ و نەرەنەر و شیرەشیر) دەوترێ.

**شیرەدەر (ن)**: ناوی چەم و دۆڵێکە، لە دێی (سەرۆ)ی موڵکی ئاغا عینایەت.

**شیلک (ن)**: بەکۆمەڵێ، تەقە دەوترێ، کە لە یەک کات و یەک ساتدا، بکرێ و کوردی ئێرانیش (شلیک)ی پێ دەڵێن.

**شیمە (ئاوەڵناو)**: لە کوردیی ئێراندا، بەواتای (کەم) بەکار دێ!

- ئەمەوێ شیمەیێ، لە ژیانی خۆم، بۆ تۆی بێژم!

**شیی وەباد**: بەواتای، لەیادچوو.

وشەی (شیی) بەم واتایانە هاتووە.

- (شیی = ڕۆیی، بەسەرچوو، چوو).
- (شیی = لێکدانەوە، شیکردنەوە).
- (شیی وەباد)یش، بەواتای (ڕەنج بەباداچوو) دێ.

**شێوە (ن)**: شێوە، بەواتای (ڕەوشت، هەڵسوکەوت، وێنە، رووالەت) هاتووە، جگە لەوەش بەواتای (چۆن و چلۆن) و (هەیئەت) دێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

- ئەو شێوەی مامەڵەی و گفتوگۆی جوانە.

– ئەو شێوەی بەڕێوەڕۆیشتنی دڵگیرە!
– شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵێدا، زۆر ڕەوایە!

**عاج (ن)**: بەو دوو کەڵبەی فیل دەوترێ، کە لەملا و لەولای خەرتوومەکەیەوە، لە لای دەمیەوە دێنە دەرەوە و کەلوپەلی گرانبەهای زینەتی لێ دروست دەکرێ و لە لایەن، هەندێ پاشایان، تەختیان لەو عاجە دروست کردووە.

**عەبباس (ن)**: مەبەستی لە میرزا عەبباسی مستەوفییە.

**عەبدالآن (ن)**: عەبدالآن و عەودالآن و ئەودالآن، ناوی شاخێکە و وا لە هەورامانی تەخت و دەڕوانێ، بەسەر هەوارگەی پیر ڕۆستەمدا و...

**عەرسە (ن)**: بەمەیدانی (جەنگ) دەوترێ و لە عارەبییەوە، وەرگیراوە.

**عەرز (ن)**: پێشاندان، پێشکەش کردن، خستنە بەردەم، هەر لەم وشەیەشەوە، کە لە عارەبییەوە وەرگیراوە، (عەرزەحاڵ)یش دروست بووە و بەواتای نامەی (سکاڵا) دێ.

**عەرش (ن)**: بەتەختی خوایی دەوترێ.

**عەهد (ن)**: بەواتای (پەیمان) و بەواتای (زەمان و دەم و چەرخ) دێ.

**عەیش (ن)**: لە کوردیی ئێراندا، بەواتای خۆشگوزەرانی، بەکار دێ.

**عەیار (ئاوەڵناو)**: بەواتای (پێوەر) دێ و بەواتای (فێڵباز) و (مەکرباز و زۆرزان)یش دێ.
پێوەری (عەیار) لەگەڵ (تەلا = زێڕ)دا، بەکار دێ. بۆ وێنە، دەوترێ:
– تەلای عەیار، بیست و یەکم کڕیوە!

**عوقاب (ن)**: ناوی باڵندەیەکی گۆشتخۆرە.

**عیشرەتئاباد (ن)**: ناوی جێگایەکە، کە سوپای تیادا کۆکراوەتەوە و تیایدا، تەکەنەی بۆ کراوە، کە بەعارەبی (معسکر)ی پێ دەوترێ و کەوتووەتە، پاڵی تارانەوە.

**عیشوە و ناز (ئاوەڵناو)**: جموجووڵی ناز و خەمزاویی ئافرەتی جوان، لە کاتی ڕۆیشتندا و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی دڵی عاشقان، بەدوای خۆیدا.

**غارەت (ن)**: بەو جۆرە هێرشە دەوترێ، کە ئەنجامەکەی چەپاو و تاڵان کردنە.



**غەزا (ن)**: لە ناو کوردیی ئێراندا، بەخواردەمەنی دەوترێ.

**غەڵتان (ن)**: واتە، لە ناو خوێن دا، گەوزاوە! بەیەکێ دەوترێ، کە زامدار، یان بریندار کرابێ و خوێنێکی زۆری ڕۆیشتبێ و سەرپاکی لەشی خوێناویی بووبێ.

**فامیل (ن)**: بەخوێش و خزم و کەسوکار دەوترێ.

**فەراز (ئاوەڵکار)**: فەراز، بەواتای بڵندیی و بەرزایی و بەرەو بان چوون، دێ. (فەراز)، لەگەڵ (ئەشیب)دا دێ و (فەراز و ئەشیب) دروست دەکەن و کە بەواتای (بڵندیی و پەستی، بان و خوار) دێ.

**فەرمانبەرداریی (ن)**: بەواتای (قبووڵکردنی فەرمان)، (پیاویی کردن، گرتنە گەردەنی بچووکی، خزمەتکاریی، نۆکەریی) هاتووە.

**فەرەنگ (ن)**: بە(فەرەنسە) دەوترێ، بەڵام کوردیی ئێران، بە(فەرەنگ) مەبەستیان، لەسەرپاکی ئەوروپایە.

**فەریاد (ن)**: بەواتای (هاوار و داد و بێداد) هاتووە، بەڵام (فەریادڕەس) بەواتای (بەفریاگەییو، بەهاوارەوە هاتوو، بەهاناوەگەییو) هاتووە و ئەمەش سیفەتێکە بۆ خوا.

**فەرەیدوونی فەڕ (ن)**: مەبەستی لە شاه (فەرەیدوون)ی پێشدادییە!

**فەزیحەت (ئاوەڵناو)**: لە کوردیی ئێراندا، بەواتای (ریسوایی، ئابڕووچوون، سووکی و خواریی) هاتووە.

**فەقروفاقە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (تەنگدەسی و نەداریی و هەژاریی و بەدبەختی) هاتووە.

**فشار (ن)**: فشار، بەواتای، (ضغط)ی عارەبی هاتووە و بەواتای (زۆر و زوڵم)یش، دێ.

**فیشەنگ (ن)**: بەواتای، (فیشەک) هاتووە.

**قاتۆخ (ن)**: قاپی تایبەتی (سەرباز)ە، بۆ خۆراک خواردنی، لە کاتی سەربازییدا.

**قاتی پاتی (ئاوەڵکار)**: بەتێکەڵبوونی چەند شتێ دەوترێ.

**قەد ئارا (ئاوەڵناو)**: بەژن و باڵا ڕازێنەر، ئارایشکەر.

**قەڵعەی ڕەزا (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی ڕوانسەرەوە.

**قەڵعەی باوان (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە ناوچەی سنجاوییەوە.

**قەڵای هۆمەرمل (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کرماشانەوە.

**قەلعە (ن)**: ناوی مەرکەزی جوانرۆ، (قەڵا)ی پێ دەوترێ.

**قەڵوەز (ن)**: بەتاڤگە بچکۆلە دەوترێ، یاخود بەچەمێ دەوترێ، کە ئاوەکەی ناو بەناو، لە شێوەی تاڤگەی کورت و بچکۆلەدا، بپەڕێ.

**قەڵعەی یاوەریی (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کرماشانەوە و کەوتووەتە سەر ڕێگای کرماشان، روانسەرەوە.

**قەیتوول (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە گەرمەسێری کوردستانی ئێران، لە ناوچەی (سەرقەڵا و جەیران)دا.

**قوڵ (ن)**: بەقوڵی کوڵاندن دەوترێ و بەیەکێ دەوترێ، کە دەستێکی بڕابێ و قوڵ کرابێ.

(قۆڵ)، کە بەواتای (باڵ) دێ و (قووڵ)یش، بەواتای؛ (گۆمێ، چاڵێ) دێ کە بنی زۆر دوور بێ.

(قوڵەقوڵ)یش، بەواتای دەنگی بڵقی کوڵان دێ و کە (ناوی دەنگیی) پێ دەوترێ.

**قوو (ن)**: بە(مراویی) دەوترێ و خاوەنی پەڕێکی شل و نەرمە و کە بە(تووکی قوویش) ناوبانگی دەرکردووە.

**قووت (ن)**: بەواتای خۆراک و خواردەمەنی هاتووە و وشەکە لە عارەبییەوەیە.

**قوڕی قەڵا (ن)**: ناوی دێیەکە، کە سەر بەناوچەی جوانڕۆیە و کەوتووەتە، سەر ڕێگای روانسەر و پاوە.

**قشوون (ن)**: بەتەواویی تەشکیلاتی سوپا، دەوترێ.

**قوبادیی (ن)**: ناوی هۆزەکەی خانای قوبادییە.

**قوڕباقە (ن)**: بۆق، یاخود قوڕواق.

**قولەی پیر ڕۆستەم (ن)**: ناوی قولەی شاخێکە، کە کەوتووەتە هەورامانی تەختەوە.

**قرچە (ن)**: دەنگی دانەیە، کە لە ناو ئاگردا، دەسووتێ، دەنگی گەرمبوونی رۆنی سەر



ئاگرە، دەنگی شیلکەی تەقەیە، تەوژمی گەرما و تاویی گەرمایی هاوین، دەنگی گێرەکردنی، خەرمانی گەنم، لە سەرەتادا، ئێش و ئازاریی جەرگ سووتاویی، بۆ وێنە دەوترێ:

- رۆنی سەر ئاگرەکە، قرچایەوە!
- کوڕەکەی کوژرا و دڵی قرچایەوە!
- قرچەی شێلکێ هات، تۆ بڵێیت شتێ ڕووی نەدابێ!
- لە قرچەی هاویندا، بەبەر خۆرەوە، درەوی دەکرد!
- قرچەی خەرمانەکە شکاوە و ئەوەندەی نەماوە!

**قرمزیی (ئاوەڵناو. ن)**: ڕەنگی سووریی، یان سوورەنگ، ڕەنگ خوێنین.

**قشلاخ (ن)**: قشلاق و قشلاخ، ناوی دێیەکە، کەوتووەتە سەر ڕێگای روانسەر و پاوەوە و سەر بەناوچەی جوانڕۆیە. لە کوردەوارییدا، بەواتای کوێستان هاتووە.

**قفە (ن)**: بە(کۆکە = قوزە = ورەکۆکە) دەوترێ، هەروەها، بەواتای، (بەلەم)، یاخود (جۆر = قایخێ) دێ، کە خڕۆکەیە.

**قنیات (ن)**: سەبووریی و شەکیبایی و تاقەت و حەوسەڵە.

**کاری زار (ن)**: بەواتای (جەنگ، شەڕ، داوا) هاتووە.

**کام (ن)**: بەواتای (مەبەست)، بەواتای ئامرازی پرس، هاتووە، بۆ وێنە دەوترێ:

- بەهەوڵ و کۆششی خۆی گەیشتە کامی خۆی!
- کام، مێژووت خوێندووەتەوە!

**کانی دووشەم (ن)**: ناوی کانییەکە، کە چەند ساڵێ لەمەوبەر، لە دەرەوەی شاری سنەدا بووە و جێگا سەیرانگایان بووە، بەڵام حاڵی حازر، کەوتووەتە، ناوەڕاستی شاری سنەوە.

**کانی سانان (ن)**: دێیەکە وا لە ناوچەی مەریواندا، ڕووبەڕووی زریبار کەوتووەتە بناری شاخەکانەوە.

**کانی سورخاو (ن)**: ناوی کانییەکە کەوتووەتە نزیکی دێی خەراجیان، لە ناوچەی روانسەردا.

**کانی شەفا (ن)**: ناوی کانییەکە، کەوتووەتە قەدپاڵی کێوی ئاویدەری شاری سنە، (سەیرانگای خەڵکی سنەیە).

**کاو (ن)**: بەواتای (شاخ، کەژ، هەرد، کەمەر، هار) هاتووە.

**کاوات (ن)**: کەورگی کاوات، بیر و ئاوێکە کەوتووەتە دێی شوانکارە، لە ناوچەی جوانڕۆ.

**کاووس (ن)**: کاوس، هەر (کەیکاوس)ە و یەکێکە لە شایانی ئێرانی، کە لە شاهنامەی فردەوسیدا، ناوی هاتووە.

**کەت (ن)**: تەختی دارینی لەسەر نووسین. دەس و باڵ، لای سەرووی قۆڵ، (کەتیەسنە) بەو کەسانە دەوترێ، کە دەس و باڵیان دەبەسترێ، بەمەبەستی بردنیان بۆ بەندیخانە.

**کەچ (ئاوەڵناو)**: بەواتای، ناتەواو و لار و خوار دێ و ئەوجا، لەم وشەیەوە: (کەچباز) و (کەچبازیی) و (کەچنەرد).

– کەچباز، بەواتای (ناتەواو، ناڕێک، نادروست) دێ و (کەچبازیی)ش چاوگەکەیەتی، (کەچنەرد)یش، بەواتای (نەهات) هاتووە.

**کەرد (ر. ک)**: (کەرد) ڕەگی کارە و بەواتای (کرد) هاتووە و ئەوجا، بەم جۆرە بەکار دێ:

کەردش = کردی، کەردم = کردم، کەردشا = کردیان، کەردتا = کردتتان، کەرمێ = دەکەین و کەرۆ = دەکەین.

**کەرە (ن)**: دێیەکە، لە دێیەکانی وەڵەدبەگیی و مەرگەزیانە و کەوتووەتە، ناوچەی روانسەرەوە. هەروەها، بەواتای، کەرێ (زبدە) و بەواتای بێ عەقڵ و بێ ئاوەز، هاتووە.

**کەدخودا (ن. ئاوەڵناو)**: بەواتای، (کەیخوا، قێخا، کوێخا، موختار، گزیر) هاتووە.

**کەساس (ئاوەڵناو)**: بەواتای (پەریشان، بێ سەرەوبەرە، دەردەدار، لارەمل، سەرکوێو، کز) هاتووە و بەم جۆرە، دەخرێتە ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– ئەمرۆ بازاڕی فەرش، زۆر کەساسە.
– فلانە کەس، بەهۆی نەخۆشییەوە، لە ماڵەوە، بەکەساسی کەوتووە!

**کەسیف (ئاوەڵناو)**: لە عارەبییەوەیە و بەواتای (پیس و چڵکن) دێ و (کەسافەت)یش، هەر لەمەوە دروست کراوە، بەواتای، (پیسی و چڵکنی) دێ.



**کەل (ئاوەڵناو)**: کەل، بەواتای، دەرگا، قاپی، کەچ، ناتەواو، کەلەبەری سەرملەی شاخ دێ و بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– دنیا ساردە، کەلەکە پێوە بدە، یان بیبەستە.
– ڕێگای برینی نێوان هەورامانی تەخت و لهۆن، بەکەلی تەختدا، تێدەپەڕێ.
– ئەو دانەکانی کەلن و بۆیە ناتوانێ باش نان بجوێ!

هەر لەم وشەیەوە، چەند وشەیەکی دیکە دروست کراون، کە وەک؛ کەلەبەر، کەلەکە، کەڵک، بەم جۆرەش دەخرێنە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کەلەبەر، کراوەتە پەرژینەکەوە.
– دەستی ناوەتە کەلەکەی.
– شت نییە، کەڵکی لێوە، وەرنەگیرێ!

**کەلافە (ن)**: دەزوو، یان، بەنی بادراو، هەروەها، بەواتای (پەلک)ی ئافرەت، کە گیرابێتەوە، هاتووە، هەروەها، بەواتای (ماندووبوون)یش دێ.

بەم جۆرە دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– کەلافەیێ دەزوومان، بۆ ئەو کارە پێویستە.
– ئەو کیژە باڵا بەرزە، قژەکانی بەدوو کەلافە خستووە، بەلای شانیدا.

**کەلاوە (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی روانسەرەوە. هەروەها، بەواتای، دەم و چەناگە، خانووی رووخاو، یان پاشماوەی خانوو، کە (کەلارێ)یشی پێ دەوترێ.

بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە:

– ئەوەندە چەنەبازە، دەم و چەناگەی (کەلاوە) پڕ بووە لە کەف.
– بایەقووش، یان کونەبەبوو، حەزی لە کەلاوە کۆنە و تیایدا هێلانە دەکات.

**کەڵدەم (ئاوەڵکار)**: بەواتای (ڕەمگا، دەرپەڕاندن) دێ. یاخود بۆمان هەیە، بڵێین، ئەو جێگایەیە، کە کەڵ، لە کونەوە، دەردەچێ و بەگوزەرە تایبەتییەکەدا دەردەپەڕێ و دەردەچێ!

**کەلام (ن)**: بەواتای (قسە) و بەواتای (قورئان) و بەواتای (کتێبی دینی ئەهلی هەقق) هاتووە.

**کەللە (ن)**: بەواتای، (سەر) دێ.

**کـەڵێ (ن)**: ناوی دێیـەکـە، لە نـاوچەی جـوانڕۆدا، کـە ئاغـا عـینایەتی لەوێدا ژیاوە و لەوێشدا، نێژراوە.

**کەلی بەورەوار (ن)**: تەماشای (بەورەوار) بکەرەوە.
ناوی شاخ و ڕێگایەکە، لە (شاهۆ)دا، واتە، ڕێ گوزەری هەوارانە.

**کەلی تەڵاش (ن)**: جێگایەکە لە شاخی شاهۆدا، لە نێوان شوانکارە و ملەپاڵنگانەدا.

**کەلی تفەنگچی (ن)**: جێگایەکە لە شاخی شاهۆ، پشتی دێی شوانکارەی جوانڕۆ، لە نێوان کەلی تەڵاش و پیرخدردایە.

**کەلی گوڵیجێ (ن)**: ڕێگایەکە، بەرەو شاخی شاهۆ، لە دێی شوانکارەی جوانڕۆدا.

**کەمانگەر (ن)**: ناوی هۆزێکە، لە ناوچەی کامیـاران، لێرەدا، مەبەستی (مەجیدخان)ی کەمانگەرە.

**کەمەر (ن)**: بەواتای (شاخ، کەلەکە) هاتووە. پشتـوێنی (کەمـەرە)، کە لە زیو دروست دەکرێ و تایبەتییە، بەئافرەتەوە، هەر بەهۆی وشەی (کەمەر)ەوە، دروست کراوە.

**کناچێ (ن)**: بەواتای (کیژ، کەنیشک، دوێت) هاتووە.

**کەنیز (ن)**: بەواتای، (کلفەت، ژنی بەپارە کڕراو، ژن، ئافرەت) هاتووە.

**کەنیشت (ن)**: بەهۆی ئەم وشەیەوە، وشەی (گیانکەنیشت = گیانکەنشت) دروست بووە و بەواتای (بەجێهێشتنی ڕۆح، گیان) هاتووە.

**کەوکەبە (ئاوەڵناو)**: بەرووالەتی (ترۆتفاقی زۆر) دەوترێ، هەروەها، بەو کردەوەیە، دەوترێ کە کۆمەڵێ لە پێشەوە و لە دواوەی سەرۆکێکی گەورەوە (وەک شاه) لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە، بەتەنتەنە و عەنعەوە دەڕۆن.

**کەیانانی کەی (ن)**: کەیان، بەو شایانە دەوترێ، کە بەوشەی (کەی) دەست پێ دەکات و دەکـەن و بۆیە، بەسـەرپاکی شـایەکـانی کـەیانی، (کـەیانانی کـەی) دەوترێ و وشـەی (کەی)ش بەواتای، گەورە، سەرۆک، ئاغا، خوا، سەرۆکی دینی، هاتووە.

**کەیقوباد (ن)**: یەکێکە لە شایانی کەیانی، هەروەک لە شاهنامەدا، وەها هاتووە.

**کەیل (ئاوەڵناو)**: (خەفـەتبار، عـادز، دڵ پڕ لە خەم، خەمبار)، بەم جۆرە، دەخرێتـە، ناو



ڕستەوە و دەوترێ:
– ئەو دەروونی پڕ لە کەیلە و بۆیە ناماندووێنێ.
کۆماسی بەم بۆنەیەوە دەڵێ:
(هەر لەیل لەیلمـەن، نە هەردەی دوجـەیل
بەوێنەی مـەجنوون خـاتر جـە خـەم کـەیل)

**کەیومەرس (ن)**: وەک، لە شاهنامەی فردەوسیدا، وەها، هاتووە، کەیومەرس، یەکێکە لە شایانی کەیانی.

**کۆ (ن)**: بەواتای (کەژ، کۆمەڵ، کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ، نەخۆشی کۆی ئاژەڵ، کوێ) دێ، هەروەها، بەواتای (تۆپەڵی خەرمانی سوور، سڵ کردن) هاتووە!

**کۆتا (ئاوەڵناو)**: بەواتای، (کـوڵ، کـورت) هاتووە. لە (کـۆتا)وە، (کـۆتە)ش هاتووە، کـە بەواتـای (قـۆتەرە = کـۆتەرە دار، هاتـووە، کـە لە کـورتە قـەدێکی دار کـراوە و قـەسـاب، گۆشتی لەسەر ورد دەکات، یان، کلاشکەر لەسەر کۆتەوە، کلاش دەکات!
هەر لە هەمان وشەوە، (کۆت) دروست بووە و بەم واتایانە دێ.
– (کۆت)، بەواتای زنجیرکردن، یان بەستنەوە.
– (کۆت)، بێ ئەسڵ و نەسەب دەوترێ.
– (کۆت)، بەپەینی کیمیاویی دەوترێ.
– (کۆت)، بەواتای چاکەتی (بەرگی ئەوروپایی) هاتووە.

**کورسیی (ن)**: بەوە دەوترێ، کە بەزستـانـدا، (ئاگری گەش، گـلۆپی کارەبایی = سـۆپەی کارەبایی) دەخرێتە ژێر کورسییەکەوە و بەلێفە دادەپۆشرێ و بەشەودا (شەوی زستانان) خێـزانی مـاڵ، پێکەوە پێیـان دەکـەنە ژێر لێفـەی ئەو کـورسییـە. هەروەها، (کـورسی)، بەواتای پایتەخت، یان تەختی شاهیش دێ و جگە لەوەش، بەسەندەڵی کورسیی دەوترێ!

**کوورە (ن)**: (کوورە) و (کۆرە) هەر یەکێکە و بەواتای، (کوورەی خشت) و کوورەی شت تاوانەوە و کوورەی ئاگرکردنەوە و کوورەی چا لێنان دێ. جگە لەوەش، (کۆرکۆرە)شمان هەیە، کە لە هەندێ جێگادا، (واشە)ی پێ دەوترێ و ئەویش باڵندەیەکی گۆشتخۆرە و زۆرتر ڕاوی مریشک و جووجەڵە دەکات!

**کووژ (ن)**: بەپێستی (مار) و بەتوێکڵی برنج، یان چەڵتووک، (کووژ) دەوترێ لە هەندێ

جێگادا، بەکووژی (مار)، (کاژ) دەڵێن.

**کۆس (ن)**: بەواتای (تەپڵ و کۆس)ی ئۆردوو هاتووە، هەروەها، بەکەسێکی زۆر نزیک، گەورەی دێیەک، گەورەی هۆزێ، دەوترێ. بەم جۆرە، دەخرێتە، ناو ڕستەوە و دەوترێ:

– بەتەپڵ و کۆسەوە، بەرەو پیری شەڕەوە دەڕۆن.
– ئەو ماڵە کۆستیان تازە کەوتووە و هێشتا هەر سیاپۆشن!

**کۆکۆ (ن)**: بەکۆمەڵ کۆمەڵێ خەرمانی سوور دەوترێ، هەروەها، بەواتای کلێپە کلێپە گڕی ئاگریش (هەروەک، دەنگ، دەنگی کلێپەی ئاگر) دێ. هەروەها، بەواتای (کەژاوکەژ)، (هەرداوهەرد)، (کاوەوکاو) دێ. هەروەها، بەواتای جۆرە خواردنی کە (کووکوو)ی پێ دەوترێ هەروەک، شاعر دەڵێ:

کووکووی کەوکەوکەر، کۆکۆ ئاوەردە
وەشتەرەن، جە کەو، کۆ، کەواو کەردە!

**کۆگەرد (ئاوەڵناو)**: بەو کەسە دەوترێ، یان شێت بووە و کەوتووەتە کەژ، یان بەو کەسە، دەوترێ، کە بەکەژدا، بەهۆی ڕاوەوە، یان، بەهۆی کەژناسییەوە، دەگەڕێ.

لەم ڕووەوە، شاعر دەڵێ:

(فەرهاد سەنگ تاشا، وە زەربی تێشە
مەجنوون کۆ گەردیش، کەردە بێ پیشە!)

**کول**: (کول) و (کولل) و (کوڵ) هەن و واتاکەیان، بەم جۆرە دەبێ.

– (کولل)، بەواتای (کُلّ)ی عارەبییەوە، هاتووە.
– (کۆڵ)، بەواتای (بێ شاخ) هاتووە.
– (کۆڵ)، بەواتای کۆڵی پشت هاتووە.
– (کوڵ)، بەواتای (قوڵ) دەنگی قوڵەی کوڵاندن دێ.
– (کوڵ)، بەواتای (گەرموگوڕ) بەکار دێ!
– (کوڵ)، بەواتای (کورت)یش دێ.
– (کول)، بەواتای دژی تیژ (چەقۆی کول) هاتووە.

**کۆلکە (ئاوەڵناو)**: (کۆلکە) و (کوولەکە) و (کۆڵەکە) هەن و بەم جۆرە واتا، دەدەن:



– کۆلکە، بەواتای (نیمچە) دێ.
– کوولەکە، جۆرە سەوزەیەکی خەیارییە.
– کۆڵەکە، ئەو دارەیە، کە دەدرێ، بەژێر داری ژووردا، یان داری هەیواندا.

**کۆماج (ن)**: بە(کۆمانج) کلاورۆژنە و (کوناوەجە)ش دەوترێ. هەروەها بەشتی گومەزیی و گرد، بەو هۆدە بچکۆلەیەی سەربان دەوترێ، کە وەک ڕێڕەوێ، لە ناوماڵەوە، بۆ سەربانی خانووەکە، دەڕوا. بەجۆرە نانێکیش دەوترێ، کە لە کوانوودا، دەکرێ.

**کۆماسی (ن)**: ناوی ناوچەیەکە و دێیەکیش هەر لەو ناوچەیەدا، بەو ناوەوە، هەیە کە شاعری بەرزی کورد ئەحمەد بەگی کۆماسی بەو ناوەوەیە!

**کومەیسون (ن)**: وشەیەکی ئەورووپایی و بەواتای (لیژنەیەکی سیاسی لە سەرانی وڵات پێک دەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی کارێکی گرینگ –ی سەر بەناوچەیەک، هۆزێک، عەشرەتێک).

**کۆی ئاویدەر (ن)**: ناوی شاخی ئاویدەرە، کە شاری سنە، لە داوێنیدا، دروست کراوە.

**کۆی ئەفراسیاو (ن)**: ناوی کێوێکە لە نزیکی دێی ئەفراسیاو، لە ناوچەی دیواندەرەدا.

**کۆی تەوریز خاتوون (ن)**: ناوی کێوێکە لە نێوان (ساراڵ و هۆباتو) لە ناوچەی دیواندەرەدا.

**کۆی عەبباس بەگ (ن)**: کەوتووەتە نێوان (ساراڵ) و (هۆباتو) و سەر بەناوچەی دیواندەرەیە.

**کوێلە (ن)**: ناوی کێوێکە، لە نزیک کێوی (ماکوان)ەوە.

**گاز (ن)**: ئامێرێکە، کە بزماری پێ ڕادەکێشنەوە، هەروەهاش، بە(غاز)ی سووتەنیش دەوترێ. جگە لەوەش، بەواتای (قەپ) دێ.

**گەردەلوول (ن)**: بەخول و پێچی هەوای تند و شەخەڵ و پووش دەڵێن، هەروەها بەخول و پێچی و بەفر و باران و باش دەوترێ.

**گەردە (ن)**: وەک ناوی (کەژ = شاخ) هاتووە، هەروەها، بۆ ناوی (کیژ)یش بەکار دێ و بەهەر شتێکی زۆر وردیش، (گەردە) دەوترێ.

**گەرمەزناو (ن)**: ناوی کێوێکە، هەوارگەی ئیمامی و کلاشی و باینگانە.

**گەزاف (ن)**: بەواتای (درۆ و دەلەسە)، (فیشاڵ و هووشە) هاتووە.

**گەشن (ن)**: تەماشای (چاڵاوەی گەشن) بکە.

**گەڵاڵ (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، سەرچەمی پاوەڕۆ و گاوەڕۆ لە خوارووی دێی خانەگاوە و (گەراڵ)یشی پێ دەوترێ.

**گەڵباغی (ن)**: هۆزێکی کوردن، کە لە دێهاتەکانی دیواندەرەدا، دادەنیشن.

**گەنجی بادئاوەرد (ن)**: وەک دەگێڕنەوە، قەیسەری رۆم، لە ترس خوسرەو پەروێز، پادشای ئێران چەند کەشتییەکی لە زێڕی سوور پڕی کردن و بەرەو (جەزیرە) رەوانەی کردن، بەپێچەوانەی خواستی قەیسەرەوە، با هەڵی کرد و کەشتییەکانی بەرەو ئێران هاورد و خوسرەو پەروێز، ئەو کەشتییانەی گرت و زێڕەکەی بەدەس هاوەرد و بۆیە، ناویان نا، گەنجی باد ئاوەرد.

**گۆپاڵ (ن)**: گۆپاڵ، بەگورزێ دەوترێ، کە کۆتایی بەسەرەمیکوتێ هاتبێ. هەندێ جاریش (گورز و گوپاڵ)ی پێ دەوترێ.

**گودەرز (ن)**: ناوی پاڵەوانێکە، کوڕەزای کاوەی ئاهەنگەرە، لە شاهنامەی فردەوسیدا هاتووە.

**گۆران (ن)**: ناوی شاعرێکی گەورەی کوردە و هەروەها ناوی ئێلێکی گەورەی ئەهلی حەقق (پارسانی)ن، بەناوچەکەشیان، ناوچەی گۆران دەوترێ و ناوچەکەشیان سەر بەشاری شاه ئاباد (ئیسلام ئاباد)ە.

**گوریزان (ن)**: بەواتای (ڕاگردوو) هاتووە.

**گۆسفەند (ن)**: بەواتای (پەز = مەڕ = مەی) هاتووە.

**گولیی (ن)**: نەخۆشییەکی پێستییە.

**گۆلی زرێوار (ن)**: بەدەریاچەی زرێبار (زرێوار)ی مەریوان، دەوترێ.

**گرۆ (ن)**: بەواتای (ألفة)ی عارەبی هاتووە، هەروەها بەواتای (هۆگرتن) و (خووگرتن)یش هاتووە.

**گڕاوەنگ**: ناوی دێیەکە، لە خوارووی دێی (کاریز)ەوە و لە لێوی ئاوی قەرەسوودا، لە



نزیک کرماشانەوەیە.

**گلەگوزاریی (ن)**: بەواتای، گلەیی و بناشت هاتووە.

**گێچ (ن)**: بەواتای (تێنەگەیشتوو و وێڵ) دێ، هەروەها، بەواتای پێچ دێ بەجێگایەک، کە پێچاوی تیادا بێ (چەمێ، رووبارێ) گێجاو = گێژاوی، پێ دەوترێ.

**گێڵ (ئاوەڵکار، ن)**: بەسەرەن کردنی خەرمان دەوترێ. هەروەها رەگی کارە، بۆ چاووگی گێلان، کە بەواتای (گەشت و گەڕان) دێ. هەروەها، بەخانە باخیش دەوترێ.

**گیو (ن)**: یەکێ لە پاڵەوانەکانی ئێرانە و کوڕی گودەرزە و زاوای رۆستەمە، هەروەک، لە شاهنامەی فردەوسیدا، وەها، هاتووە!

**لارەکاوان (ن)**: بەڕیزە شاخی بەرز و قنج و لارەکلاو دەوترێ.

**لارەما (ن)**: بەشاخی بەرز و قنج و لووت خوار دەوترێ.

**لاڵ (ئاوەڵناو. ن)**: بەبێ زوان، یان قسەنەزان دەوترێ، هەروەها جەواهیراتێکە کە پادشایان، بەقەد خۆیاندا، ئاوێزانیان کردووە و پێیان وتوون، کەمەرلاڵان.

**لاوران (ن)**: دێیەکە، لە ناوچەی زەردۆیان و سەر بەجوانرۆیە و جێگای هۆزی ئیمامیشە.

**لەجەن (ن. ئاوەڵناو)**: بەقوڕاو و زەلکاو و هەرگاوی پیس و بۆگەن کردوو دەوترێ.

**لوخت (ئاوەڵناو. ن)**: بەواتای ڕووتوقووت هاتووە.

**لۆن (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کامیارانەوە و بە(لۆن)ی سادات، ناسراوە.

**لفە (ن)**: (درپە)شی پێ دەوترێ، دەنگی شەکانەوە، بەیداخە.

**لیتە (ن)**: لیتە، بەقوڕگاو دەوترێ و هەر لەم وشەیەوە، وشەی(لیتاو) و(لیتاوە)ش دروست بووە.

**لێڵە (ن). (ئاوەڵناو)**: ناوی چۆمێکە، لە ناوچەی باوەجانیدا، هەروەها، بەکۆتایی شەو دەمی ئەوسەری، دەوترێ (لێڵ و بووم)، یان (بووم و لێڵە).

**لێوە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (شێت)، (گێڵ) هاتووە.

**ماهجەمین (ن)**: ناوە، بۆ ئافرەت و لە واتایشدا بەواتای (دەموچاو مانگ) هاتووە.

**ماراو (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی کامیارانەوە و جێگای هۆزی کەمانگەوە.

**ماردەم (ن)**: جۆرە تفەنگێکی ڕاوە.

**ماشتە (ن)**: بەچارەکەی کۆڵ دەوترێ.

**ماکوان (ن)**: ناوی کێویەکە، کەوتووەتە، ڕیزە شاخێکەوە لە ناوچەی جوانرۆ و زەردۆیی و مەڕەخێڵ، تا مەرزی عراق درێژ دەبێتەوە.

**مەتا (ن)**: لە عەرەبییەوەیە و بەواتای پارچەی ڕەنگاوڕەنگ هاتووە، هەروەها کالاشی پێ دەوترێ.

**مەحموود خان (ن)**: ناوی شەخسێکە، لەوانەشە، مەبەستی، یان، مەحموود خانی دزڵی بێ، یان مەحموود خانی، کانی سانان.

**مەرەز (ن)**: جۆرە موویەکی نەرمە، کە ڕانک و چۆخەی لێ دروست دەکرێ، هەروەها بەجۆرە نەخۆشییەکی ڕەوانی دەوترێ.

**مەساف (ن)**: بەجەنگ و مەیدانی جەنگ دەوترێ.

**مەشرووتە (ن)**: جۆرە حکوومەتێک بووە، کە خەڵکی تیادا بەشدار بووە، وەک بەلێکدانەوەی ناوەکەیدا، دەردەکەوێ.

**مەشرووتە خا (ئاوەڵناو)**: بەوانە، دەوترێ، کە حەزیان، لە حکومەتی مەشرووتە کردووە.

**مەشهەد (ن)**: ناوی شارێکی ئێرانە و کەوتووتە ناوچەی خوراسانەوە و گۆڕی ئیمام ڕەزای لێیە.

**مەفلووک (ئاوەڵناو)**: بەواتای (بەدبەخت و بێچارە) هاتووە.

**مەقام (ن)**: بەروتبە و پایە و پلە و دەرەجە، بەزمی گۆرانی دەوترێ.

**مەلا عەلی موراد (ن)**: مامۆستای ئاغا عینایەت، بووە!

**مەنمی (ن)**: ناوی هۆزێکی کوردە، لە ناوچەی شارەزوور و زەهاو و بیجار و دەوروبەری سنەدا، دەژین.

**مەهتابی (ئاوەڵناو)**: بەواتای (مانگەشەویی) هاتووە و لە کوردەوارییدا بە(ماتاب)



ناودەبرێ!

**مژ (ن . ئاوەڵکار. ئاوەڵناو)**: بەواتای (لووشان) دێ و هەروەها لە وشەی (تەمومژ)دا، بەواتای (لێڵی) هاتووە. هەروەها، (هەڵمژین) بەواتای (هەڵ لووشین) دێ. جگە لەوەش، وەک نەخۆشی (چاو) بەکار دێ.

**مستەفا خان (ن)**: ناوی گەورەی هۆزی باوەجانییەکانە.

**مل هۆڕ (ئاوەڵناو . ن)**: زۆردار، قسەی کەس قبووڵ نەکردوو، دیکتاتۆر.

**ملەپاڵنگانە (ن)**: ملەیەکە، کەوتووتە ناوچەی جوانرۆوە، سەر ڕێگای ڕوانسەر و پاوە.

**ملەی لەشکرگا (ن)**: ملەیەکە، کەوتووەتە ناوچەی، ئیناخییەوە، کە سەر بەجوانرۆیە، هەوارگەی هۆزی ئیناخیانە.

**ملەی لۆن (ن)**: ملەیەکە، کەوتووەتە نزیک دێی (لۆن)ی سادات، کە سەر بەناوچەی کامیارانە.

**ملەی لێواشە (ن)**: ملەیەکە، کەوتووەتە، ناوچەی جوانرۆوە، لە نێوان دێی (کلاش) و (زێران)دا.

**مۆزیک (ن)**: مۆسیقای تایبەتی سوپایە.

**مۆژە (ن)**: بەواتای (برژانگ) هاتووە، هەروەها (مژۆڵ)یشی پێ دەوترێ.

**موعتەمەد (ن . ئاوەڵناو)**: موعتەمەد وەزیریی، ناوی هۆزێکە لە سنەدا.

**میداد (ن)**: بەقەڵەمی قورقوشم دەوترێ.

**میرئاوا (ن)**: ناوی دێیەکە، لە باوەجانی، سەر بەناوچەی جوانرۆیە.

**میرزا مەحموود (ن)**: یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی هۆزی مستەوفی پاوە.

**میرشکار (ئاوەڵناو . ن)**: میری ڕاو، بەرپرسی ڕاو، یان چاودێرکەری ڕاو، بۆ ئەوەی ڕاوەکە، بەشێوەیەکی هونەریی ڕاوچیانە بکرێ!

**میهەنپەرستی (ن)**: نیشتمانپەرستی.

**نادرسان (ن)**: یەکێکە لە سانەکانی هەورامانی تەخت و یەکێکیشە لەو بەگانەی، کە بەمۆر

ئیمزای شێخیەتی و شایەتی شێخ مەحموودی کردووە و ئەمیش لەگەڵ، کوردەکان، یان سەرۆکی کوردەکانی ئێراندا، لە لایەن ڕەزا شاهەوە گیراوە و ئا لەوێدا، لە بەندیخانەی قەسری قاجاردا، مردووە.

**ناراو** (**ن**): ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی باوەجانی، سەر بەجوانڕۆیە.

**ناسۆر** (**ن**): ناسۆر، بەواتای برینی تەشەنە کردوو دێ، هەروەها، بەیەکێکی تووڕە بوو دەوترێ، کە ئاشت نەبێتەوە. ناسۆر، بەواتای دەم و لووتی ڕووالەت تۆراو دێ.

**ناوخوشگان** (**ن**): ناوی دێیەکە، لە دێهاتەکانی جوانڕۆ.

**ناوەدەروەن** (**ن**): ناوچەیەکە، دەکەوێتە، سەر دووڕیانی ڕێگای کرماشان، روانسەر و سنەوە.

**ناهەنجار** (**ئاوەڵناو**): بەنالەبار، ناگونجاو، لە دەستوور بەدەر، ناپەسەند، دروشت، دەوترێ.

**نەباتی** (**ئاوەڵناو**): نەبات، جۆرە شیرینییەکی سپی مینایی ڕەنگە، نەباتیش، ئەوەیە، کە لەو جۆرە شیرینییە نەباتییە دروست دەکرێ.

نەباتی، بەو کەسەش دەوترێ، کە گۆشت ناخوات، هەروەها بەرۆنی کەتان و زەڕات و پەمەتوویش، رۆنی نەباتی دەوترێ.

**نەبیران** (**ن**): نەبیرە، بەواتا، کوڕەزا، یاخود (ئەدەزا) دێ و (نەبیران)یش کۆیەتی.

**نەتەنز** (**ن**): ناوی شارێکی ئێرانە، کەوتووەتە ناوچەی کاشانەوە.

**نەدا** (**ن**): لە (نداء)ی عارەبییەوەیە و بەواتای بانگ کردن، چڕین، دێ.

**نەرد** (**ن**): بە(تاوڵە) دەوترێ.

**نەشیب** (**ئاوەڵکار**): بەواتای (پەستیی)، بەرەو خوارکە، هاتووە.

**نەعلەینی** (**ن**): ناوی تایفەیەک، لە ساداتە، کە لە ناوچەی روانسەردا، دانیشتوون.

**نەوا** (**ن**): بەواتای ئاوازی مۆسیقا دێ. (نەوا)ش، بەواتای (مەبادا)، هەروەها، بەواتای (خۆشکردن، سازکردن) دێ، بەتایبەتی لە فرەیزی دڵنەواییدا، هەروەها بەواتا، (ناڵە)ش دێ.

**نەورۆڵە** (**ن**): ناوی دێیەکە، لە دێیەکانی ناوچەی سنجاویی.



**نەوشیروان** (**ن**): ناوی یەکێکە لە شایانی ساسانی.

**نەوهاڵان** (**ن**): بەواتای تازەپێگەیشتووان، زەریفان، لاوان، گەنجان دێ.

**نۆ** (**ن**)، (**ئاوەڵناو**): بەواتای ژمارە (٩) و بەواتای (نوێ = تازە) هاتووە. (نۆبەر)یش، بەواتای بەری تازەپێگەیشتوو بەواتای یەکەم مناڵیش دێ.

**نووتەک** (**ئاوەڵناو**): بەواتای (نەگبەت)، (تنۆک، تاریک) دێ.

**نۆدشە** (**ن**): ناوی دێیەکی گەورەیە، کە کەوتووەتە، ناوچەی لهۆنی ئێرانەوە، سەر بەناوچەی پاوەیە.

**نووریاو** (**ن**): دێیەکە، بەکیلۆمەترێ کەوتووەتە رۆژئاوای پاوەوە.

**نومرەیەک** (**ن**): ڕەقەمی ژووری زیندانی ئەسفەهانە و (ئاغا عینایەتی) تیادا بووە.

**نومرە چووار** (**ن**): ڕەقەمی ئەو ژوورەیە، کە لە زیندانی ئەسفەهاندا (محەمەد بەگی ڕۆستەمی – دانیشتووی تەپەبۆری جوانڕۆ)ی تیادا، بووە.

**نێش** (**ن**): بەواتای (ئێش) چزوو، ژان، ئازار، نووکی قەڵەم پاندان) هاتووە، هەروەها بە(تەعنە و قسەی دڵئێش)یش دەوترێ!

بەم بۆنەیەوە مەولەوی دەڵێ:

(ئێشی پێچ چون ئێش وەماران ڕێشێ
ئێشێ، پڕنێشی، ریشەی گیانکێشێ!)

**نیلەگوون** (**ئاوەڵناو**): بەواتای ڕەنگی ئاویی هاتووە و مەبەست لە ئاسمانی پاکە.

**نەجار** (**ن**): (نجار)یشی پێ دەوترێ و دێیەکە، کەوتووەتە، هەورامانی لهۆن و سەر بەناوچەی پاوەیە.

**نگوون کونەندە** (**ئاوەڵناو**): بەواتای، ژێر و ڕووکەر، وێرانکەر، تەخت و بەخت شێونەر، هاتووە، بەمەبەستی خواوەیە.

**نگین** (**ن**): بەواتای (مۆرخەوان) بوستیلە (ئەنگوستیلە) دێ و هەروەها، بەواتای شانس و بەخت –یش دێ.

**وا** (**ن**): بەواتای (با، هەوا، بەو جۆرە، بەو شێوە، واز، کردنەوە) دێ.

**وادی (ن)**: لە کوردیی ئێراندا، بەواتای چۆڵ و بیابان دێ، بەڵام لە ڕاستیدا، لە عارەبییەوەیە و بەواتای (چەم، دۆڵ، شیو) هاتووە.

**وامەندە (ئاوەڵناو)**: بەواتای، (ماوە، مەندە، پاشماوە، شتی کۆن و ماوەی بەسەرداچوو) دەوترێ.

**وەجا (ئاوەڵناو)**: بەواتای (شتی نرخدار، بەجێگە، بایەخدار) هاتووە.

**وەکیڵ (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبی سەرۆک هۆزی جوانڕۆیانە، هەروەها، لەقەبی خانەوادەیەکی سنەییە.

**وەڵەدبەگی (ن)**: ناوی هۆزێکی گەورەی جافە، لە ئێراندا، لە ناوچەی روانسەر دانیشتوون.

**وەلینیعمەت (ن)**: ئەو کەسەیە، کە کەسانی دیکە بەخێو دەکات و مافی نان و ژیانی بەسەریانەوەیە.

**وەیس (ن)**: ناوی شەخسێکە کەوتووەتە ساخی، (بێشەکۆ)وە، لە ناوچەی (ئالایارخانی) لەسەر ڕێگای کرماشان و روانسەر.

بەوەیسی قەرەنی و وەیسی یەمەن ماڵ -یش ناودەبرێ.

**وەیشووم (ن)**: بەواتای، بەڵا و سەختی و ناخۆشی و فیتەیی هاتووە، (وەیشوومە)ش هەر لەمەوە وەرگیراوە.

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

(هیجرانت، جە تەرح، بادی وەیشوومی
یەکایەک ئەوراق، جەستەی مەعدوومی)

**وتە (ئاوەڵناو)**: بەواتای (خەوتوو) دێ و لەم وشەیەوە، ئەمانە دێنە بەرەوە:

- وتەی = خەوتن.
- وتەن = خەوتووە.
- وتانێ = خەوتم.
- وتێ = خەوتن.

**وزیمە (ن)**: ناوی جێگایەکە.



**وستەی (چاووگ)**: بەواتای (خستن) هاتووە و ئەمانەشی لێوە دروست دەبن.

- (وست = خست).
- (وستم = خستم).
- (وستش = خستی).

**وشکەرۆ (ن)**: ناوی رووبار و ئاوێکە، لە دێی (خەراجیان)ەوە دێتە خوارەوە، لە روانسەر دادەپەڕێ.

**ویارام (ک)**: بەواتای (گوزەرام، رامبوارد، بەسەرم برد) هاتووە.

**وێراش (ن)**: ناوی کێفێکە، کەوتووەتە نزیک دێی ساتیاری و بلەیی و باینگان لە ناوچەی جوانڕۆدا.

**وێنە (ئامراز)**: وەک، چون، رەسم، عەکس.

**هار (ن) . (ئاوەڵناو)**: بەواتای شێت، رەودار، بێ حەیا هاتووە، هەروەها وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە، بەواتای (سەخت، شاخ، بەردی ڕەق) دێ و بەبەردی (ئاش)، یان بەردی (دەستهاڕ)یش (هار) دەوترێ.

**هاڕای (چاووگ)**: بەواتای (هاڕین) دێ.

**هاشمی (ن . ئاوەڵناو)**: لەقەبی، برێ لە ساداتی سۆڵەیییە، کە لە ناوچەی روانسەری ئێراندا، نیشتەجێن و مەبەستی ئاغا عینایەت، لێرەدا، سەید قەیداری هاشمییە، کە باوکی، مامۆستا، سەید تایری هاشمییە.

**هانا (ن)**: وەک ناو بۆ (کیژ) بەکار دێ، هەروەها بەواتای پەنابردن، هاوارکردن، (ئارەزوو و فریادڕەس)یش دێ.

**هانە (ن)**: بەواتای (کانی، چەمە) هاتووە.

**هانەگەرمەڵە (ن)**: ناوی دێیەکە لە هەورامانی لهۆن، نزیک بەمەرزی عراق و سەر بەناوچەی پاوەیە.

**هاوار (ن)**: ناوی دێیەکە، کەوتووەتە بناری شاخی شترویێ، سەرچەمی تەوێڵە و کەوتووەتە ناوچەی لهۆنی عراقەوە و سەر بەناوچەی هەڵەبجەیە، مەرکەزی دینی کاکەییەکانە.

**هەتیتە (ناو)**: جۆرە ئامێرێکی کونکوناوییە، کە زەرینگەران تاڵە زێری پێ دروست دەکەن و پێی ڕاست دەکەنەوە. هەم، بەواتای (زۆر بۆ هێنان)یش هاتووە.

**هەجیج (ن)**: دێیەکە، کەوتووەتە سەر ڕۆخانەی سیروان، بەرامبەر بەداریانە و کەوتووەتە ناوچەی لهۆنی هەورامانی ئێرانەوە و (کۆسەی هەجیجی) تیادایە و زیارەتگای، سۆفی و دەروێشە.

**هەر (ن)**: هەر بەواتای (کەر) دێ و هەروەک پێشبەندێک، لەگەڵ هەندێ وشەدا دێ و زوربەی کاتیش بەواتای (یەک، تەنیا) دێ.

**هەرج و مەرج (ن)**: (پاشاگەردانی)، (هەڵەج و پەڵەج)، کەس بەکەسێ نەبوو، هەر کەس بۆ خۆی.

**هەردەجار (ئامرازی وێکچوون)**: وەک لەمەوپێش، وەک هەمیشە، وەک جاری جاران.

**هەڕگ (ن)**: بەواتای (قوڕ) هاتووە. (هەڕگاو)یش، بەواتای (قوڕاو) هاتووە و (هەڕگین)یش، بەواتای (قوڕین) هاتووە.

**هەستی (ن)**: بەواتای (ماڵ و دارایی = هەن و نییە) دێ. (هەستی) وشەیەکی ئاڤێستاییە و بەواتای (تێسک، پێشە، ئێسقان) دێ و هەروەها، بەواتای (بوون)یش دێ.

**هەسێران (ن)**: (تەماشای، دەشتی، هەسێران، بکە).

**هەنجیرک (ن)**: ناوی جێگایەکە، لە ناوچەی ئیناخیدا، لە ناوچەی جوانڕۆدا.

**هەوارگەی بنگوێز (ن)**: تەماشای (بنگوێز) بکەرەوە.

**هەوارگە پشتگەڕ (ن)**: تەماشای، دەشتی، گەڕ، بکەرەوە. ناوی هەوارگەیەکە، کە هاوینان ئاغا عینایەت لەوێ دانیشتووە، کەوتووەتە ناوچەی جوانڕۆ، وە، کەوتووەتە سەر ڕێگای روانسەر و پاوەوە.

**هەوش و بەدرانی (ن)**: ناوی جێگایەکە، کە کەوتووەتە نزیک دێی (دەرەی کێ)وە و ئا لەوێدا، لە نێوان لەشکری فەرهاد میرزا و هەورامیان، شەڕێکی گەورە بووە و لەشکری فەرهاد میرزا شکاوە!



**هەوشار (ن)**: ناوی ناوچەیەکە، لە دیواندەرەدا و حاڵی حازر، بەتیکاب ناسراوە.

**هۆرە (ن)**: سروودێکی ئاڤێستاییە و لە ناو کوردەواریی (جاف)دا، زۆر باوە.

**هوورا (ناوی دەنگ)**: جۆرە کۆمەڵە دەنگێکە، بۆ دەرخستنی خۆشیی و ڕازیی بوون و هاندان، دەوترێ. دەنگی کۆمەڵ، بۆ ئافەرین، لە کەسێ! بژی. ئافەرین.

**هیرتا (ن)**: هەوارگە ساتیاریەکانە و نزیکی رووباری سیروانە و سەر بەناوچەی پاوەیە.

**یانە (ن)**: بەواتای (خانوو، ماڵ، جێگای ژیان، نادی) هاتووە.

**یانە گشت (ن)**؛ (ئامرازی ئیشارە): بەواتای (ئەمانە هەموو = هەمووی ئەمانە) هاتووە.

**یاوەر جەوادخان (ن)**: (یاوەر) دەرەجەیەکی سوپاییە و (یاوەر جەوادخان)یش یەکێکە لەو ئەفسەرانەی ئەودەمەی سوپا، کە ماوەی بەندییەتی هەریەکێ لە بەندییەکانی دیاریی کردووە. وشەی (یاوەر) بەواتای رەفیق و هامراز و کۆمەککەریش هاتووە. جگە لەوەش، لەقەبی یەکێک لە سەرەک هۆزەکانی سنجاوییە، کە لە دێی (باوان)دا لە ناوچەی (سنجاویی)دا، دانیشتووە.

**یەخ (ن)، (ئاوەڵناو)**: یەخ، بەواتای (سەهۆڵ) هاتووە.

لە دینی کاکەییدا، وەها دەوتری، کە گیان و ژیان دووناودوونە و هەر گیانێ ئەگەر لە ڕێڕەوی دووناودوونەکاندا، بۆ ماوەی هەزار جار ببێتەوە بەبەشەر ئەو کەسە، دەچێتە قاڵب (چوارچێوە)ی ئاگرە و دەبێتە پارچەیەک لە نووری خوا و ئیتر هەرگیزاو هەرگیز هەر نەمر دەبێ!! بۆ وێنە (داودی گلێیم لە کۆڵ) یەکێکە لەوانە و یەکێکە لە پەریە هەرە دڵسۆزەکانی خوا (سان).

کوردی جوومان زۆرن و حاڵی حازریش، کۆمەڵێکی گەورەی بێسارانی سنەیی و کامیارایی هەر ماون و پتر لەوەش، کە ئاگر، لە دینی (جووت کەلیمی)دا چەند بەڕێزە، وەک کوردی ڕەسەن بەباوبرەوی جەژنی نەورۆز و سەری ساڵ بەخۆشیەوە یاد دەکەنەوە و هەروەک سەرپاکی کوردەکان لە جەژنی نەورۆزدا دیاریی بۆ یەکتری دەبەن، یان باوک جەژنانە، بەمنداڵەکانی دەدات، ئەوە ماوەی چەند ڕۆژەی نەورۆزە، هەروەک لای هەر کوردێکی دیکە باوبرەوی نەورۆز هیچێکی کەم نەکردووە! بەڵام لە بارەی پیرۆزی ئاگرەوە، لەلایەن (جوو)ەوە، لە باسی (جوو)دا، باس دەکرێت.

کوردی فەلە و کوردی ئیسلام، هەرگیز وازیان لە کوردایەتی خۆیانیان نەهێناوە و بۆیە بەهەموو جۆشوخرۆش و خۆشییەوە، یادی نەورۆز بەگڕانگڕانی ئاگر دەکەنەوە.

کورەی سوفیگەریەتی کوردی ئیسلام، بۆ وێرد و زیکرکردنی خوا، بەدەوری کورەی ئاگردا (دەچنە حاڵەتی خواییەوە و لە دەریایدا مەلەوانی دەکەن، تاوەکو بەزووترین کات بگەنە گۆڵ و ئاوات و ئامانج) کوورەی زەمزەمە دەبەستن.

## ئاگر و دینە جۆربەجۆرەکان

- ئاگر لای زەڕدەشتیان

لە ناو بەشەکانی ئاڤێستادا، بەتایبەتی یەکێ لە بەشە دێرینەکانی یەسنا (گاتەکان)دا و ئا لەوێدا، پتر لە نیوەی بۆ ئاگر و پیرۆزیی تەرخان کراوە و بەتایبەتی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیدا و ئەو کەسانەی، کە لەلایەن دینەوە، بەرپرسن، لەبەر بەردەوامی گڕانگڕانی و سەرپەرشتیکردنی. (یەسنا، پرۆفیسۆر پور داود، ل١٢٢-١٩٦ - تهران).

ئا لەوێ دا، وەها هاتووە، کە لە دنیادا، تاریکی و ڕۆشنایی هەن، ڕاستگۆ و درۆزن هەن، ڕاست و ناڕاست هەن، ئەهرۆمەزدە و ئەهریمەن هەن، شەیتان و دێوودرنج و



خەڵکخەڵەتێنەر و پیاوی خودا و خزمەتگوزار هەن و هەمیشە دەسەی دێوودرنج و شەیتان سەر بەئەهریمەن و هەمیشەش ئەمانەش دژژ بەبەرەی ئەهرومەزدە و پیاوچاکان و ڕاستانیش هەمیشە لە ڕۆشناییدا دەژین و دەستەی دوژمنانیشیان هەمیشە وان لە تاریکاییدا و ئا لەوێدا، بۆ خەڵک لە بڕێبردنی خۆیان هەشارداوە.

بڵێسەی گڕانگڕانی ئاگر، ڕەمزی بۆ زمانی پاکی پیرۆزی خودا و نیشانەی سەرپەرشتیکەری ڕاستیی و مرۆڤایەتییە، کە زەڕەدەشتییەت ڕابەریەتی.

لە (گاتەکان)دا وەهامان بۆ دەردەکەوێ، کە دینی زەڕەدەشتی دینێکی مرۆڤایەتیو شارستانی بووە، کە لەگەڵ یاسای ڕامیارییدا، هاوڕاز نەبوون! ئەگەر یاسایەک ویستبێتی بەپێی پەیڕەوی دینی زەڕەدەشتی کە لە (ماگەکان)دا دەستبژێرکراون، هەرگیز لەبەر سێبەری یاسای ڕامیاریدا دانەنیشتوون.

لە ئاڤێستادا، ئاگر، بەشێوەی (ئاتر = áthr = áØr) هاتووە و بەو کەسەی کە سەرپەرشتیکەری ئاگرە (ئاترەڤان = áthraván)، یان (ئاترەڤەن = áthravan) دەوترێت، ئەمانەش بەچینێکی زۆر بەڕێز تەماشا دەکرێن.

لەلایەن دینی زەڕەدەشتییەوە، پەرستگای گەورە گەورە و فراوان، لەلایەن زەڕەدەشتیانەوە، لەملاو لاوە - (بۆ هەڵسوکەوتی دینی، جەژنی دینی و کۆمەڵایەتی، باووبرەوی شەش جەژنەکانیان... هتد) - مەڵبەندی پەرستگا (ئاتەشگا = ئاتەشگەدە) دروست کراوە و هەرە گرنگترینی ئەوانە و پیرۆزترینیان، ئاتەشگەدەی (ئازەر کوشتەسب) بووە، لە (شیز = تەختی سلیمان)، لە ناوچەی تیکاب نزیک بەشاری ئۆرمییە (ئۆرامییە). سەرپاکی جەژنەکانی زەڕەدەشتییەکان، لە دەمی ژیانی زەڕەدەشتدا، لەو ئاتەشگەدەیەدا گیراوە و گڕانگڕانی ئاگر بەشێوەیەکی سەرەمڕیی بڵێسەی کێشاوە و هەرگیز خەفە نەکراوە. ئەردەشیری بابکان، ئا لەوێدا، لە دەمی بەهاردا، بەپێی خاوسی چووەتە ناو ئاتەشگەدەی شیزەوە و تاجی شاهیی کراوەتە سەر و ئا لەوێ جەژنی دینی میهرەجان، لەگەڵ نەورۆز و لەتەک دەستپێکردنی تاجگوزاریی شای شایانی ساسانی جۆشی خوارد و ئەو شایانەی دواییشی زۆربەیان پەیڕەوی ئەویان کردووە.

- ئاگر لای (جوو = کەلیم)ان

لە (تەوراتدا = Old testament)، وەها دەردەکەوێ، کە (ئاگر) پایەیەکی زۆر پیرۆز و بەڕێزی هەیە، چونکە خوای یەکتا (یەهڤە = Yahve) کاتێ کە لەگەڵ (مووسا)دا

گفتوگۆ دەکات، بەزمانی بلێسەی ئاگرەوە کردوویەتی، گوایا، زمانی (بلێسە) ئاگر، زمانی خوایە (بڕوانە: آتش نزد بنی اسرائیل - پور داود، ویسپرد، ل٨٥، یان (سەفەری خروج = Exodas) بەشی سێیەم و بەشی نۆزدەهەم و بەشی بیستەم - بەدەم پور داود - ەوە)، پتر لەمەش جێگا و شوێنی قوربانیکردن، دەبێ بەئاگر رۆشن بکرێتەوە.

- ئاگر، لە لای هیندیان:

لە دێرینترین پەڕتووکی سانسکریتی (هیندیی کۆن)دا، کە (ڕێگ ڤێدا = Rigveda)یە، وەها، هاتووە، کە (ئاگنی = Agni) پەروەردگاری ئاگرە و لەگەڵ خوای مەزن (ئیندرا = Indra)، لە کاتی قوربانیکردندا، بەهۆی گڕانگڕانی بلێسەی ئاگرەوە (زمانی خوای گەورە) جابەجا دەبێ و بێ ئەو سەرناگرێ.

بەهەرحاڵ، وێکچوونی پیرۆزیی ئاگر لای هیندیانی دێرین و دینی زەردەشتی ئەگەر جیاوازییەک بەدیی بکرێ، مەگەر لە ڕووی ناوەوە هەبێ!

- ئاگر، لای چینیەکان:

لە لایەن چینەکانەوە، ئاگر پایەیەکی پیرۆزی هەیە و (خوای ئاگر) لە لایەن چینەکانەوە، بەناوی (تسۆانگ = Tsaowang)ەوەیە و پەیکەریشی لە ناو هەموو ماڵێکدا، لە لای هەموو خێزانێک هەیە و ئەگەریش پەیکەری نەبێ، دەبێ وێنەی هەبێ و چونکە بوونی پەیکەری ئاگر یان وێنەی لە ناو ماڵاندا، لە لای خێزان، پارێزگاریی سەرۆکی خانەوادە و ئەندامانی خانەوادە و نەوەی خانەوادە دەکات.

لە جەژنە گشتییەکانیان، کە لە دەرەوە، لە ناو ماڵان و خێزاناندا دەگیرێ، جەژنی (خوالەی ئاگرە) و لەم جەژنەدا، قوربانی دەکرێ و قوربانییەکەش دەخرێتە ناو ئاگرەوە. (پور داود، ویسپرد، ل ٩٤ - ٩٥).

- ئاگر، لای یۆنانیان:

لە بارەی دروستکردنی یەکەم مرۆڤەوە و دەوری ئاگر لەوێدا، لە مێژووی دینیدا، چەند داستانێ بەرچاو دەکەون و کە هەریەکێ لەوانە، ڕووالەتێکی جیاوازیی لەوی دیکە هەیە و ئەوەشیان کە لە یەکترییەوە نزیک بن، یان لەیەک بکەن، جۆری خوالەی دینیی و دەوری ئاگرن! لەم ڕووەوە، بەکورتی وەک ناوونیشان، سێ ڕێگا هەبوون و ئەوانیش: یەکەم، مرۆڤ لە بەردی خارا و لە درەخت دروست کراوە، دووەم (زاوش = Zaus)، یان (زیوس)



و خوالەی دیکە، مرۆڤیان دروست کردووە و ڕێگای سێیەم، ئەوەیە، کە (پرۆمیتیۆس = Prometheus)، دروستکەری مرۆڤە؛ لە (خاک و لە ئاو) و (ئاتێنا = Athena)ش گیانی بەبەردا دەکات. لە هەر سێ جۆرە دروستکردنەکەدا، (ئاگر) بۆ گیان پیاداکردن دەوری هەیە و ئاگریش، هەمیشە بەدەست خواوەندی گەورەیە و بەفەرمانی ئەوە (واتە؛ بەخواشتە رخوازی زاوش -ە)، (ویسپرد، د. پور داود، ل ٩٦ - ٩٧).

- ئاگر، لە لای ئیسلام:

لە لای ئیسلام، ئاگر بەپیرۆز دەزانرێ و بەتایبەتی کاتێ کە حەزرەتی ئیبراهیم، لە لایەن بتپەرستانەوە خرایە ناو ئاگرێکی گەورەوە (مەنجەنیق)، خوا فەرمانی دا بەسەر ئاگردا، کە دەبێ سارد بێ و سەلامەتیش بێ، بۆ ئەوەی ئیبراهیم نەسووتێ و نەخۆشیش نەکەوێ و ئەنجامیش ئەوە بوو کە ئیبراهیم نەسووتا و بەسەلامەتی هاتە دەرەوە. پاش ئەوە، ئیسلام ناوبەناو سوێند بەنووری ئاگر دەخوات! ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، زۆر نزیکە، کە هەر بەو بۆنەیەوە بوو بێ، بۆیە کە ناوی باوکی بەناوی (ئازەر = ئاگر)ەوە بانگ بکەن!

- ئاگر، لە لای رۆمیان:

پەروەردەکەری ئاگر، لە لایەن رۆمیی دێرینەوە (ڤێستا = ڤەستا = Vesta)یە، کە بەرامبەر و هاوواتای (هێستیا = Hestia)ی یۆنانییە. دێرینترین پەرستگای (ڤێستا = Vesta). لە لایەن دووەمین پادشای (رۆم)ەوە، (نوماپومپیلیوس = Numapompil-ius)، لە (پەلاتین = Palatin) دروستی کردووە. نووسەرانی لاتین وەهایان، لە قەڵەم داوە کە ئەم شاهە ئەفسانەیی، سالانی (٧١٤ - ٦٧١)ی پێش زایینیدا ژیاوە.

ئاگر، لە لای رۆمیەکانی دێرینەوە پشتیوان و پارێزگاریکەری وڵاتیان بووە و ئەم ئاگرە پیرۆزە، هەمیشە، لە (ڤێستا)دا رۆشن بووە و بگرە هەمیشە بلێسانددوویەتی.

بۆ ئاگاداریکردنی گڕانگڕانی ئەم ئاگرە، لە سەرەتادا چوار کەنیشکی خاوێن نیک بوون و لە پاشدا، کراون بەشەش و ئەمانەش، بەپێی هەندێ هەلومەرج دیاریکراون و لێرەدا، ماوەی ئەوەمان نییە!

هەموو ساڵێ، رۆژی نۆهەمی مانگی (کانوونی دووەم) جەژنی ئاگری پیرۆزی (ڤێستا) بەرپا (دەگیرێ) دەکرێ و لەو رۆژەدا، خەڵک بەرەو ئەو ئاتەشگەدەیە ڕوو ئەنێن و ئا لەوێدا و لەو رۆژەدا، بەخەڵک هەمەجۆرە و هەمەڕەنگ گورجوگۆڵیی رۆشنبیریی دینیی پێشکەش دەکرێ و شایانی باسە، هەر لە هەمان رۆژیشدا قوربانی دەکرێ.

ئەوەی کە دەبێ بوترێ لەم ڕووەی بەراوردکاریەوە، ئەوەیە، کە هەر تەنیا (مۆبەد)ی زەردەشتی و پەروەردگاری ئاگر لە کەنیشتەی (یۆنانیی) و هی (ڕۆمانیی) و هی (جوو)یشدا، بۆی هەیە کە بەڕێوەبەری ئەو جەژنە پیرۆزە بێ و لە پشتی سەری ئەو ئاگرە پیرۆزەوە بێ. (د. پور داود، ویسپرد، ل ١٠٢ - ١٠٣).

## ئەژیدەهاک:

سەرگوزەشتەی جۆراوجۆری (ئەژیی) و (دەهاک) لە داستانە دێرینەکانی گەلاندا، جێگایەکی فراوان و دێرینیان پڕ کردووەتەوە.

دەهاک، خۆی بەناوی کەسایەتییەکی مێژووییەوە، هەروەک گوزارش (راپۆرتە)کانی یۆنانیە دێرینەکان تۆماریان کردووە، لە سەرگوزەشتەنامەکانی (ماد) و (ئاشور)دا، جێگایەکی سەرسوڕهێنەری گرنگیان داگیر کردووە.

دەهاک، لە ناو کوردەوارییدا، ڕووالەتی کەسایەتیی جۆراوجۆری بەرچاوی گوێ دەکەوێ! کە وەک:

- لە ڕووی رامیارییەوە، زوحاک (عارەب) بەزۆر وڵاتی داگیر کردووە و وشک و سەوزی پێکەوە سووتاندووە و هەرچی مرۆڤایەتی، پێی ناخۆش بێ، ئەو بەڕەوای زانیوە و کردوویەتی. لەم بارەیەوە (کاوە)ی کرێکاری بۆ پەیدا بووە و ڕووبەڕووی وێستاوە و بەسەریدا سەرکەوتووە و ئاسایش و خۆشیی بۆ خەڵکانی کۆمەڵگایانی کوردی، بەرپا کردووە.
- لە ڕووی دینییەوە، زوحاک پاڵەوانی ئەهریمەن (شەیتان)ە و هەرچی شتێ، کارێ، دژ بەدینی ڕاستڕەو خوای یەکانە پەرستی بێ، ئەو دەیهێنێتە دیی، هەمیشە پاڵپشتی درۆودەلەسە و خراپەکردنە.
- لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە، بەهۆی زۆری زوڵم لێکردنەوە کۆمەڵی زۆرداری دژ بەشارستانیەت دروست دەکەن و پاڵەوانی زۆرداری فرت و فێڵکەر (زوحاک) و کۆمەلانی بەرفراوان و گەورە و کارکەران و هەژاران و چەوساوان، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا دەخەنە ژێر بارەوە.
- لە ڕووی ڕۆشنبیریی کەلەپوورییەوە، وشەی زوحاک (دەهاک) وەک ئیدیۆم (زاراو)ی لێ هاتووە و بەشێوەی قەرزکردن، لە ڕستەی ڕەنگاوڕەنگدا بەکار دەهێنرێت! زوربەی جاریش شێوە و ڕووالەتی، کورد واتەنیی وەرگرتووە و لەگەڵ ئیدیۆمی (زیندانی



ئەسکەندەر)دا، بەکار دەهێنرێت و بەزۆریش بەدەموزاری کۆمەڵگای ئاساییەوە، برەوی هەیە.

لە فەرهەنگی کەلەپووری کوردەوارییدا، (ئەژیی و دەهاک) بوونەتەوە یەک و وشەی (ئەژدیها)یان دروست کردووە و کاتێ کە ناوی وەها بەرگوێ دەکەوێ ڕووالەتی مارێکی زۆر گەورە بەدرێژیی و پانیی و ئەستووریی، لەگەڵ چەند سەرێکی هەڵلوشەردا، دێنە بەر بینینی چاوی ڤیدیۆتێپ -ی مێشک، یاخود ترسناکتر لەوەی کە خەیاڵ بۆی دەڕوا!

هەندێ جاریش، ئەو وێنە خەیاڵییە دێتەوە، بەرچاوی خەیاڵ، کە گوایا، کاتی خۆی زوحاک سەرچاوەی (کانی) شارەکەی داگیر کردووە و لە سەرشانی زوحاک ئەژدیها هەن، دەبێ هەریەکێ لەوانە، یەکێک (مرۆڤ)، بخرێتە قوڕگیەوە، ئەوجا، بەشی (ژەمێ) ئاو بۆ شارەکە بەر دەدات! شایانی باسە، کە ئەو دوو ناوە (دەهاک) و (ئەژیی)، هەروەک باسمان لێوە کردنی و بەدرێژیی باسی هەریەکێکیان، لە ڕووی زمانناسیی و مێژووییەوە دەکەینەوە، پاش بەسەرچوونی ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوجا، بەم جۆرە کە ئەمڕۆ هەیە (ئەژدیها)، یەکێکیان گرتووەتەوە و ئەم واتا نوێیە، بەبەریا کراوە.

### (ئاژیی = Azi):

ئاژیی، یان ئازیی، وشەیەکی ئاڤێستایییە و بەواتای (مار) هاتووە، وەک واتای ڕاستەقینەی (واتایی) و لەگەڵ ئەوەشدا وەک واتایەک، کە لە ڕووالەتی قەرزدا، بەکار بێت و گیانێکی ئەدەبیی پێدا بکرێ، بەواتای (دوژمن) دێ. ئەمڕۆ لە ناو (کورد)دا، مار، وەک گیانەوەرێکی خشندە ناسراوە و جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگی هەیە و پتر لەمەش ژەهردار و بێ ژەهری هەیە و هەمیشە بەدوژمنی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێ و مرۆڤ هەمیشە بەمەترسییەوە بەرەنگاری دەبێ. لە ناو کوردەوارییدا، وەک ئیدیۆم (زاراو)، بەرگێکی پیادا دەکرێ و گوایا، باشترین بەرگی واتا بەخشە، بۆ بەرامبەر بەدوژمنێ، کە هەمیشە مەترسیی بۆ دوژمنەکەی هەیە. لە هەندێ کورد واتەنیدا، زاراوی لێکدراوی (ماری بێ ئیجازە) بەکار دێ، کە گوایا، دوژمنێکە و هەرگیز جێگای باوەڕ نابێ!

لە دەمی باووبرەوی دینی زەردەشتیدا، (ئەهریمەن) یەکەم هێزێ بووە، کە بەرامبەری بڵاوبوونەوەی دینی زەردەشتی بووبێ و هەمیشە وەک بەرهەڵستی وەستاوە، لە سەرپاکی ئەو ناوچانەدا، کە بۆنی بڵاوبوونەوەی دینی زەردەشتیان لێ هاتووە.

بەشێوەیەکی دینیی (بەپێی ڕەویە و ڕەوشتی زەردەشتیەت) ئەوانەی کە بەهۆی

بڵاوبوونەوەی دینی زەردەشتی بووە زیانیان پێ گەیشتووە و پێ دەگات، هەمیشە بەخۆیان و پشتگیریانەوە، دژژ بەدینی ڕاستیی و یەکتایی و ئاوەدانیی و شارستانیەتی کشاوەرزیی (کشتوکاڵ، زەوییوزار ئاوەدانکردنەوە) وەستاون.

بەهەرحاڵ، لەم ڕووەوە (خوێنەر بۆی هەیە، کە بگەڕێتەوە، بۆ ناوەڕۆکی گاتەکان،...) ئەوەی کە من بۆی دەڕۆم ئەوەیە، دینیی زەردەشتی دینێکی یەکتاناسینی خوا بووە و لە ڕاستیشدا دینی رامیاریی بووە، بۆ گۆڕینی کۆمەڵ، بەرەو شارستانییەت لە ڕەوەندییەوە، بەرەو دێهات و بەرەو شارستانیەتی ئاوەدانکردنەوەی زەوییوزار و بەرەو خزمەتگوزاریی بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی لە بیر و لە پەند و لە کردار و کردەوەدا. بێگومان ئەم ڕێڕەوە، دژژە (لە ڕووی دینییەوە)، بەخوالەکان، خوالەیێ کە جگە لە درۆ و زوڵم، فریودانی خەڵک چی دیکەی پێ نەبووە و لە ڕووی رامیاریشەوە دژژە، بەو خاوەن کویلە و خاوەن دەسەڵاتی دیکەی لەم ڕووەوە. کەوا بوو ئەم بەرەیە، دەبێ ئەگەرچی کەمترین لە خەڵکەکانی دیکە (کویلە و بێ دەسەڵات، هەژاران و چەوساوان) بەڵام دەسەڵاتدارترن، لە هەموو ڕوویەکی دیکەوە، واتە: لە ڕووی دەستی خراپەکردن و درۆودەلەسە و زۆر و جۆریانەوە. ئەم دەسەیە، لە ئاڤێستادا بەناوی (ئەهریمەن = ئەنگرەمەینو = angremainyu)وە، هاتووە و کە دروشمیان (بیری خراپ و وتەی بەد و کردەوە زیانبەخش)ە. ئەمانە لە هەموو لایەکەوە کە زەردەشتیی بتوانێ سەرهەڵبدات، سەرهەڵدەدەن و دژژیان ڕادەوەستن. لە ئاڤێستادا، ئەمانە، بەناوی (ئەژیی)، یان (دێو)ەوە، ناویان هاتووە. (گات، پرۆف – پور داود، ل – ٧٨). ئەوجا، بابێینە سەر لێکدانەوەی وشە (ئاژیی = Azi) و بەپێی ناوەڕۆکی (گات)ەکان بۆمان دەردەکەوێ، کە بڵێین، وشەکە لێکدراوە و پێکهاتووە، لە (ئامرازی نەرێ = نەفی «ئا = A») و ڕەگی ڕیشەی کار (ژی = Zi) کە بەواتای ڕیشەی (ژیان) دێ. ئەوجا، هەردووکیان پێکەوە، دوو بەشی یەکگرتووی دژژاوەری ئاوەرن و بەواتای (ژیان + دژژی ژیان)، کە (مار)ە. بەڵام وشەیەک کە بەناوی (ئاژیدەهاک)ەوە بێ، لە ئاڤێستا (گات)دا نەهاتووە!!

دەهاک:

لە ئاڤێستادا وشەی (دەهیو = dahyu) هەیە، کە بەواتای وڵات، ناوچە، لادێ، کێڵگە دێ. شایانی باسە، ناوی (دهۆک)ی ئەمڕۆیش، هەر بەهەمان واتاوە، ناونراوە.

لە ئەدەبیاتی پالەوییدا، ناوی بەم شێوەیە (دەهاک = dahak)ە کە بەواتای (زوحاک = ضحاک) دێ و لە فەرهەنگی پالەوییدا (د. فرەوشی، ل – ١٢٧) وەها هاتووە، کە



وشە (دەهاک)، بەرگی عارەبیی پیادا کراوە و تا بووە بە(زوحاک = ضحاک) و لەم بابەتەشەوە دیسان دەڵێ، کە (دەهاک) بەواتای (دە) عەیب، هاتووە، چونکە (ئاک = ak) لە پالەوییدا، بەواتای (عەیب)، یان (گرووپ) یان (زۆر)، یان (دێو) هاتووە.

هەر لە هەمان سەرچاوەدا، وشەیەکی لێکدراوی وەک (دەهاکان = dahakan) بەرچاو دەکەوێ، کە بەواتای (لادێیی، دێهاتی، گشت و کاڵکەر) دێت و ئەمەش بەرامبەر و هاوواتای وشەیەکی دیکەی پالەوییە، کە ئەویش (دەهیستان = dahistan)ە.

ناوی (دەهاک کەرت = dahak kart)یش، ناوی شارێکە کە گوایا زوحاک، لە (بابل)دا، دروستی کردووە.

وشەی (دە = da) وەک پارچەیەک لە ریشە (دەسە = dasa)ی ئاڤێستاییەوە، کە واتای (دە)ی ئەمڕۆی ناو زمانی کوردیی دێ.

بەپێی ئەم لێکدانەوەی سەرەوە، بۆمان دەرکەوت، کە وشەی (دەهاک) بەواتای (زوحاک) لە (گات)دا دەست ناکەوێت، بەڵام وشەی (ئەژدیها) لە شاهنامەی فردەوسییدا، بۆ چەند جارێ هاتووە و هەروەها، لە ئەدەبیاتی ساسانیشدا بەزۆریی بەرچاو دەکەوێ.

شوێنەواری دەهاک:

لەم ڕووەوە بۆچوونی جۆراوجۆر و بێ سەروشوێن بەرچاو دەکەون! لە شاهنامەی (فردەوسی)دا وەک ناوی (ضحاک = ع) و بەشێوەی (اژدها) هاتووە و لە بارەی لێکدانەوەشی، دەبینین کە بەکەسێکی (ناپارسا) کە بەواتای (نائێرانیی) دێت، هاتووە و، لەولاشەوە، وەک کابرایەکی تەلیسماویی و تەلیسم زان و جادوو لە قەڵەم دەدرێ.

ناوی جێگا و شوێنەوارەکەی؛ (فردەوسی) دەیباتە (دەماوەند) کە شاخێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی (تاران)ەوە و لە لایەکی دیکەش دەیباتە (ئەروەند) و هەندێکی دیکەش دەیبەنەوە سەر بنەڕەتی عارەب و شوێنەکەشی دەبەنە شاری (دەهاکەرت)، کە لە (بابل)دایە.

هەندێ مێژوونووسی پارس تێکەڵاویی لە نێوان (دیاکو) شای دامەزرێنەری (ماد)دا و لە نێوان وشەی (دەهاک) دەکەن و بەیەکیان دەزانن و ئەویش هۆی نەزانینی لێکدانەوەی پارچەی ناوەکانە، لە ڕووی زماننناسیەوە، ئەگەر بەمەبەست نەبێ و ئەگەریش بەمەبەستیش بێ، لەوانەیە، بەمەبەستی کینە وەبەرهەمهێنان بێ دژژی دامەزرێنەری شای (ماد)! بۆ پۆخڵ کردنی ڕێڕەوی.

فەرهەنگە پارسیەکان، وەهایان لێک داوەتەوە، کە وشەی (زوحاک) وشەیەکی عارەبییە و زاراوێکی پڕ بەواتای زۆر و جەور و خراپەکردنە. بەیرونی، (دەهاک) بەکوڕی (بەیوەرئەسپ = بیوراسپ) و کوڕی (ئەروەند) دەزانێ.

لە بارەی لێکدانەوەی واتای (ئەڕوەند) = (ئەڵوەند)ەوە، هەندێ بەڕووباری دیجلەی دەزانێ و هەندێکیش بە(شاخی) دەزانێ و هەندێکی دیکە بەشاری دەزانن و فردەوسی - ش (ئەروەند) بەڕووباری لە قەڵەم دەدات و بەدیجلەی دەزانێ! ئەمەش نەزانیی جوگرافیاییە و نەبوونیی بەڵگەیە، لە بنەڕەتی مێژووییەکەدا.

لەم ڕووەوە (فردەوسی) یەژێت:

(بە اروند رود اندر آورد روی چنان چون بود مرد دیهیم جوی
اگر پهلوانی ندانی زبان بە تازی تو اروندرا دجلە خوان)

(فردەوسی)

هەروەها، فردەوسیی، ئەژدیها، بەمار نازانێ، بەکەسێکی تەلیسماوی دەزانێ، بەم بۆنەیەوە دەڵێ:

(بدانست کان خانە اژدهاست کە جای بزرگی وجای بهاست
طلسمی کە ضحاک سازیدە بود سرش بآسمان بر فرازیدە بود)

هەروەها دەڵێ، کە زوحاک، ئێرانی (ناپارسا = نائێرانیی) نەبوو.

لەم ڕووەوە دەڵێ:

(سر مایە آن ز ضحاک بود کە ناپارسا بود ناپاک بود)

ئەوەی، کە لێی تێگەیشتین، ئەوەیە، کە (ئەژدیها)، لێرەش و لە ئاڤێستادا، بەواتای (دوژمن) هاتووە!!

(ج. ک. کویاجی، ترجمە: جلیل دوستخواە آیینها و افسانەها ایران و چین باستان، ل - ١٧٧).

ئەوجا، بابێینە، بەسەردەم شای یەکەمی (ماد)، کە بەم ناوانەوە، باسیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا هاتووە: لە مێژوویەک، کە (کستزیاس) یۆنانی، کاتی خۆی لە ناو کۆشکی داریوشدا ماوەتەوە و مێژووی مادی نووسیوە، بەم جۆرەی خوارەوە، ناوی شایانی (ماد)ی هێناوە. (تاریخ کامل ایران. د. میترا مهر آبادی، ل - ٣٦٢):

١- آرباکس (٢٨) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.



٢- مانداکس (٥٠) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٣- سوسارس (٣٠) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٤- آرتی کاس (٥٠) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٥- آربیان (٢٢) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٦- آرتەسس (٤٠) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٧- آرنی نس (٢٢) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٨- آستی بارس (٤٠) ساڵ فەرمانڕەوا بووە.
٩- آسپاداس (استیاکس)، (٣٠) ساڵ.

بەهەرحاڵ، هێنانەوەی ناوی ئەم زنجیرە شایانەی (ماد) بەو مەبەستەیە کە لەگەڵ ئەوانەی (هیرۆدۆت)دا، بەراورد بکرێ و تا وەک مێژوونووسی کورد کە خۆی بەنەوەی نوێی کورد دەزانێ بگاتە ئاواتی ڕاستەقینە و ڕاستەوڕاستی مێژوویی و دوور بکەوێتەوە، لەوەی کە شوێنکەوتووی ناشارەزایانە بێ! ئەگەر هاتوو زانیمان (کتسزیاس = Ctesias) دوکتۆر و پزیشک -ی ناو کاخی داریۆش بووە و چە (دەکیومەنتی پۆستی هوماری گەنجینەی هەخامەنشیی بووە) سەرپاکی لە ژێردەستیدا بووە و بەپێچەوانەی هیرۆدۆتەوە کە دەیان یان سەدان ساڵ بەدوای (کتسزپاس)دا هاتووە و مێژوویەکەی لەسەر بنەڕەتی (پرس و پرسیار)ەوە، پێکەوە ناوە!!

ئەو ناوانەی کە لە لایەن (هیرۆدۆت = Herodtus = Herodote)ەوە هاتووە بەم جۆرەن:

١- دیوکس، ساڵی ٧١٥ (پ. ز).
٢- فرا اورتیش ٦٥٣ - ٦٧٥ (پ. ز).
٣- هوخشترە ٥٨٥ -٦٢٥ (پ. ز).
٤- آستواگس ٥٥٠ - ٥٨٥ (پ. ز).

(ایران در سپیدە دم تاریخ. جورج کارون، حسن کنوشە، ل ١٧٦).

لێرەدا، ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە، بۆ مەبەستە سەرەکییەکە و ئەویش یەکەم شای (ماد)ە، کە هەندێ بەناوی (زوحاک)ە و لێکی دەدەنەوە، ناوی یەکەم شای (ماد)، دامەزرێنەری دەوڵەتی (ماد) بەم جۆرە بەرچاو دەکەون:

- دەیاکو = Daiakku

- دەیۆکو = Daiukku
- دەیوکس = Deioces
- دەیوکەس = Deiokes
- ئارباکەس = Arbakes

پێش ئەوەی هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی ئەوە بدەین، کە واتای هەریەکێ لەم ناوانە کە بۆ (یەک کەس) هاتوون، لێک بدەینەوە و ڕاست و ناڕاستیان لە ڕووی ئەوەوە کە کامیان ناوی ڕاستەقینەیە و کامیان ناوونیشانیەتی، جوێ بکەینەوە، پێویست بەوە دەکات، نەختێ دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد)ەوە ڕۆشن بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین، لەبەر ڕۆشناییدا، ڕێبازی لێکدانەوەکە بەئەنجامی ڕاستیی بگات!

## کورتەیەک دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد:

هەروەک وتمان، لە ناو ساڵنامەکانی ئاشوریەکاندا (لە دەوری سەروکڵاوی شەمشی ئەدەد = Shamshi - Adad)ی پێنجەمدا، وەها هاتووە، کە دوژمنەکانیان، کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتیانە (مادەکان)وە و ئەگەرچی میرایەتی زۆرن، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی، ناتوانن یەک بگرن، دەبێ هەوڵ بدەین کە هەرگیز یەکنەگرن، تاکو ئێمە هەمیشە توانای ئەوەمان هەبێ، کە دەسمان بەسەریاندا درێژ بێ!!

کاتێ، کە لەم دەمەدا (شەمشی ئەدەد = ٨٢٣ - ٨١٠ پ. ز) باسی یەکێ لە شەڕەکانی کە لەگەڵ یەکێ لە میراتییەکانی ماد -دا ڕوویداوە، دەکات و وەهای تۆمار دەکات، کە ئەو ئەو میرەی داگیر کردووە و پتر لەوەش نزیکەی هەزار و دوو سەد کەسێ کە لەگەڵیدا بوون، دەستگیری کردوون.

هەر لە ناو ئەو ساڵنامانەدا، وەهامان بەدەستەوە دەدرێ، کە میرایەتیەکانی ناوچەکانی وڵاتی (ماد) پتر لە چل ژمارەیەکن و ئەوەش دەردەکەوێ، کە هەندێ لەوانە، داردەستی یەکێ لەو شاهانەی ئاشوریان بووە و دژی نەتەوەکەی خۆی (ماد) جاشیی کردووە. جگە لەوەش، هەر میرێ لەو میرانە خاوەن هەموو شتێ بووە و خۆی بەگوڕ و بەبڕ بووە و خاوەن هەندێ پاسەوان و تفەنگچی خۆی بووە و هەر لایێ لەو میرانە، سەرانەی ساڵانەی بەبێگانە داوە. ناوی ئەو هۆزانە، بەتایبەتیی بەناوبانگەکانیان، بەپێی ساڵنامەکان، ئەمانە هەندێکیانن: مادیی، مانیی، میتانیی، ساگەرتیی، ئۆراتوریی، هیتیی، کاردۆخی، ماگیی، کیمەریی... هتد.



شایانی باسە، سەرچاوە مێژووییە دێرینیەکان، لەوەدا، یەکدەگرنەوە، بەتایبەتی ساڵنامەکانی ئاشور، کە (دەیاککو) بەخۆی و دەست و پێوەندیەوە لە لایەن شای ئاشور (سارگۆنی دووەم = II - Sargon - ٧٢٢ - ٧٠٥ پ. ز)ەوە بۆ ناوچە (حماة) لە سوریا، دوور خراوەتەوە و بۆیەشە، نەیکوشتووە، چونکە سەرۆکێکی گەورەی وەها، لە ژێردەستیدا چاکترە لەوەی کە بیکوژێ، بەو نیازەی سوود لە زیندوویەتی وەک (بارمتە)، سوودی زۆر دەبەخشێ!

هەر سارگۆنی دووەم، لە ساڵەکانی (٧١٣ پ. ز)دا، هێرشێکی دوڕندانە و خوێناویی بردە، سەر ناوچەکانی ماد نزیکەی (چل و دوو) سەرۆک هۆزی مادی گرت و لەناوی بردن و ئەوانەش کە مانەوە، لە ژێر فەرمانیدا، بەگوێڕایەڵیی مانەوە. (گیریشمن ترجمەء: د. محمد معین، ایران از آغاز تا اسلام، ل - ٩٥).

لەوە دەکات، کە ئەم ساڵە (٧١٣ پ. ز) وریاکەرەوەیەک بوو بۆیان، کە ئەگەر بیانەوێ بتوانن بەسەرفرازیی بژین. پێویست بەوە دەکات، کە یەکبگرن و واز لە هەموو جۆرە دووبەرەکییەکی ناوخۆیی بهێنن و خۆیان ئامادەی سەرفرازیکردنی وڵاتیان بن، بەتایبەتی، کە سارگۆن هەر لەم ساڵەدا، خەریکی جەنگە لەگەڵ جوو سەمیەرە (لە سوریا)، میسر و ئیسلام -دا، بۆیە، هەلەکەیان بەفیڕۆ نەدا و یەکیان لە ژێر سەرکردەیی (دەیاکو = ئارباکەس) گرت و ئازادیی وڵاتیان بۆ یەکەمجار، بەیەکگرتوویی بەدەست هێنا.

ئەوەی کە لێرەدا دەبێ لە بیر نەچێ، ئەوەیە، کە لە ژێر سەرکردەی (دەیاکو = ئارباکەس)دا، ئەم هۆزە گەورانەی ماد بەشدار بوون:

١- ئۆراتۆژیی = Uratu
٢- مانایی = Mannai
٣- مادیی = Madai
٤- ماگیی = Magi
٥- گوتیی = Guti
٦- کیمەریی = Cimmerian
سکیس = Scythians
٧- هوریەکان = Hurritcs
٨- هیتیەکان = Hittites
٩- پەرەتی (پەرثەڤە) = Parthava

١٠- میتانیی = Mitanni

بابێینەوە، بەلای ناوەڕۆکی ئەم بەشەوە و ئەویش، تێکۆشانە، بۆ لێکدانەوەی وشەی (دەیاکۆ = ئارباکەس).

ئەم دوو وێنەیە (دەیاککۆ) و (دەیۆککۆ) یەک زمانن و دوو شێوەزار و وێنەی سێیەمیش (دەیۆکس) و هی چوارەمیش (دەیۆکەس) شێوە زمانی گریکییە (یۆنانی کۆن). بۆمان هەیە، بەپێی (ڕەگ) و (ریشە) ناسین، بڵێین کە:

- دەیاککۆ = (دە + یا (یە) + ک + کۆ).

بەشی (دە) ریشەیە و لە قەدی (دەسە)ی ئاڤێستاییەوەیە و بەواتای

+ (دە)ی ئەمڕۆی ناو زمانی کوردیی دێت.

وشەی (دەسە) تا ئەمڕۆیش، لە ناو (هەورامیی و زازایی)دا، هەر بەکار دێت.

+ (یا = یە)، ریشەی ناوی (دەهیۆ = Dahyu)یە، کە لە ئاڤێستادا، بەواتای (ناوچە، دێهات، کێڵگە، گشتەزار،... هتد) دەگرێتەوە.

+ (ک = k) ریشەی قەدی کاری (کرشفە = Krshva)ی ئاڤێستاییە و لێرەدا وەک قەدی کارا، بەندبەس کراوە. شایانی باسە (کر = kr) وەک چاوگێ بەکار دێت.

+ (کۆ = ko)، بەواتای (کۆ، کۆم، کۆما) کە شێوەن لە شێوەی بادینانیی و هەورامانییدا، بۆ واتای (کۆکردنەوە)ی ناو کوردیی ئەمڕۆ.

بەپێی ئەم لێکدانەوەی سەرەوە، وشەی (دەیاکۆ)، ئاوەڵناوە، نەک ناو و بەهۆی کردەوەکەیەوە، ئەو ناوەی لێ نراوە و ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێ کە (کتسزیاس) ڕاستری بۆ چووە، تا هیرۆدۆت، چونکە کتسزیاس بەناوی (ئارباکەس) ناوی بردووە.

**ئەژیدەهاک:**

لە باسی لێکدانەوەی وشەی (دەیاکۆ)دا، بۆمان دەرکەوت، کە ئەوە ناو نییە، بەڵکو نازناوێکە و بەهۆی توانای کردەوەی، کە بووە بەهۆی یەکگرتنی سەرەکی دە هۆزی گەورە سەرەک ناوچە، لە ژێر سەرکردەیەتی خۆیدا و بەهۆیەوە (بەهۆی ئەو یەکگرتنەوە) توانیویەتی بۆ یەکەمجار، دەوڵەتی یەکگرتووی (ماد) دابمەزرێنێ.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، وشەی (ئاژیی)مان لێکدایەوە، کە بەواتای (دژژی ژیان) هاتووە.



بەم پێیە (ئاژیدەهاک) دەبێ بەم جۆرەی لێک بدەینەوە:

- ئاژیدەهاک = ئا + ژیی + دە + هاک

+ (ئا = a)، ئامرازی دژژاوەرییە لە ئاڤێستادا.

واتە، پێوەندیی، بەبەندەکانەوە هەیە، کە بۆ مەبەستێ پێوە بۆ دەنووسرێن، ئا لێرەدا ئامرازەکە، کەوتووەتە پێشی ریشەی کاری (ژین)ەوە و بۆیە بەشێوەی (ژیی) هاتووە. بەم پێیە، (ئاژیی) وەک وشەیەکی لێکدراو بەواتای (دژژی ژیان) هاتووە.

+ (دە = da) ریشەی وشەی (دەسە = dasa)ی ئاڤێستاییە و بەواتای (دە) هاتووە.

+ (هاک = hak)، یان (ئاک = ak) بەواتای (شت) دێ، وەک بڵێیت دە خانوو، دە هۆز، دە ناوچە، دە سەرۆک، دە دێو... هتد.

بەشێوەیەکی گشتیی وشە ناساکارەکە بەواتای: (دامرێنەری دەی یەکگرتوو، دوژمنی دەی یەکگرتوو،... کوژێنەری دە گرووپی یەکگرتوو،...) دێ. کەوا بوو، ئەم وشە ناساکارەیە (ئاژیدەهاک) وەرگێڕدراوێکی مادییە، بۆ زاراوێکی ئاشووری (چونکە ئەو گرووپە = ئاژیدەهاک) لە لایەن ئاشوریەکانەوە دروست کراوە، بۆ رووخاندنی (دەیاکۆ) و دەوڵەتی (ماد) بەڵام ئەوەی سەری نەگرت و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئاشوور رووخێنرا. بەهەرحاڵ، زاراوی (ئاژیدەهاک) وەک نیشانەیەکی دوژمنکاریی هەر مایەوە و تا بەرەو (زوحاک = ضحاک) هەنگاوی نا و ئەوجا، وەک ئەفسانە، بەزۆرداری عارەب لە قەڵەم دەدرێ و ناوبەناو بەپێی سەرچاوەی مێژوویی جۆراوجۆر جێگاگۆڕکێی بۆ دەکرێ و لە (یەمەن)ەوە دەبرێ، بۆ (دەماوەند) و بۆ جێگای دیکە.

هەروەک، وەها باوە، سەرگوزەشتەی ئەفسانە، دەبێ لەسەر شتێکی بنچینەی ڕاستییەوە دروست کرابێ و بنچینەی ئەم ئەفسانەی زوحاکیشە لەسەر ئەو ڕاستییەوە دروست کراوە، کە گرووپی ئاژیدەهاک، لە ئاشوور بۆ لەناوبردنی (ماد) و (دەیاکۆ) دروست کراوە و گوایا، بەو پێیە عارەب و ئاشووریی هەر یەک بنەڕەتیان هەیە، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، زاراوی (ئاژیی = دەهاک)، لە دەمی (دەیاکو) و دەوڵەتی (ماد)دا دروست بووە.

## نەورۆز:

نەورۆز، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە، لە (نەو + رۆز)، یان (نەو + رۆ)، یان (نەو + رۆژ) و کە بەشێوەیەکی ساکار بەواتای (رۆژی نوێ) دێت. ئەم واتایە، لە فەرهەنگی ئاریانڤاچەکاندا، کە لە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی رەوەند وێنە دان و بەدوای بەخێوکردنی مەڕومالاتدا، لە پێناوی ژیانیاندا وێڵن. بۆیە کە بەهار دێتە دەرەوە، گیاوگژ و دار و درەخت دەژیەتەوە و مەڕومالاتەکەیان لە قاتوقڕیی و سەرماوسلۆوە و یەخبەندانی زمستان و برانەوەی خۆراکیان. سەرفراز دەبن و روو دەنێنە فراوانی بەرهەمی مەڕومالاتەکەیان (بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان، وەک رۆژێکی نوێ؛ دینی زەردەشتی هانی ئەوەیان دەدا، کە تەواوی توانایان لە پێناوی شارستانیەتی کشتوکاڵ و کشاوەرزییدا بدەن بەخەرج و فەرهەنگێکی نوێ شارستانیەت بەرپا بکەن.

بەشێوەیەکی رۆشنتر، کە زمستان تەواو دەبێ، بەهار دێتە دەرەوە (نەورۆز)ە، چونکە دێو و درنجی تاریکیی و سەرمایی، لە ترسی رۆشنایی بەهاردا، خۆیان هەشار دەدەن. کاتێ کە دەشتودەر سەوز دەبێ و گوڵ و گوڵاڵە پۆشاکی دەکات، واتە دێو و درنجی، نەبوونی بەسەردەچێ و فریشتەی رۆشنایی خودای یەکتاپەرستیی بەسەر گێتیدا، پەخش دەبێ. لە بەهاراندا مەڕومالات، (تگە و بەران و فاڵ) دەگرن و زاوزێ دەکەن، رۆژی نوێ دەست پێ دەکات. لە ڕووی دینییەوە، جەژنی کۆتایی سەری ساڵ و هاتنە بەرەوەی مانگی نوێی (وەک یەکەم مانگی ساڵی نوێ)یە و بەم بۆنەیەوە، جەژنی (فرەڤاشیی = fra-vashi) وەک جەژنێکی دینیی، هەروەک لە دینی (مەزدیەسنا)دا هاتووە، بەم جۆرە دەگرێتەوە: جەژنی (فرەفاشیی) = (فرەڤەردین)، یەکێکە لەو شەش جەژنە دینییەی دینی مەزدپەسنا و دەورانی دروستبوونی ژیانەوەی بەشەرە. ئەوەدەمەیە، کە مردووە باشەکان، کە گیانیان پاکە و هەمیشە نەمردوون، بۆ سەردانی کەسانیان لەو دەمەدا دەگەڕێنەوە ئەمەش، ماوەی پێنج رۆژێ دەخایەنێ! بۆ ئەم جەژنە دینییە، ماوەی (دە) رۆژی سەری ساڵ (کۆتایی ساڵ)ی بۆ دانراوە و ئەمەش، بەپێی رۆژنامەی زەردەشتیی، لە بیست و شەشەمی دوا مانگی کۆتایی ساڵ دەگرێتەوە تاوەکو پێنج رۆژێ (بەنوێژ و قوربانی و سروود خوێندنەوە) درێژە دەکێشێ و تاوەکو سەرەتای مانگی یەکەمی بەهار (ف. زبان پهلوی. د. بهرام فرەوشی) هەروەها (گات. پروفیسور پور داود، ل – ٢١).

لە ئەدەبیاتی یەزیدیەکاندا، ئەم جەژنە، بەجەژنێکی دینیی و نیشتمانی گەورە بەرچاو



دەکەوێ، بەتایبەتی، لە پەیڕەوە دینییەکانیدا، کە پێی دەوترێ (جلوە) یان (پەرتووکی سیاو): ئا لێرەدا، وەها هاتووە، کە رۆژی (چوارشەمە – رێککەوتی یەکی نیسان) خوای گەورە، بۆ پیرۆزکردنی (ئادەم و هەوا) و زرێەتەکانیان (زەهید و هۆرێ) دێتە خوارەوە بۆ چەمی لالش و ئا لەوێدا، دەشتودەر و چەم و دۆڵی لالش بەگوڵاڵەی ڕەنگ ڕازاوەتەوە و (پەریتاوس) و سێ پەریتر لەوێ ئامادە دەبن و پێشوازیی خوای گەورە، بەسروودی گەورەیی خوا، دەکەن و ئەو رۆژە بەجەژنی نەوە و نەوەزای (زەهید و هۆری) دەژمێردرێ و دەبێ هەموو ساڵێ لە هەمان کاتدا (ساڵی نوێ) یادی ئەو جەژنە بکرێتەوە. (مژدەها رۆژ) الشیخ حسن الداسني المتوفي (٧٤٤ھ، ١٢٤٦م)، ترجمة (انور المائي).

## لە ڕووی مێژووییەوە:

لە سەروکلاوی ساسانیدا، جەژنی (فرەڤاشی = Fravashi) و جەژنی نەورۆز، وەک میهرەجانێ پتر لە پێنج رۆژێ یاد کراوەتەوە و بەناوی (نەورۆز) و بەناوی (فرەڤەشیی) و بەناوی (میهرەگانەوە) ناوبراوە. شایانی باسە، هەروەک وەها بەرچاو دەکەوێ، کە ئەردەشێری بابکان، لە نەورۆزدا، تاجی شاهی لە ئاتەشگای (ئاتورگوشنەسپ) کراوەتە سەر و واتە ئاگر و بەهار و نەورۆز و فەرەڤەشیی لە ناو یەکترییدا تواونەتەوە و جۆشیان خواردووە. لە سەروکلاوی ئەشکانیدا، هەروەک میرایەتی هۆزی جۆراوجۆر، بەپێی، خواستیی میریی بووە، ئەگەر نەورۆز کرابێ، یان نەء، بەلام لە سەروکلاوی هەخامەنشییدا، لەگەڵ ئەو هەموو نووسینانەی کە بەجێماون؛ بیستوون، پاسارگاد، پرسیپولس، جێگایانی دیکە، ناوی نەورۆز بەرچاو ناکەوێ!!

## لە دەورەی فەرمانڕەوایی (ماد)دا:

تا ئەمڕۆ، نەتوانراوە، مێژوویەکی تێروتەسەلی فەرمانڕەوایی (ماد)مان بەدەستەوە هەبێ و تەنیا سەرچاوەیەک نەبێ، کە مێژووی (ماد)ی پێ دەوترێ، کە لە لایەن مێژوونووسیی سۆڤیەتی (دیاکۆنۆڤ) بەناوبانگەوە نووسراوە ئەوەش، کە لەم سەرچاوەیەدا بەدەست دەکەوێ کۆمەڵە شتێکی پچڕپچڕن و لە کۆتاییدا، ناگەینە شتێک کە ناوی رێڕەوی مێژوویی (ماد) بێ!! لەمەش بەولاوە، ئەوەی کە دەستمان بکەوێ، مەگەر لە نەقش و ساڵنامە و نووسراوی دوژمنەکانی (ماد)دا – (ئەویش زۆر بەکەمیی) – دەستمان بکەوێ، یاخود نەختێ لە نووسینە سەرپێیەکانی هیرۆدۆت، کە ئەویش لە ڕووی پشکنینی ڕاستییەوە زۆر دوورە و شتی زارەکیی لەملا و لەولاوە (پاش بەسەرچوونی سەدان ساڵان)

وەرگرتووە. ئەو بەرهەمانەی کە لەو ڕووەوە (لە بارەی مێژووی ماد و فەرهەنگی ڕۆشنبیریان) بەتێروتەسەلتر لە هەر بەرهەمێکی دیکە، ئەو مێژووییەیە، ئەو کەلەپوورە ڕۆشنبیریەیە (هۆنراوە، ڕاز، سەرگوزەشتە، هەڵسوکەوت) کە لە لایەن مێژوونووس و پزیشکی بەناوبانگ -ی گریکی (کتسزیاس = Catesias)ەوە لە ساڵانی دەورەی شاهەنشاهی داریۆش دووەمی هەخامەنش (٤٢٤ - ٤٠٥ پ. ز)دا نووسیویەتی.

ئەم نووسەرە پزیشکی تایبەتی کاخی داریۆش هەخامەنشیی بووە و سەرپاکی نووسراوی چەرمیی و قەباڵەی ئەو دەمانە، کە لە هوماری گەنجینەی هەخامەنشیاندا هەبووە لە ژێر دەستییدا بووە و هەر لەبەر زۆر ڕاستیی، وەرگێڕەرە پارسەکان نایانەوێ بۆ زمانی پارسیی وەریبگێڕن!! سەرە دەزوێ، کە لە ئەوێدا دەست دەکەوێ. (جەژنی نەورۆز و جەژنی فرەڤەشی) وەک جەژنێکی میهرەگان، لە سەرەتای بەهاردا دەگیرێ و ماوەیەکەیش، پتر لە پێنج ڕۆژێ درێژە دەکێشێ. ئەوجا، ئەوە ئەگەر وەها بێ، دەبێ بیروڕامان، بۆ ئەوە بڕوا، کە:

- جەژنی (نەورۆز و میهرەگان و فرەڤاشیی) بووبنەتەوە بەیەک و ئەویش لەوانەیە، بەهۆی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی (ماد)ەوە، بووبێ و ئەمەش لامان ڕۆشن نییە، چونکە ڕۆژی یەکگرتنەکە نارۆشنە! یاخود لەوانەیە، یەکگرتنی ئەم جەژنانە کاتی ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشوور (کە ماد ڕووخاندی - بەیاریدەی بابل) بگرێتەوە و هەرچی ئەمیش مانگ و ڕۆژەکەی نارۆشنە، بەڵام نزیکترە، لە ڕاستییەوە، بەوەی کە دەوڵەتی یەکگرتووی سەردەکەوێ بەسەر (ئاژیدەهاک)ی ئاشووریدا!

ئا لەم بۆچوونەی دواییەدا، خاڵێکی گرنگمان بۆ ڕۆشن دەکرێتەوە و ئەویش، وشەی (کاوە)یە و بەم جۆرەی خوارەوە:

- لە سەروکلاوی (کەی ئەخزار = کەی ئەخسار = کەی خەسرەو)دا، دەوڵەتی ئاشوور دوژمنی ناهەمواری سەرە مڕەی دەیان، یان سەدان ساڵان، دەڕوخێنرێ و بەم بۆنەیەوە، ناوی (ئەخسار = ئەخزار = ئەکزار) ناوونیشانی (کەی) بەواتای سەرۆک وەردەگرێ و ناوی لێکدراوی (کەی ئەخسار) دروست دەکات، چونکە ناوی (ئاوەڵناو) (کەڤی = Kavi) لە ئاڤێستادا، بەواتای (سەرۆک، گەورە و مەزن، سەرفرازکەر، فەرمانڕەوا،...) هاتووە و ئەم ناووناتۆرەش، بەسەرکردەی لێهاتووی دینیی زەردەشتی هاتووە، هەروەها، وەک ئاوەڵناوی هی (ئەهریمەن)یش بەکار هاتووە.

کەوابوو ڕێڕەوی وشەی (کەڤی = Kavi) بەرەو (کەوی = Kawi) و بەرەو (کاوە)



هاتووە و وشەی (کاک)ی ئەمڕۆی ناو زمانی کوردیی، هەر لە هەمان وشەوە هاتووە.

هۆیەکی دیکە، وەک پاڵپشت بەرەو ڕاستیی ئەم بۆچوونە، ئەوەیە، کە هەر تەنیا ئەم شایەی (ماد)، ناوی (کەی) وەک (پێشبەند) وەرگرتووە و پێوەیەتی و لاشم وایە، وەک ناوێک وەهایە، کە گەل (هۆزگەریەتی) دەینێ بەسەرکردەیەوە.

## سەرچاوەکان:

- ایران در سپیده دم تاریخ – جورج کامرون – ترجمهء حسن انوشه – تهران ۱۳۷٤.
- مجموعهء اوستا – گاثاها – سرودهای زرتشت. پور داود – انتشارات دانشگاه تهران ۱٤۸۰.
- تاریخ آتورپاتکان. پروفسور اقرار علی أف. ترجمان: دکتر شادمان یوسف.
- زرتشت مزدیسناد حکومت. مهندس جلال الدین آشتیانی.
- آیینها و افسانههای ایران و چین باستان نوشتهء ج. ک کویاجی، ترجمهء جلیل دەستخواه.
- فرهنگ زبان پهلوی – تالیف دکتر بهرام فرەوشی – انتشارات دانشگاه تهران.
- ایران از آغاز تا اسلام – تالیف گیرشمن. ترجمهء د. محمد معین. تهران ۱۳۷٤.
- یشت ها، ۳. د. پور داود – بکوشش دکتر بهرام فرەوشی، تهران ۳۵۳٦ شاهنشاهی.
- ویسپرد (آخرین پیغمبر زرتشت – آتش – هفت کشور – سوگندنامه، گزارش ابراهیم پور داود، بکوشش دکتر بهرام فرەوشی، تهران ۱۳٤۳.
- The Avestan Language. S. N. Sokolov, Moscow 1976.
- ACONCISE Pahlavi Dictionary. Translated by Mahshid Mirfakhraie, 1994 Tehran.
- مژدەها رۆژ – تالیف الشیخ حسن الداسنی. ترجمه انورمایی.



## وشەیەکی سوپاسگوزاریی:

- بۆ سەرپاکی دۆستان و ئەدەبدۆستانی یاریدەدەر.
- بۆ کاک بارامی وەڵەدبەگی، کە بەفۆتۆکۆپی و کاغەزی فۆتۆکۆپی یاریدەی داوین.
- بۆ مامۆستا ئەهوەن، کە دەسخەتی گوڵ و بولبولی پێ داوین.
- بۆ ئاغای مورادی قەنبەریی، لە کرماشان، کە بەدەسخەتی چیرۆکە هۆنراوەکانی (خان ئەڵماس) یارمەتی داوین.
- کاک خەمەرەشیدی حیسامی و کاک حەمەرەشیدی ئەمینی کوڕی نەعیم، چونکە کەڵکمان لە دەسخەتەکانیان وەرگرتووە.

## پێرست


**بەشی دووەم** - سۆفیگەریەتی و دەوری مورید و خەلیفە و خۆشەویستی خودایی (واتایی)
و خۆشەویستی ڕاستەقینە (هەقیقی) (شێخی سەنعان) ... 5
تۆبە و گەڕانەوە ... 7
شێخی سەنعان ... 9

**بەشی سێیەم** - نیشتمانپەروەریی و سەرۆکپەروەریی و لەخۆبوون و خۆشەویستی
ڕاستەقینە (حەیدەر و سنۆبەر) ... 37
داستانی حەیدەر و سنۆبەر ... 39
داستانی حەیدەر و سنۆبەر ... 40

**بەشی چوارەم** - هەڵسوکەوت لەگەڵ جوانی سروشتدا (گوڵ و بولبول) ... 115
گوڵ و بولبول ... 117

**بەشی پێنجەم** - دەوری رامیاری و کۆمەلایەتی لە ناوچەکانی هەورامان و جافەکاندا
هێرشی تورک بۆ ناوچەکانی هەورامان (ئاغا عینایەت) ... 139
پێشەکیی ... 141
ئاغا عینایەت ... 153
ژیانی ئاغا عینایەت ... 153
خوێندەواریی ... 153
ژن هێنان ... 154
بەندبوونی ... 155
ڕووالەتەکانی ئاغا عینایەت ... 155
هەڵبەستەکانی ... 157
ناردنی شەماڵ و پەنا پێ بردنی ... 182
وەرامدانەوەی شەماڵ و هەواڵ هێنانی ... 198
پاڕانەوە، لە خودا بۆ لێبووردن، لە گونا و ڕزگاربوون لە بەندیخانە ... 231
نامەی ئاغا عینایەت و محەمەد بەگ ... 239
ئاغا عینایەت، دووبارە، وەرامی محەمەد بەگ دەداتەوە ... 241
ئاغا عینایەت، بەناوی سکالای ڕەمەزانەوە، نامەیەک بۆ محەمەد بەگی روستەمی دەنێرێ ... 243





وەرامی محەمەد بەگ ... 245
فەرهەنگۆک ... 249
بووکی ڕەشپۆش ... 383
چۆنیەتی دانانی ئەم چیرۆکە شیعرە ... 286
کورتەیێ لەو بەسەرهاتە ... 388
لوای کەیخوا کەنعانی پەی ئەسەموڵی ... 421
فەرهەنگوک ... 425

**بەشی شەشەم** - جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز) ... 427
ڕێڕەوی مێژووی نەورۆز ... 429
کورد و ئاگر ... 430
ئاگر لەناو کوردەواریدا (هۆزە دینییە جۆراوجۆرەکاندا) ... 432
ئاگر و دینە جۆربەجۆرەکان ... 433
ئەژیدەهاک ... 437
کورتەیەک دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد ... 443
ئەژیدەهاک ... 445
نەورۆز ... 446
لە ڕووی مێژووییەوە ... 447
لە دەورەی فەرمانڕەوایی (ماد)دا ... 448

## وێنەی چیرۆکەشیعری ئەهلی هەقق

خان ئەڵماس، لەم چیرۆکەشیعرە کورتەی دا، ئەوەمان، بۆ دەردەخات کە یەزدان، خۆی لە سێ بەرگدا، لە کاتی (جەم دا) لە جەمخانەدا، خۆی پیشان دەدات، واتە، یەکەمجاریان لە رووالەتی (مەولا)دا و دووەم جار لە رووالەتی (شاخۆشێن)دا و سێیەم جار، لە شێوەی شێخ ئیسحاق دا و بۆ خۆی، وەک خۆی دەڵێ؛ لە روانگەی پێشبینی (رووالەتی دیدگای) سۆفیگەریەتییەوە دیمەنی ئەو جەمانەی دیوە و لە کۆتاییشدا، شەربەتی ئەو جەمانەی لە روانگەی دیتنێکی کورتەوە، خواردووەتەوە و ئەمەش، ئەوە دەردەخات کە خان ئەڵماس، لە پلەیەکی رەوا و بەرزی دینی ئەهلی هەقق دایە، بۆیە دەبێ بڕوا پێکراوی ئەهلی هەقق بێ، وەک شاعرێکی دینی.

لە شەرتی ئیقرار -دا، خان ئەڵماس، باسی راستیی و ڕاستگۆیی شەرتی وەفاداریی ئەو کەسە دەکات، کە بەئەهلی هەقق خۆی لە قەڵەم دەدات، یان دەچێتە ژێر رەویەو رەوشتییەوە، کە جۆرێکە لە ئیمان هێنانی راستیی بەپێی پەیڕەوی ئەو دینە.

لە چیرۆکەشیعری (هەنی هەزارە)دا، خان ئەڵماس، چیرۆکی سەرکەوتنی شێخ (صفی الدین) دەکات، کە بۆ یەکەمجار، لە پاش بەسەرچوونی هەزار ساڵ، نوێ کردنەوەی دینی ئەهلی هەقق نۆرەی دێتەوە، مەیدان. ئا لێرەدا مەولا، دێتەوە مەیدانی جەنگ و رەمزەکانیشی، ئەوانەی کە هەزارەیان پڕ کردووەتەوە لە مەیدانی جەنگی سەرکەوتنی دینی ئەهلی هەققدا، ئامادە دەبن و لە بەشداریی نوێ کردنەوەی دینەکەدا، هاوکار دەبن.

لە چیرۆکی (چوارگوشە ماتەن)دا، خان ئەڵماس، باسی ئەنجامی شەڕەکە دەکات و ئا لەوێدا، جیاوازیی نێوان دوژمنی بەد و بەدترین دەخاتە روو، کۆتایی وێنە و سەرئەنجامی ئەو شەڕە وێنە دەگرێت.





یاران مەستان دیم،...
یەک شەو نەجایێ جەمی مەستان دیم
سەدای هۆهۆی یار چەپ وە دەستان دیم
بەزمی هەققانی هەڤپەرستان دیم
شیرینی شەوکەت **سوڵتان سەهاک** دیم
**حەفتادو دوو پیر** ژە نووری پاک دیم
سوڵتانی سەرجەم شای سەهمناک دیم
چەهار تەنەی لەنگەر چەرخی ئەفلاک دیم
یەکایەک مەردان (بطون طَیّار) دیم
دەو خواز سواران، رۆزی شمار دیم
سەفسەف غولامان یەکتا یەکڕەنگ دیم
ناجی سواران **ئامادەی جەنگ** دیم
چەند قەتار سەف پەیوەستە دیم
یەکڕەنگ غولامان کەمەر بەستە دیم
چەند شاهی جەمشید نام، گشت دینان دیم
هەزار ئەسکەندەر کەمتەرینان دیم
مەنسووری سەرمەست ساقی مەیدەر دیم
پادشای بادەی حەوزی کەوسەر دیم
پیاڵەشان جام، خاتوون رەزبار دیم
نەقشی نەققاشان باتن تەیار دیم
جەم جوملەسادە رەنگین رەنگین دیم
گرد سەنا گوێ شای سەهەمگین دیم
جەمخانەی گونبەد خەزرای پەڕ نوور دیم
جەمعی حەقیقەت، عالەم مەشهوور دیم
گا گونبەد خەزرای چلەنشین دیم
**گا جەمعی نۆسەد شاهێ خۆشین** دیم

شناسا هەرکەس ساحیب یەسیر دیم
گاهێ قاپی یار گاه پەردە ویر دیم
گاهێ بلووران جای نۆسەدان دیم
دەنگی نەعرەتەی **مەولای مەردان** دیم
گاهێ چل ئەبداڵ، چلان وەچل دیم
جەمێ پڕ زینەت، شای بەرزەمل دیم
بەزمێ هەقانی مەولای مەردان دیم
کەلام وەش، حەکیم دەوای دەردان دیم
چراغش ژە نوور سوڵتانی دین بێ
بۆی عەترش عەتران پیر **بنیامین** بێ
کەوسەر بادەی جام، تازە جە لای نۆ
مەنۆشان وە عەشق شەهنشای شاهۆ
وە ئەمری فەرمان دارندەی داوەر
سەفسەف غولامان، حەیدەریی حەیدەر
ئەڵماس کەمتەرین **نیگاه نەکەردم**(١)
وە دیدارشان، شەربەت مەوەردم
زیکری زەبانم سەحەر تا وەشام
سەد ساڵ وات وە نوور جەماڵی **مەولام**

## **شەرتی ئیقرارە**

ئەی دونیا ئەسیر شەرتی ئیقرارە
یاوەران هەرکەس ساحیب ئیقرارە
ژ بەحری باتن شەرتش تەیارە
ئیقرار خاسکەردە شای ساحیبکارە

١- بەبیروڕای من، (نیگاه نەکەردم) نییە، کە لە دەسخەتەکەدا، بەو جۆرە، هاتووە بەڵکو (نیگاهێ کەردم)ە، کە بەتەواویی لەگەڵ ناوەڕۆکی واتا گشتییەکەیدا، دەلوێ. (هەورامانی)



## **یاری یاوەریی گشت ژە ئیقرارە**

ئیقرار زەوقی دڵ تەمامی یارە
سروش کەردەی هەقق شیرین گوفتارە
هەرکەس وە پاکی ساحیب ئیقرارە
روو سفید ژە لای شای ساحیبکارە
ئیقرار جفتی پاک عیبادەتکارە
هەرکەس بێ شەرت بۆ کەم ئیعتبارە
ئیقرار کەی لایق دزد و بەدکارە
شاوێش وە مابەین جفت و ئیقرارە
کۆهنە عارفەن، قەدیم عەیارەن
پەی مەردان (**زومای**) کەردەن ئەی کارە
وەبەدی ئیقرار چەم وەرمەدارە
مەسووزین وەنار، وەنیم ئیشارە
هەرسەرێوە وە شەرت کەمتەر ساکارە
شاه ئەو **سەرمەدەی وە سەر قەنارە**
یاران ئەمانەت هەرکەس شەرتدارە
سەر و ماڵ و جان توفەیلی یارە
ئیقرار و دۆعای سوبح و ئێوارە
ئیقرار هەم شەریک **گونا و کردارە**
ئیقرار ژە باتن شەرتش تەیارە
هەرچی بترسیی کەم ژە ئیقرارە
نوتقی خان ئەڵماس ئاخر ئیزهارە
هیچ کارێ مەنعتەر نییەن وەی کارە
خەتمولمورسەلین هەزار و یەک نام
سەد سەڵوات جە نوور جەماڵی مەولام

## هەنی هەزارە

وەعدە تەمامەن **هەنی هەزارە**
وەلای سەڕافان دیم ئاشکارە
**زولفەقار وەستەن دلّدلّ** وە زینە
کەشاکەش ڕەزم چاڵەی قەزوینە
مەنیش ئەوهەم یارانی وەرین
مەواتەن تورک، مەیۆ ژە سەرین
مەچۆ وە ماوای کەم ڕوان پایین
هەقی هەقداران مەسانۆ ئایین
وەشۆنی کەلام ئەی ئەو سوارە
نیشانەی ئەزەڵ وەنەش دیارە
مینگەش بچۆ وە موڵکی ڕۆمات
مات کەری نیزام، تەمام سەربیسات
باوەرە وەجۆش غولغولەی خونکار
وە دەستووری قەوم کوفاری کوفار
کوشتارشان کەی وە دەشتی چاڵە
وەیلان بگێڵۆ چەند هەزار عاڵە
چند جە سەرهەنگان کوشتەکەی وە تیخ
بونی چند شاهان بگنیۆ ژە بێخ
هەفت شەو و هەفت ڕۆژ وەخووناوخوون
باوەرە وە جۆش هەفت کورەء گەردوون
ئەوسا زاتی پاک یەکتای یەگانە
چون ئافتاب مەیۆ وە ڕووی زەمانە
ئەوسا یارسان ڕووی **هەشت، شانە**
جەشن مەگێرۆ بەهەشت شانە
**حەفتادو دوودین**، وەیەک دین مەبۆ
**سەر مەزهەب وەدەست بنیامین مەبۆ**



**خان ئەڵماس** یەقین ئەو وەقت و وەعدە
بێ شک ئاقانان موشکوڵ گوشادە
زیکری زەبانم سەحەر تاوە شام
سەد سەڵوات وەنوور جەماڵی **مەولام**

## چوار گۆشە ماتەن

چوار گۆشە ماتەن،...
سەڕاف مەزانۆ چوار گۆشە ماتە
بگیر بگیرە، سالات، سالاتە
ئاشۆی شارانەن شاخۆشین واتە
نوتقی ئەزەڵەن وە ڕۆزگاران
کۆهان مارگێرۆ دەشتان سواران
تەک بە ماران دەین نەک وە سواران
زەهری مار بیهتەر ژە نێزەداران
تەک وەماران دەین نیش وە ژارەوە
نەک ناموس وەدەس نێزەدارە
ماران موسوڵمان ڕای هەڤشناسەن
سواران کافر خودا نەشناسەن
غولغولە و ڕۆمات، خاقان و قەیسەر
چون مەلەخ گیرۆ سەرزەمین یەکسەر
زەنگی زەنگیان تاتارەی هۆکەش
ئەکراو ئەتراف تورکانی سەرکەش
نە ژێر باڵی هیند توغیانی عەسکەر
خێزو هەیاهوو نامداران یەکسەر
ژە شام تا حەڵەب، بەڵخ و بوخارا
ژە ئەترافی چین فەخفوور و دارا
گردا گرد جەهان فەرهەنگ وە ئەو ڕووس
بڵند بۆ ناڵەی سەدای تەپڵ و کوس

خورشتی پای نەعلی سمی ستووران
هیندگیر و فەرهەنگ ئێران و تووران

چاکاچاکی تێخ نامی نامداران
بەرق و رەعد و قرچ، قڕان سواران

چینی کەمەندان بەهرام سەرکەشان
قاژەی نەواکان تیر نە تەرکەشان

شەرارەی ئاتەش شۆنی ستاران
هەنگامەی نەبەرد تۆپ وقومپاران

هەیهات و گوردان بەرگی فولاد پۆش
تەلەبکاری رەزم، خوونی سیاوەش

گەرد و تۆز و تەم مەرکەبان ژە خاک
گیرۆ کەهکەشان، مەرتەبەی ئەفلاک

هەر جە هیندوستان تاوە فەرەنگی
ئاراستە مەیۆ چون تۆپی جەنگی

(یوم الحشر) بۆ نەچاڵەی قەزوین
چند هەزار عاڵە بگێڵۆ وەزین

چند هەزار عاڵە گێز ئەبلەق نیشان
بگێڵۆ وەزین بێ سەروسامان

هەفت شەو و هەفت رۆژ جەنگی دین مەبۆ
**ئاوی ئاسیاوان کوڵ وەخوین** مەبۆ

سووریٚ **ئیسرافیل** وەرووی ئەورەوە
**یاڵدار و باڵدار** نەچوار دەورەوە

تەختی زەڕنیشان شاهی بەگلەران
مەبۆ یورتگای سمی ستووران

ناڵەی شاه حەیدەر شەقەی زولفەقار
ژە هەر دەر، مەیۆ ساتێ چند هەزار

نە سوڵتانیە، قڕ بۆ سوڵتانان
نە زەنگان گیرۆ عەزیم دیوانان



کاسەی کەللەی سەر قەیسەر وەجام بۆ
پیاڵەی شەربەت مەجلیسی سام بۆ

تورکان ژە سەرین کوردان و دامان
وەپای سەهەندکۆ، سان دان غوڵامان

وە هەنگامەی تەنگ ئەوان یەلیشەو
قەوم باباخوشێن ئازاد پڕ جەو

نە هەر هەفت ئیقلم حوکمش ئیزهار بۆ
بوڵبوڵ جاڕ بدەی، دەور دەوری یاربۆ

مەشریق تا مەغریب بەندەر تا بەندەر
گرد بەبۆ بابوس شای ساقی کەوسەر

ئاوی سەڕافان رۆشنا زیهنان
دانە شناسان بینایی عەینان

شادیکەن شادیی عەجەب تەماشا
فیکری هەقق بکەن نییەن جای حاشا

خان ئەڵماس یەقین بکەرە باوەڕ
وەعدە تەمام بۆ جیهان بۆ یەکسەر

زیکری زبانم سەحەر تا وەشام
سەد سەڵوات وەڕویەوە جەماڵی مەولام

حەزرەتهەم عەلی وەلای وێش ئاوەرد
جە دە ساڵەگی ئیمانش ئاوەرد

تەرکی کێشی دین ئەبو  تالیب کەرد
عەلی وێش بەو تەور بەحەزرەت سوپەرد

کەس جە فرزەندش ئیمتیاز نەکەرد
خاتری حەزرەت خاکپای حەزرەت

رۆحی، وێش مەکەرد وە فیدای حەزرەت
حەزرەت هەم بەو تەور خەفی یا جەلی

هەر سات، سەدجار مەوات: یا عەلی
نەک بەزبان ئادابی رەسمی

له حمۆکه لەحمی، جیسمۆکه جیسمی
کەریمی کارساز تاکی تەنیای فەرد
(هل اتی) وەشان عەلی نازڵ کەرد
والیدەی عەلی فاتیمەی خۆشبەخت
جە ئەبو تالیب سوئال کەرد بەجەخت
واتش: جە عەلی نەداری خەبەر
جە دینی ئەجدا، وێش شییەن وەبەر!
جە دین و ئایین قەدیم ویەردەن
دینی محەمەد ئیختیار کەردەن
یە خەیلێ عەیبەن پەری شانی تو
فرزەندت وەیتەور ناخەلەف ببو
مەحکوومی ئایین نەکیشو وە کێش
بەربشۆ جە دین ئابادی وێش
تۆ بۆ بەحوکم لێش قبووڵ مەکەر
فەرما باوەران بدەش گاوسەر
ئەبو تالیب وات: وەسەن ئەفسانە
هەنی جەی فیشتەر ئەفسوون مەوانە
چون عەلی ئەمری خیلاف نەکەردەن
سوجدە بەخودای محەمەد بەردەن
بەخودا محەمەد دینی حەقق دراۆ
پەی چێش پێغەمبەر ئۆمەتەن ئارۆ
تا ئەبوتالیب یەکرۆ شیی وەبەر
شیی پەی دڵگەشای قەسری پێغەمەر
بزانۆ عەلی یەچێش مەشعوولەن
ئەسڵی عەقبدەش بە کام ئوسوولەن
حەزرەت جەو دەمدا جە نەخلەی شەریف
نەپای ئەو تەلار مەرتەبەی زەریف
چەنی شای مەردان ساعەت بەساعەت



ئاوا مەکەردەن نمای جەماعەت
ئەبو تالیب دیش حەیران مەند جە کار
پەرسا جە حەزرەت شای بوراق سوار
وات: یا محەمەد عەتری عەنبەر بۆ
یە چە سنعەتەن گر تەنت وەخۆ
حەزرەت دا جواب بەو گوفتارەوە
بەو رێزە رازان شەکەرە بارەوە
واتش: یا عەمی ئینە سەڵاتەن
جوبرەئیل ئاوەرد خوداوەند واتەن
رۆشنی ڕای چوڵ، جادە مەقامەن
سیحەتی ئیسپات ئەهلی ئیسلامەن
جە دنیا سیحەت جەستە و قامەتەن
مایەی ئازادی ڕووی قیامەتەن
هەم کلیدی قوڵف قاپی بەهەشتەن
سەرمایەی سەیران سەفا و گوڵگەشتەن
سابۆ تۆ هەم دین ئیسلام قبووڵکەر
ئیمان بەخودای لایەزەل باوەر
بەخودا مەنزوورم هەر ئیدەن ئەی عەم
بڵێسەی دۆزەخ بسۆزی وەنار
چەنی موشریکان تایفەی کوففار
ئەبو تالیب وات: دینت سەریحەن
فەرموودەت حەققەن قەولت سەحیحەن
بەڵام من جە دین ئابا و ئەجدادیم
بەر نموشۆم سا، هەرچی مەیۆ پێم
عەبدولموتەلیب هەر دینێ داشتەن
بەرزی مەزرەعە پەی من گوزارشتەن
تەبرئەم نییەت، من جە دینی ئەو
تا مەحشەر هەر هام وە ئایینی ئەو

بەڵام تۆ من هەم وەغەیر مەشمارە
دایم دینی وێت مەحکەم بدارە!
هەرچی جوبرەئیل حوکمش ئاوەردەن
خوداوەند وەتۆ چێش ئیزهار کەردەن
ئەمری حوکمی وێت تۆ وەجا باوەر
جەعەدوی قورەیش زەڕە خەوف مەکەر
جە گرووی دوشمەن هیچ نەبووت ئەندێش
کەس حەدش نییەن پا بنیۆ وەپێش
هەرتا من زیندە ڕووی سەر بیساتم
دایم پشتەبان پەشتی پەناتم
ئوموورراتی وێت حەسەب ئەغوای دڵ
مرادت تەمام گشت بکەر حاسڵ
فەرماش هەم عەلی دینش دینی تۆن
هام راز و هام قەول، هام نشین تۆن
مەبۆ جە ئەمرت بەر نەشۆ وەبەر
غولامی تۆ بۆ تا یەومەلحەشەر
جەعفەرم جە نۆ مازوون کەرد ئارۆ
دینی تۆ مەحکەم نیگا بدارۆ
عەقیل هەم مەردی شیرینی خۆم بۆ
ئەویچ هەم تابع دینی تۆ مەبۆ
بەتەقوییەتت وێم حەتەلمەقدور
کۆتاهیم نییەن جە نزیک تاوە دوور!



## فصل در بیان سال چهارم ازنبوت آنچه در آن سال واقع شده

شای خەتمی پەناه، سالاری سەروەر
دەستگیری دنیا ، شەفیعی مەحشەر
بەحسی نبووەت هەر پەنهان مەکەرد
وە مەخفیی دەعوەت، ساڵ وەسەر مەوەرد
سدیقی ئەکبەر، رازیی بۆ حەقق لێش
تەکلیف مەکەرد ئەو بەیارانی وێش
دایم پنهانی هەر شەب، تا بەشام
مەوانا بەشەوق داستان ئیسلام
سێ ساڵ وەی نەفەس تەمام گشت ویەرد
خەیلێ کەس نەڕای هیدایەت ئاوەرد
تاکە نازڵ بیی و بێ قوواقوە
ئایەی (فاصدع بما تأمروە)
حەزرەت، نبووەت، وێش ئاشکار کەرد
پەناهەم بەزات پاک ئەقدەس بەرد
دەس کەرد و تەبلیغ دەعوەتی یاران
سەدای بوزورگیش و یەرد جە شاران
هەر ساڵ دوو سێ کەس موسوڵمان مەکەرد
گومڕاهان نزای هیدایەت ئاوەرد
ئەوەڵجار موشرک تایفەی کوففار
هیچ کەس جە قەولش نمە کەرد ئینکار
گاه گاه وەلاشان تەشریف مەبەردش
پەرێ ئیمتیحان گوزەر مەکەردش
مەواتەن ئەی شەخس گردین بیی راغیب
ئیبنی عەبدوڵڵا عەبدولموتەلیب
ئەمری عەزیمی گرتەنش نەوەر
جە ئاسمانان مدەر وەخەبەر

چەو دەم خوداوەند تاکی تەنیای فەرد
بت وە بتپەرست یەکسەر مەعیوب کەرد
فەرما کافران دۆزەخ جاشانەن
شەیتانی لەعین رەهنماشانەن!
چەو دەم موشریکان گومڕای بێ خەبەر
یەکسەر بییەن دوشمەن گرووی پێغەمبەر
قەبیلەی قورەیش حەسەد مەبەردەن
یەکسەر تەمەننای قەتلّش مەکەردەن،
نەقلّەن جە حەزرەت عایشەی ئەنوەر
ئومەلمومنین سەدیقەی سەروەر
ئەو هەم جە حەزرەت روایەت کەردەن
پەوکەی ئاشکار تەمام بێ پەردەن
فەرما چون داشتەم یەک هامسایەی بەد
بەریی جە ئیمان جە گشت مەزهەب رەد
یەکی ئەبولەهەب سارقە البەیت
یەکێ، عەتبە بێ، بن ئەبی موقەیت
ئانە، ئەوان کەرد ئەوان کەردە بۆ
بێنێ وە کردەی وێشان وەردە بۆ
ئەو بەیانش کەم ئەو وەع و حالّەت
سا خەجالّەت بام سەدجار خەجالّەت
حەزرەت بەو حەیا هەر بەو نەرمەوە
بۆ لەفزی شیرین هەر بەو شەرمەوە
مەواتەن: ئەی قەوم بن عەبدولمەناف
دلّ جە هامسایی وێتان بکەن ساف
بەد هامسایەنی تا چەند مەبۆ چەند
بترسن جە قەهر زاتی خوداوەند
زولّمی کافران یاوا بەغایەت
ڕاویی هەم وەیتەور کەردەن روایەت!



واتش: یەک تۆبەت مەگێلاّم دلّخواز
دیم حەزرەت جە تاف مەوقی زیلحیجاز
من ماعەمەلەی ئەشیا مە کەردم
ئیبرازیمەم بێ چەنی ئەو مەردم
حەزرەت حوللەسەوز جە تەدارەک
وەستەبێ وەبان دۆشی موبارەک
وات: ئەی مەخلووق حەقق ئیدەن وەلّلا
نییەن غەیر جە (لا اله الا الله)
ئەسنامانی چۆب گشت نگوون سار کەن
بەوەحدانییەتی خودا ئیقرار کەن
شەخسێ جە شۆنش هەر وە عەزمی جەنگ
پەی پەی جە غەرەز پەرێش مەوست سەنگ
ئاخر هەوادا پارچە سەنگی سەرد
پاشنەی موبارەک حەزرەت مەجرووح کەرد
با وجوود نەقلّی کوفر خۆ کوفر نییەن
کوفر هەر شاملّ نەو گومڕا بییەن
وات: یانەی وێتان، هیچ خراپ مەکەن
هەرگیز گۆش وە قەول ئەو گومرا مەکەن
واتش: ئانە کێن ئی کارە کەردش!
ئیسمی محەمەد، بێ ئەدەب بەردش
واتشان: ئەبو لەهەبەن وەیتەور
برازادەش مەدۆ جەفا و جەور
مەکەرۆ وەیتەر و دایم تەکزیبش
شێونان جەلای مەردم تەرغیبش!
نەقلّەن هەم یەک ڕۆ، قورەیش جەم وەردەن
جە بەحسی حەزرەت مەشوورەت کەردەن
ئەوەلّجار هەر ئێد مەسلەحەت زانان
پەی ئەبوتالیب پەیغام کیانان

بوزورگانی قەوم خاتر پەڕ خارەن
ئارەزووی دیدەی تۆ ئینتیزارەن
تا ئەبوتالیب روخسەتدا پێشان
تەوازوعش کەرد، یەکیەک جە نیشان
واتەن: تۆ بوزورگ نەجابەت دارایی
تۆ سەیدی قورەیش بوزورگەواریی
بەڵ چون نەقڵەن جە ئیبنی ئیسحاق
قەبیلەی قورەیش گشت بەئیتیفاق
مەعلوومەن لێشان کە ئەبوتالیب
دەرحەقق بەحەزرەت کۆمەکەن غالیب
مەشغووڵەن دایم بە ریعایەتش
تاغییەن تەمام جە حیمایەتش
عەمارە نامێ نەجیب نەبیرە
شۆخی بن وەلید ئیبنی موغەیرە
پەسەندی مەجلیس حاس پەسەندان بێ
باش باڵادەس هونەرمەندان بێ
عەمارەشان پەی ئەبوتالیب بەرد
بەهەزار ئەنواع هەرهەم عەرزشان کەرد
واتەن: ئەی جەوان نادان وە نادانەن
قەومی قورەیش پەی تۆشان کیانانەن
تەنخوای محەمەد خزمەت کەرۆ پێت
تەواو بکەرە بەفەرزەندی ویت
محەمەد تەنخوای ئەو بدەر پیمان
تا قەتلش بکەین بەدەستی ویمان
چون خیلافی کیش دینی توش کەردەن
نامی خوداهان وە باتل بەردەن
عوقەلای قورەیش صغاودانا
ئەحیا و ئەموات گشت، دوزەخ زانا



لیل کەردەن مینای جامی ژینمان
نە فەرقش وستەن نەما بەینمان
عەوەزی مەردیی هەر مەردیی بی یەن
کەس جە عامارە مەعقوولتەر نی یەن!
ئەبو تالیب وات: هەر بەندە مەردەن
بەد خەیاڵی یەوەن پەی ویشان کەردەن
فرزەندی غەیرە وە من بسپاران
پەروەردەش کەرووم پەری رۆزگاران
من فرزەنندی وێم بدوم وپێشان
قەتلش بکەران وەدەستی وێشان
حەرف ئی خەیال ناوەردەن نەدل
موشکیلی وەی سەخت کەس نەکەردەن حەل
هیچ کەس ئەی خەیاڵ نەدڵ ناوەردەن
دیوانە سەودای وەیتەور نە کەردەن
جگەری وێت بدەر بکەراش پارە
وێت جەرگی مەردوم نیگا بدارە!
عەجیب سەلاحەت، عەجیب ئیلتیام
عەجیب گفت وگوی ئیزهاری پەیغام
وات: واچە بەقەوم ئەی خەیال خامەن
ئەجزای عەقلشان گشت ناتەمامەن
محەمەد ریشەی جگەر گوشەی من
یەک مووجە ئەندام ئەو مەلەک چارە
ئمەدەوش وە سەد هەزار عەمارە
ئەی مەتلەب نەدل بەرکەران وەبەر
هەرگیز پەی ئەوان ئمەبو مەیسەر
جەو دما مەتعەم بن غەزا جەنۆ
وات: ئەبو تالیب بە نەفعی پەی تۆ
وەڵڵا قەوم چەنیت سەلاحەت سازان
بەتۆ موکەددەر موبارز وازان

حورمەتی تۆ شان وەجا ئاوەردەن
سەلاح هەر ئیدەن ئی کارە کەردەن
ئەبو تالیب وات: جە ئەنساف دووری
قەسەت هەر ئیدەن دایم جەی کارە
چەنی قەوم ببین بە خوونەخوارە
محەمەد دایم هەر بەرقەرار بۆ
روجە رو فیشتەر هەر پایەدار بۆ
من تازیندەی رووی سەر زەمینم
هەر ئیدەن خەیاڵ ئەسڵی یەقینم
چەنی جوش وەتای ریشەی گیانەوە
ئمەدەوش وەدەس، دوشمنانەوە!
باقی ئەی مەتعەم مەعلووم بو وەتو
جە قەزا و قەدەر هەرچی مەعلووم بو
جەو دما قورەیش جە رووی نادانی
کەمکەم دەس کەردەن وە غەزارانی
تا بریا جە بەین حیلم و حەلاوەت
شەیتان مەحکەم کەرد پایەی عەداوەت
هەر قەبیلەیی جە بەرزە بانان
ئەزیەت مەدان بە موسولمانان
شەوان تا بە ڕۆ مەگرتەن کەمین
تا ئەهلی تاعەت هۆرگیلاْ جە دین
وەبێ بەهانە هەر مامان مەشین
دایم هەر جەویای قەتڵێ حەزرەت بین
بەلاّم خوداوەند تاکی تەنیای فەرد
بە ئەبو تالیب حەزرەت مەعلووم کەرد
واتش: ئەی عەشرەت بەبێ دلگەردی
مەعلووم بکەن پێم مەردیی و نامەردی
قەوم خەیال قەتڵی محەمەد داران
نەکەن ئەی عەشرەت جە رۆزگاران



چون رەحم جە بەین عەداوەت نی یەن
غیرەت پەی مەردان هەر قەدیم بی یەن!
محەمەد جەلای حەق بەر گوزیدەن
محەمەد حەبیب خودای نادیدەن
محەمەد شیوەش شەمسی خاوەرەن
جە مەلایکان شەرەفنا ک تەرەن
هەر کەس محەمەد بنواز و بەدڵ
وەڵلا موورداش زوو مەبۆ حاسڵ
یام هەر کەس چەنیش عەداوەت دارۆ
یەقینوە بەختش غەرەب مەوارۆ
مەبۆ هەم عەشرەت جە سەباقەتش
سابیت قەدەم بان جە حیمایەتش
قەومی بەنی هاشم غەیر ئەبولەهەب
یەکسەر، وەرد سەوگەند قەبیلەی عەرەب
تاکە یەک نەفەر جە ئیمە مەندەن
سەر جە بەندەگی محەمەد سەندەن
بەلام ئەبولەهەب گومرای کینە کیش
هەر موخالیف بی چەنی ریشەی ویش
تا (تبت یدا ابی لهب)ن
نازڵ بیی دەردەم ئایاتی موبین
حەی مەعلووم کەردەن حەماڵی خارەن
ئەبەدی دوزەخ جەزاش هەر نارەن

## فصل دربیان سال پنجم از نبوت واقع شده و چگونگی در رسالت ان سال»

جەو دما حەزرەت تا جبەشی شاهان
حەبیبی داوەر شای ئەنیباهان
پەردەی خەوفی شەرم جە مابەین ویەرد
حوکمی نبووەت وە عام ئیزهار کەرد
لە عنەت کەرد وەبت وە بت پەرستان
وە گرووی موشرک ئەهلی سەرمەستان
قورەیش دیویان چون ئاتەشپارە
پەی موسولمانان جە هەر کەنارە!
غەرەز وە هەر کەس فرسەت ماوەردەن
جە ئەهلی ئیسلام زەجر مەکەردەن
تا ئاخر حەزرەت شای خەیرەلئەنام
مەلوول بی داخ کەمدەسیی ئیسلام
فەرما: ئێوەکەم کافر بێ حیساب
مەبو خەلاسکەین وێتان جەی عەزاب
گوریز دەن جە قەوم قورەیشی سەرکەس
ئەمشەو هیجرەت کەین بشین وە حەبەش
بەعزێ موهاجیرە ئەوەڵ یازدە مەرد
چەنی چووار ژەن ئەو شەو هیجرەت کەرد
نیشتن جە کەشتیی بەرشین جە ئاوان
غەرەز تا بە مولک جەبەشە یاوان
تا سوورەی (والنجم اذاهوی) هەم
وەلای پیغەمەر نازڵ بیی جەودەم
حەزرەت سوجدە بەرد شوکرلڵا کەرد
موشریکان یەکیەک چەنیش سوجدە بەرد
پەی موهاجیران ئەی خەبەر بەردەن
واتەن موشریکان ئیمان ئاوەردەن



دیسان جە حەبەش هەم هیجرەت کەردەن
تەشریف پەی مەککەی شەریف ئاوەردەن
پەرساشان خەبەر جە راه و یاران
جە حەزرەت جە قەوم، ئەهلی بەدکاران
واتشان، بەل قەوم بەئیتتیفاق
سوجدە بەردشان یەکسەر بەنیفاق
محەمەد چون یاد خودای ئێمە کەرد
جەو بونە ئێمە هەم سوجدەمان بەرد
ئیستە قورەیشی عەداوەت داران
ئەر بگنو وەدەس یەکێ جە یاران
مەکەراش وەزبح پەرێ بتخانە
ەی واتەی مەخلوق دەوری زەمانە
ئاخر ناعیلاج خایف و زەعیف
عەودەت کەردشان وە مەککەی شەریف
هەر یەکێ ویش وست وە یانەی کەسی
هەر یەک پەنا بەرد وە سایەی شەخسی
ئیلا عەبدوللا بن مەسعوود نەبۆ
پەی مولکی حەبەش گیلاوە جەنۆ
دیسان هەم قورەیش هوجووم ئاوەردەن
بینای عەداوەت هەم تازە کەردەن!
دووبارە حەزرەت فەرماوا یاران
وە ئەهلی هیجرەت مەیحنەت گوزاران
مەزانوم هەر ئید بەد بەتەر مەبۆ
موراجەعەت کەن پەی حەبەش جەنۆ
بەر نەشین جە قەوڵ فەرموودەی حەزرەت
موهاجیر دیسان کەردشان هیجرەت
بەغەیر جە سیغار هەشتاد و دوو مەرد
چەنی یازدە زەوج شای مینای بێ گەرد

کۆچ کەردەن یەکسەر جەو زەید و ماوا
تاکە ئەو کەلە حەبەش هەم یاوا

## ((فصل در بیان مهاجرت دوباره به حبشەو چگونگی ان ساڵ و سزارسانیدن بەحضرت))

هەجری موهاجیر وە قورەیش یاوا
توی دەروونی جەرگ یەک یەک شکاوا
گشت بەئیتتیقاف نیسبەت بەحەزرەت
مدان بەساحیر هەم بەکەهانەت
گاهێ بەشاعر نامش مەبەردەن
گاهێ بە مەجنوون حیساب مەکەردەن
ئەشرافی قورەیش یەکسەر جە حەجەر
ئیجتیماع کەردەن چون جەمعی لەشکەر
واتشان: تاکەی جەبر و تەحەممول
داخی محەممەد مەبەرین وەگل
ئابرووی عیزەت خودایان گشت بەرد
ئەمواتمان گشت جە گور بەر ئاوەرد
عاقلان یەک یەک کەردەن دێوانە
شێونان شادیی بەزمی بتخانە
